پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

پارتی هێما و ناوەندێکە بۆ یەکگرتن و یەکڕیزیی ئیرادەی گەلی کوردستان





مین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

74

١٦ی ئابی ١٩٤٦ - ١٦ی ئابی ٢٠٢٠

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5988) دووشەممە 17ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

پەیامی جێگری سەرۆکی پارتی بۆ یادی ١٦ی ئاب

نێچیرڤان بارزانی: جەخت لە پاراستنی ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و بەکردەییکردنی فیدرالێزم لە عێراق دەکەینەوە



دوێنێ یەکشەممە ١٦ی ئابی ٢٠٢٠، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کودستان لە پەیامێکدا بەبۆنەی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتیدا بە ئاماژەدان بە رۆڵی پارتی لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی عێراق، جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور و بەکردەییکردنی فیدرالێزم دەکاتەوە.

لە پەیامەکەی جێگری سەرۆکی پارتیدا هاتووە «پارتی لەپێناوی مافە رەواکانی گەلی کوردستاندا دامەزراوە و خەباتی بۆ دیموکراسی و ئازادی و ڕێکخستنی سیستەمی سیاسی کردووە کە لە سایەیدا کوردستان سەرفراز بێت. لە ڕێگەی خەباتدا شانی داوەتە بەر هەموو سەختییەکان، ئێستاش ئەرکی پارتی و کادرانیەتی لە ڕێگەی حکوومەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانەوە، کار بۆ باشترکردنی ژیانی کوردستانییان و تێپەڕاندنی کێشە و قەیرانەکان بکەن، وەک هەمیشەش دەستپێشخەر و سەرمەشقی یەکریزی و تەبایی و پێکەوەکارکردنی لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان بن بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان».

(دەقی پەیامەکە لە ل٣ بخوێنەوە)

پارتی دژی هەموو بیرۆکە و عەقلییەتێک دەوەستێتەوە کە بیەوێ کیانی هەرێمی کوردستان لە مانا بەتاڵ بکاتەوە

دوێنێ یەکشەممە ١٦ی ئابی ٢٠٢٠، سەرۆك بارزانی بە بۆنەی یادی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، دامەزراندنی پارتی وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بووە قوتابخانەیەکی نیشتیمانی بۆ خەباتگێڕ و تێکۆشەرانی کورد. لە پەیامی سەرۆك بارزانی ئەوەش هاتووە: «ئەمساڵ یادی شازدەی ئاب لە کاتێکدا دەکەینەوە کە گەلەکەمان لە بەردەم تەحەددیات و کۆسپی گەورە دایە. ئێستا کوردستان لەگەڵ گرفتی ئابووری و تەندروستی و پیلانی جۆراوجۆری ناحەزاندا دەستوپەنجە نەرم دەکات. هەر ئەوەیشە وا دەکات ئەرکی پارتی و سەرکردایەتی و کەوادیر و ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە هەموو کاتێك قورستر بێت. لەپێناو تێپەڕاندنی ئەو دۆخە دژوارەدا پێویستە کاربەردەست و کەوادیری پارتی لە ناو جەماوەر و لە ئاستی چاوەڕوانیی جەماوەردا بن و ببنە هۆکاری چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی خەڵك. پێویست دەکات هەموو پارتییەك ئەوە لە یاد نەکات کە بەرپرسیارێتیی سەرەکیی پاراستن و پێشخستنی هەرێمی کوردستان لەسەر شانی ئەوە و دەبێ لەپێناو کوردستانێکی بەهێزدا خۆی لە هەموو کەسێك زیاتر ماندوو بکات».

دەقی پەیامەکە لە ل٢ بخوێنەوە

3

یەکێتی: پەیوەندیی دێرینمان لەگەڵ پارتی دەستکەوتی زۆری بۆ گەلەکەمان هەبووە

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیامێك بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنێرێت. لە پەیامەکەیدا، کە بەبۆنەی یادی 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی ناردوویەتی، مەکتەبی سیاسیی یەکێتی پیرۆزبایی لە مەکتەبی سیاسیی پارتی و ئەندام و لایەنگرانی ئەو حزبە دەکات. مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە پەیامەکەیدا جەخت لە گرنگیی شاندانە بەر بەرپرسیارێتییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان هەردوولا، دەکاتەوە.



8



تێکۆشەرو کەسایەتی ناسراو شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی:

مسعود بارزانی وەکو پێشمەرگە و کەسایەتییەکی سیاسی و سەربازی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە و هەیە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا ئێستاکەش لە هەموو کات زیاتر گەلی کورد پێویستی بەو کاریزمایە هەیە

4



دکتۆر دلاوەر ئازگەیی بۆ (خەبات):

ئەگەر هیوایەک هەبێت ئەوا لە ڤاکسینەکەی ئەوروپا دەردەکەوێت

سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە جیهان پێوەی سەرقاڵە، بەتایبەت پزیشکان و دەرمانسازان، کە بە شێوازێك کێبڕکێی گەورە بوونی هەیە تەو شانازیە مرۆڤایەتیان بەرکەوێ و هەروەها لە ڕووە ئابوورییەکەشی، لەمبارەیەوە دکتۆر دلاوەر ئازگەیی بە خەبات ڕاگەیاند، ڤاکسینە ڕووسیەکە داهاتوویەکی خراپی دەبێت.

خەڵکی گوندی کۆچۆ لە شەشەمین ساڵیادی کۆمەڵکوژییەکەیاندا بە دوای چارەنووسی ڕفێندراوانیان دان

5

پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

پارتی هێما و ناوەندێکە بۆ یەکگرتن و یەکڕیزیی ئیرادەی گەلی کوردستان

هەمیشە پارتی بووەتە نیشانە و ئامانجی پیلانی ناحەزان و نەیارانی گەلی کوردستان

پرۆسەی تەعریبی ناوچە کوردستانییەکان کە لە سەددەی بیستەم دەستی پێ کردبوو بە داخەوە ئێستایش بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە



پارتی دژی هەموو بیرۆکە و عەقلییەتێک دەوەستێتەوە کە بیەوێ کیانی هەرێمی کوردستان لە مانا بەتاڵ بکاتەوە

دوێنێ یەکشەممە ١٦ی ئابی ٢٠٢٠، سەرۆك بارزانی بە بۆنەی یادی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، دامەزراندنی پارتی وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بووە قوتابخانەیەکی نیشتیمانی بۆ خەباتگێڕ و تێکۆشەرانی کورد. لە پەیامی سەرۆك بارزانی ئەوەش هاتووە: «ئەمساڵ یادی شازدەی ئاب لە کاتێکدا دەکەینەوە کە گەلەکەمان لە بەردەم تەحەددیات و کۆسپی گەورە دایە. ئێستا کوردستان لەگەڵ گرفتی ئابووری و تەندروستی و پیلانی جۆراوجۆری ناحەزاندا دەستوپەنجە نەرم دەکات. هەر ئەوەیشە وا دەکات ئەرکی پارتی و سەرکردایەتی و کەوادیر و ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە هەموو کاتێك قورستر بێت. لەپێناو تێپەڕاندنی ئەو دۆخە دژوارەدا پێویستە کاربەردەست و کەوادیری پارتی لە ناو جەماوەر و لە ناستی چاوەڕوانیی جەماوەردا بن و ببنە هۆکاری چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی خەڵك. پێویست دەکات هەموو پارتییەك ئەوە لە یاد نەکات کە بەرپرسیارێتیی سەرەکیی پاراستن و پێشخستنی هەرێمی کوردستان لەسەر شانی ئەوە و دەبێ لەپێناو کوردستانێکی بەهێزدا خۆی لە هەموو کەسێك زیاتر ماندوو بکات.

لەو یادەدا جەخت لە پەیامی پێکەوەژیان و فرەلایەنی و ئاشتیخوازیی ناو خەڵکی کوردستان دەکەینەوە و ئەوە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی پارتی کە پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە ئایینیی و نەتەوەییەکانی کوردستان و ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستانیان بپارێزێت. لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدایش، پارتی بە درێژایی تەمەنی خەباتی سیاسیی خۆی،

خوازیاری دانوساندن و چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و لێکتێگەییشتن بووە. لە ئێستایشدا جەخت لە پەیڕەوکردنی هەمان نەهج دەکەینەوە و هاوکات هەموو هەوڵ و تێکۆشانی پارتی بۆ ئەوە دەبێت کە لەگەڵ تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەرانی تری کوردستان مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بچەسپێنێت و دژی هەموو بیرۆکە و عەقلییەتێك دەوەستێتەوە کە بیەوێ خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستان و شەراکەتی گەلی کورد لەناو دەوڵەتی عێراق پشتگوێ بخات. یانیش بیەوێ کیانی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی سەدسااڵ خوێنی سەدانهەزار شەهید و فرمێسکی سەدانهەزار دایکە شەهیدە، لە مانا بەتاڵ بکاتەوە. باشیش دەزانین ئەوەی ئێستا هەیە بە هیچ شێوەیەك لە ئاست قوربانیدانی بێهەژمار و، خەون و ئاواتی سەربەخۆیی گەلەکەماندا نییە. لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا بە بۆچوونی ئێمە لەگەڵ بەڕێز مستەفا کازمیی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق کە تێگەییشتنی بۆ دۆزی گەلی کوردستان هەیە، ئەو دەرفەتە هەیە کە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەر بکرێت و هەردوولا بگەینە ئەنجامی باش. ئەو دەستوورەی کە ئەگەر وەك خۆی جێبەجێ کرا با ئێستا زۆرێك لەو گرفتانە نەدەبوون کە لە نێوان هەولێر و بەغدادا هەیە.

لە یادی حەفتا و چوارساڵەی دامەزراندنی پارتیدا ئەوە بە بیر خەڵکی خۆشەویستی کوردستان دەهێنینەوە کە پارتی زادەی یەکگرتوویی ئیرادەی خەباتگێڕانی کورد بوو. پارتی لە ئەنجامی ئینشیقاق و دووبەرەکی لە دایك نەبووە بۆیە پارتی هێما و ناوەندێکە بۆ یەکگرتن و یەکڕیزیی ئیرادەی گەلی کوردستان. هەر لەو سۆنگەیەوە پارتی هەردەم ئامادەیە بۆ برایەتی و ئاشتی و یەکڕیزی چونکە بڕوای بەوەیە کە هەرچی سەرکەوتن و دەستکەوتی کە بۆ گەلی کوردستان هەبووە لە سایەی یەکڕیزی و تەبایی و برایەتیی نێوان لایەنە کوردستانییەکان هاتووەتە دی.

داوا لە پارتی و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکەم کە بە گیانی برایەتی و بەرپرسیارانە بە یەکەوە کار بکەن بۆ تێپەڕاندنی ئەو تەحەددیات و گرفتانەی بوونەتە هەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان. دەمەوێ جەختیش لەو بکەمەوە کە ڕاستە مووچە و ژیانی خەڵك زۆر گرنگە و دەبێ هەموو لایەك پێکەوە لە ڕێی چاکسازییەکی هەمەلایەنە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەوڵی چارەسەری کێشەکانی خەڵك و گوزەرانی ژیانی هاووڵاتیان بدەن بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا گرفتی بنەڕەتیی تری وەك پڕەنسیپی شەراکەت و جێبەجێکردنی دەستوور و ماددەی ١٤٠ و پێشمەرگە هەیە و هەروەها سیاسەتی پاکتاوکردن و گۆڕینی دیمۆگرافی، کە زۆر مەترسیدارە و قابیلی قبوڵ نییە. ئەمانە هەمووی ئەولەویەت و بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە و نابێ کێشەی گەلی کوردستان تەنیا لە موچەدا کورت بکرێتەوە. پرۆسەی تەعریبی ناوچە کوردستانییەکان کە لە سەددەی بیستەم دەستی پێ کردبوو بە داخەوە ئێستایش بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە. پێویستە ئەو پرۆسە ستەمکارانەیە بە زووترین کات ڕابگیرێت و چارەسەری ئەو تەعریب و پاکتاوکردن و گۆڕینی دیمۆگرافییەش بکرێت کە پێشتر لەدژی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کراوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم داوایش لە هێزە سیاسییەکانی کورد لە پارچەکانی تر بکەم کە ڕەچاوی دۆخی هەرێمی کوردستان بکەن و نەبنە هۆی ئەوەی زیان لە هەرێمی کوردستان بدرێت. چونکە چیتر خەڵکی هەرێمی کوردستان ناتوانن تەحەمولی زیان و بۆردومان و کێشەی تر بکەن. هەرێمی کوردستان خۆی گرفت و کێشەی تری هەیە و بەرگەی زیان و ئازاری زیاتر ناگرێت. بۆیە داوا لە وڵاتانی دراوسێ و هێزە کوردییەکان دەکەین ڕێز لە سەروەریی هەرێمی کوردستان و عێراق بگرن و هەرێمی کوردستان نەکەنە گۆڕەپانی ململانێیی خۆیان.

لە کۆتاییدا جارێکی تر ئەم یادە پیرۆزە لە هەموو پارتییەکان و خەڵکی سەربەرزی کوردستان پیرۆز دەکەم. ئەو وتەیەی جەنابی بارزانیی نەمر بە بیر هەموواتان دەهێنمەوە کە لە سەرکەوتنەکاندا لەخۆبایی نەبن و لە شکستەکانیشدا نائومێد نەبن. داوا لە هەموو پارتییەکان دەکەم ئیرادە و ئومێدتان بەهێز بێ چونکە ئێوە ئیرادە و ئومێد و هێزن بۆ هەموو خەڵکی کوردستان. پێویستە هەموواتان پشت و پەنای یەکتر و پشت و پەنای خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بمێننەوە. هەموو ئەوانەیش کە هەوڵی نەهێشتن و ڕووخانی پارتی دەدەن باش بزانن کە پارتی موڵکی گەلە و حزبی خۆنەچەماندنە و ناڕووخێت.

هیوای سەلامەتی و خۆشی بۆ هەموو هاووڵاتیانی خۆشەویستی کوردستان دەخوازم..

مسعود بارزانی

١٦ی ئابی ٢٠٢٠

سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی پیرۆز دەکات

بەڕێز جەنابی سەرۆك کاك «مەسعود بارزانی»
بەڕێزان: گشت ئەندامانی سەرکردایەتی، کادیر و تێکۆشەرانی پارتی دیموکرات.
سااڵوی پڕ لە خۆشەویستی پارتی سەربەستیی کوردستانتان لێ بێت.

بە نۆبەی خۆم و بە ناوی ئەندامان و هاوبیرانم لە پارتی سەربەستیی کوردستان، بەبۆنەی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتە تێکۆشەرەکەتان. پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی جەنابی سەرۆك کاك مەسعود بارزانی، و گشت ئێوەی نیشتیمانپەروەر لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین.

٧٤ ساڵ خەباتی پڕ لە هەوراز و نشێو، بینینی دەیان گەلەکۆمەو پیلانی مەترسیداری دوژمنان بە مەبەستی قڕکردنی نەتەوەکەمان، لە لایەن وڵاتانی داگیرکەرەوە، هەروەها لەو ٧٤ ساڵەدا بەرەنگاربوونەوەی چەندین ڕێژیمی جیاواز لە عێراقیشدا.

ئەمانە هەمووی ئەزموونێکی سەرکەتووی مانەوەی پارتێکی نەتەوەیی و خۆڕاگر پێشاندەدات، سەرەڕای ئەو هەموو ڕووداوانەی مێژوو، ئەم پارتە تێکۆشەرە هەر بە چۆکدا نەهاتوو، لە ئێستاشدا بە گەورەترین پارت لە گۆڕەپانی خەباتدا دەدەرەوشێتەوە.

ئەزموونی خەبات لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان، سەرەڕای بوونی ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانە، بوونەتە بەشێك لە کولتووری مێژووی تێکۆشانی پارتە خۆشەویستەکەتان، بە سەرۆکایەتی و لێزانینی ڕێبەری بە توانا کاك مەسعود بارزانی. هیواخوازین وهەرواش چاوەڕێ دەکرێت، کە لە دەستپێکی حەفتا و چوارساڵەی خەبات و تێکۆشانتان، گەرموگوڕییەکی زیاتر لە لایەن جەنابی سەرۆك بارزانی و هاوبیرانی ئەو ڕێبازە پیرۆزە، بدرێت بە خەباتی نەتەوەیی، لە پێناو ڕزگاریی یەکجاری گەلە بندەستەکەمان.

جارێکی دیکە یادی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرۆك و سەرکردایەتی، و گشت ئەندام و کادیر و پێشمەرگەکانی پیرۆزبێت.

عارف باوەجانی. سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان
٢٣ ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ ی کوردی. ١٣ / ٨ / ٢٠٢٠ ی زایینی

پارتی سەربەخۆیی کوردستان 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی پیرۆز دەکات

دەفتەری سیاسیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، لە پەیامێکدا بە بۆنەی ١٦ی ئاب، ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆز دەکات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بە ناوی کوردستانی گەورە
بەڕێز / جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی
هەڤاڵان و تێکۆشەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان

سااڵوێکی شۆڕشگێڕانە : بۆ بۆنەی ساڵیادی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی جەنابی سەرۆك بارزانی و هەموو هەڤاڵان ریزەکانی پارتی دیموکرات و لایەنگران و بنەماڵەی سەربەزی شەهیدان دەکەین. پارتی دیموکراتی کوردستان لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا لە پێناو ڕزگاری نەتەوەیی دەیان هەوراز و نشێو و قۆناغی سەخت و ناخۆشی بەپیوە بەڵام هیچ کات بۆ چرکەیەکیش شۆڕشەکەی نسکۆ و دابڕانی نەبووە، هەر ئەو شێڵگیر بوونە بۆتە بەردی بناغەی هێزێکی وەك پارتی بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی بدات. ئەوڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ناوچەیی و تەنانەت جیهانیش پارتی دیموکراتی کوردستان وەك هێزێکی سەرەکی و سەقامگیری کورد کە دەیان ساڵە ئەزموونی دەوڵەتداری بەرێدەکات بۆتە مایەی خۆشحاڵی و سەروەری بۆ گەلەکەمان و لە لایەکی تریش لە ژێر ڕێنوێنی و ڕێبەری جەنابی سەرۆك بارزانی هەنگاوەکانی پارتی بەرەو ئاراستەی دەستەبەرکردنی کاینەی سیاسی و سەربەخۆی کوردستان لە باشووری وڵات خۆی زەق کردۆتەوە کە لە ٢٥ سێپتامبر و پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە ئەمری واقع و لە ڕاستیدا بۆ یەکەم جار لەمێژوودا سەرۆك بارزانی ویست و ئیرادەی سیاسی ٥٠ ملیۆن کوردی بەسەر هەموو جیهاندا سەپاند و سەلماندی کە سەرۆکی ڕۆحی و مەعنەویی بڕاقی نەتەوەییە لە هەموو کوردستانی گەورە.

لە کۆتاییدا وێڕای پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دێموکراتی کوردستان لە هەموو لایەك، داوای هاوپەیمانی لە هەڤاڵانی پارتی دەکەین لەسەر بنەمای گوتاری هەزری نەتەوەیی و هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەی ئازیز و تەمەندرێژی بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەین .

دەفتەری سیاسی /پارتی سەربەخۆیی کوردستان
٢٠٢٠/٨/١٥

پەیامی جێگری سەرۆکی پارتی بۆ یادی ١٦ی ئاب

نێچیرڤان بارزانی: پێداگری لەسەر گرنگیی کارکردن لەسەر بنەماکانی سازان و هاوبەشی و هاوسەنگی لەنێوان تەواوی پێکهاتەکانی عێراق دەکەین

پارتی لەپێناوی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستاندا دامەزراوە و خەباتی بۆ دیموکراسی و ئازادی و ڕێکخستنی سیستمی سیاسی کردووە



دوێنێ یەکشەممە ١٦ی ئابی ٢٠٢٠، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا بەبۆنەی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتیدا بە ئاماژەدان بە رۆڵی پارتی لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی عێراق، جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور و بەکردەییکردنی فیدرالیزم دەکاتەوە. لە پەیامەکەی جێگری سەرۆکی پارتیدا هاتووە «پارتی لەپێناوی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستاندا دامەزراوە و خەباتی بۆ دیموکراسی و ئازادی و ڕێکخستنی سیستمی سیاسی کردووە کە لە سایەیدا کوردستان سەرفراز بێت. لە ڕێگەی خەباتدا شانی داوەتە بەر هەموو سەختییەکان، ئێستاش ئەرکی پارتی و کادرانیەتی لە ڕێگەی حکوومەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانەوە، کار بۆ باشترکردنی ژیانی کوردستانییان و تێپەڕاندنی کێشە و قەیرانەکان بکەن، وەك هەمیشەش دەستپێشخەر و سەرمەشقی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەکارکردنی لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان بن بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان».

لە یادی حەفتا و چوار ساڵەی دامەزراندنی پارتیاندا، بە ڕێزەوە یادی شەهیدانی نەمر دەکەینەوە کە لەپێناو ئازادیی کوردستاندا گیانیان بەخشی، دروود بۆ گیانی پاکیان و سڵاو بۆ خانەواده و کەسوکاریان و بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان دەنێرین. پیرۆزبایی لە جەنابی سەرۆك بارزانی، مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی، کادران، ئەندامان، لایەنگران و جەماوەری پارتیان دەکەین.

بە شکۆوە یادی ڕابەر و دامەزرێنەری پارتی، بارزانیی نەمر و تەواوی سەرکردە و تێکۆشەرە دێرینەکانمان دەکەینەوە کە وەك زەروورەتێکی مێژوویی پارتییان دامەزراند و تا دوا هەناسەیان لە کۆڕی خەبات و پێشمەرگایەتی بەردەوام بوون و ڕێباز و قوتابخانەیەکی خەباتیان بۆ کوردستان و نەوەکانی دوای خۆیان بەجێهێشت.

پارتی لەپێناوی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستاندا دامەزراوە و خەباتی بۆ دیموکراسی و ئازادی و ڕێکخستنی سیستمی سیاسی کردووە کە لە سایەیدا کوردستان سەرفراز بێت. لە ڕێگەی خەباتدا شانی داوەتە بەر هەموو سەختییەکان، ئێستاش ئەرکی پارتی و کادرانیەتی لە ڕێگەی حکوومەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانەوە، کار بۆ باشترکردنی ژیانی کوردستانییان و تێپەڕاندنی کێشە و قەیرانەکان بکەن، وەك هەمیشەش دەستپێشخەر و سەرمەشقی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەکارکردنی لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان بن بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان.

لەم یادەدا جەخت لە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری پارتی لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدرالی عێراق لەسەر بنەمای دەستوور و پاراستنی ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و بەکردەییکردنی فیدرالیزم دەکەینەوە، هەروەها پێداگری لەسەر گرنگی و پێویستیی کارکردن لەسەر بنەماکانی سازان و هاوبەشی و هاوسەنگی لەنێوان تەواوی پێکهاتەکانی عێراق دەکەین بۆ مسۆگەرکردنی ئارامی و سەقامگیریی سیاسی و پێشکەوتن لە وڵات.

لە کاتێکدا ئەم یادە دەکەینەوە، کە جیهان، ناوچەکە، عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە دۆخێکی سەخت و هەستیاردایە، کادران و ئەندامان و جەماوەری کۆڵنەدەری پارتیان لەگەڵ کوردستانییان بەرگەی سەختی و بارگرانییان گرتووە و بەردەوام درێژەپێدەری کاروانی خەبات و تێکۆشانن، لەم یادەدا سوپاسیان دەکەم، سڵاو و ڕێز و پێزانین بۆ خۆڕاگرییان، دڵنیام بە خۆڕاگری و تێکۆشانیان ئەم قۆناغە سەختەش تێدەپەڕێنین و بە ئومێدەوە بەرەو ئایندەیەکی باشتر هەنگاو دەنێین.

نێچیرڤان بارزانی
جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
١٦ی ئابی ٢٠٢٠

پەیامی پیرۆزبایی قوباد تاڵەبانی بۆ ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان



بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
بەڕێزان مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان

بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و هەموو ئەندامان و جەماوەری پارتی دەکەم، هیوای سەرکەوتنی زیاتریشتان لە کار و ئەرکەکانتان بۆ دەخوازم.

بەهیوام لە قۆناغی داهاتوودا بتوانین پێکەوە لە گەڵ لایەنە بەشداره‌کانی حکوومەتی هەرێم، زیاتر پەرە بە کاری هاوبەش بدەین لەپێناو پاراستنی دەسکەوتەکان و خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگانەی ئێستا ڕووبەڕوومان بوونەتەوە.

قوباد تاڵەبانی
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە پەیامێکدا بە بۆنەی ١٦ی ئاب، ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند «بەهیوام لە قۆناغی داهاتوودا بتوانین پێکەوە لە گەڵ لایەنە بەشداره‌کانی حکوومەتی هەرێم، زیاتر پەرە بە کاری هاوبەش بدەین لەپێناو پاراستنی دەسکەوتەکان و خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگانەی ئێستا ڕووبەڕوومان بوونەتەوە». ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

یەکێتی: پەیوەندیی دێرینمان لەگەڵ پارتی دەستکەوتی زۆری بۆ گەلەکەمان هەبووە



بەرێزان مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان

بە بۆنەی بیرەوەری حەفتاوچوار ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەناوی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە پیرۆزباییەکی گەرمتان لێ دەکەین و لەڕێی ئێوەشەوە پیرۆزبایی لە ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دەکەین. یەکێتیی بایەخی ئەو پەیوەندییە دێرینە تەئکید دەکاتەوە کە لەقۆناغەکانی ڕابردوودا دەستکەوتی زۆری بۆ گەلەکەمان هەبووە.

پێشمان وایە لەم هەلومەرجەی وڵاتەکەماندا باشترین بژاردە بۆ دەربازبوون لە قەیرانی سیاسی و ئابووری، جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی سیاسیی ڕۆژی (٢٠١٩/٣/٤) و گرتنەبەری هاوسەنگی و شاندانەبەر ئەرك و بەرپرسیارێتی نیشتمانیی و نەتەوەیی کە خۆی لە ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی ئیتحادیدا دەبینێتەوە بۆ دابینکردنی شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان و مووچە و گوزەرانیان. جارێکی تر پیرۆزە ...

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢٠٢٠/٨/١٦

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیامێك بۆ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنێرێت. لە پەیامەکەیدا، کە بەبۆنەی یادی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتی نارددوویەتی، مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی پیرۆزبایی لە مەکتەبی سیاسیی پارتی و ئەندام و لایەنگرانی ئەو حزبە دەکات. مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی لە پەیامەکەیدا جەخت لە گرنگیی شاندانە بەر بەرپرسیارێتییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان هەردوولا، دەکاتەوە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە یەکشەممە ١٦ی ئابی ٢٠٢٠، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا بەبۆنەی ٧٤ ساڵەی دامەزراندنی پارتیدا بە ئاماژەدان بە ڕۆڵی پارتی لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی عێراق، جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور و بەکردەییکردنی فیدرالیزم دەکاتەوە. لە پەیامەکەی جێگری سەرۆکی پارتیدا هاتووە «پارتی لەپێناوی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستاندا دامەزراوە و خەباتی بۆ دیموکراسی و ئازادی و ڕێکخستنی سیستمی سیاسی کردووە کە لە سایەیدا کوردستان سەرفراز بێت. لە ڕێگەی خەباتدا شانی داوەتە بەر هەموو سەختییەکان، ئێستاش ئەرکی پارتی و کادرانیەتی لە ڕێگەی حکوومەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانەوە، کار بۆ باشترکردنی ژیانی کوردستانییان و تێپەڕاندنی کێشە و قەیرانەکان بکەن، وەك هەمیشەش دەستپێشخەر و سەرمەشقی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەکارکردنی لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان بن بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان.

لەم یادەدا جەخت لە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری پارتی لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدرالی عێراق لەسەر بنەمای دەستوور و پاراستنی ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و بەکردەییکردنی فیدرالیزم دەکەینەوە، هەروەها پێداگری لەسەر گرنگی و پێویستیی کارکردن لەسەر بنەماکانی سازان و هاوبەشی و هاوسەنگی لەنێوان تەواوی پێکهاتەکانی عێراق دەکەین بۆ مسۆگەرکردنی ئارامی و سەقامگیریی سیاسی و پێشکەوتن لە وڵات.

لە کاتێکدا ئەم یادە دەکەینەوە، کە جیهان، ناوچەکە، عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە دۆخێکی سەخت و هەستیاردایە، کادران و ئەندامان و جەماوەری کۆڵنەدەری پارتیان لەگەڵ کوردستانییان بەرگەی سەختی و بارگرانییان گرتووە و بەردەوام درێژەپێدەری کاروانی خەبات و تێکۆشانن، لەم یادەدا سوپاسیان دەکەم، سڵاو و ڕێز و پێزانین بۆ خۆڕاگرییان، دڵنیام بە خۆڕاگری و تێکۆشانیان ئەم قۆناغە سەختەش تێدەپەڕێنین و بە ئومێدەوە بەرەو ئایندەیەکی باشتر هەنگاو دەنێین.

نێچیرڤان بارزانی
جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان
١٦ی ئابی ٢٠٢٠

بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان

بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و هەموو ئەندامان و جەماوەری پارتی دەکەم، هیوای سەرکەوتنی زیاتریشتان لە کار و ئەرکەکانتان بۆ دەخوازم.

بەهیوام لە قۆناغی داهاتوودا بتوانین پێکەوە لە گەڵ لایەنە بەشداره‌کانی حکوومەتی هەرێم، زیاتر پەرە بە کاری هاوبەش بدەین لەپێناو پاراستنی دەسکەوتەکان و خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگانەی ئێستا ڕووبەڕوومان بوونەتەوە.

قوباد تاڵەبانی
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

بەرپرسی نوێی ئۆفیسی کۆنسوڵگەری ژاپۆن لە هەرێمی کوردستان سەردانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دەکات



بە بۆنەی دەستبەکاربوونی وەك بەرپرسی نوێی کۆنسوڵگەری ژاپۆن لە هەرێمی کوردستان، خاتوو یۆشیکۆ ناگایاما بۆ بەرەودان بە پەیوەندییەکانی ئۆفیسی کۆنسوڵگەری وڵاتەکەی لە هەولێری پایتەخت و مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ك) یەکەم دیداری لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەرەوە ئەنجام دا و بەگەرمی لەلایەن هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەب و ژمارەیەك لە ستافی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ك) پێشوازییان لێ کرا.

هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەخێرهاتنی خاتوو ناگایاما کرد وەك کۆنسوڵی نوێی ژاپۆن لە هەرێمی کوردستان و پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لێکردن و هەموو هاوکاری و هەماهەنگییەکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ك) بۆ سەرکەوتنی کار و پرۆژەکانیان لە هەرێمی کوردستان پێشان دا. کۆنسوڵی نوێی ژاپۆن لە هەرێمی کوردستانیش سوپاسی هاوکاری و پەیوەندییەکانی دۆستانەی نێوان گەل و حکوومەتی ژاپۆن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کرد بەتایبەتی لە ١٤ ساڵی ڕابردوو دا حکوومەتی ژاپۆن پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا فراوانتر کردووە وهاوکاریی دارایی و تەکنیکی بەتایبەتی لە بواری ئاو و کارەبا و چەندین کەرتی تر دا پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کردووە، هەروا لە ساتە وەختە سەختەکانیش دا کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیران و شەڕی بۆتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی تێکشکاندنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە کوردستان، وڵاتی ژاپۆن و ڕێکخراوەکانی خێرخوازی و ناحکوومییەکانی هاوکاری مرۆییان پێشکەش بە ئاوارە و لێقەوماوانی هەرێمی کوردستان کردووە. خاتوو یۆشیکۆ ناگایاما، خۆشحاڵی خۆشی بە کۆبۆنەوەکە لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ك) و دەستبەکاربوونی وەك کۆنسوڵی نوێی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان پێشان دا و هیوای خواست بەردەوامی و گەشەی زیاتر بە پەیوەندییەکانی ژاپۆن لەگەڵ گەڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدەن لە هەموو ئەو بوارانەی سودبەخشن بۆ بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان هەردوو لا دا.

پارتی دێمۆکراتی کوردستان
KDP
1946
PARTIYA DEMOKRATA KURDISTANÊ
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
KTP

بروسکەی پیرۆزبایی

بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

لە لایەن خۆمان و هەموو ریزەکانی کۆمەڵەوە پیرۆزبایی ١٦ ئاب و ٧٤ مین ساڵوەگەڕی حیزبە تێکۆشەرەکەتان لێدەکەین. هیواداریین ئەو بۆنەیە ببێتە هۆی یەکریزی نەتەوەیی زۆرتری گەلی کورد و چەسپاندنی دیموکراسی. لێرەوە سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی هەموو گیانبەختکردوانی پارتی و سەری ڕێز بۆ بنەماڵەی بەڕێزیان دادەنوێنین.

کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
١٦ ئابی ٢٠٢٠ زایینی

OCIA
ADVOCACY FORUM
2020
نووسینگەی ڕێکخەری
ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان
حکومەتی هەرێمی کوردستان

دیندار زێباری:

پێویستە ڕاپۆرتەکانی هیومان رایتس ووچ زیاتر واقعی بن و پشت بە بەڵگەی دروستو و بابەتیانە ببەستن

ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/٧ ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ ڕاپۆرتێکی دەربارەی عێراق بە گشتی ئاراستەی لیژنەیەکی نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ کردووە، لەم ڕاپۆرتەدا وردەکاریی خستۆتەڕوو دەربارەی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەر لەوەی لیژنەی ناوبراو ڕاپۆرتی خۆی لە نەتەوەیەکگرتووەکان پێشکەش بکات لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٠. نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕاپۆرتی ناوبراو ئەم بەیاننامەیەکی دەرکرد ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

هیومان رایتس ووچ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە یەك ئاراستە کار دەکەن و ناکرێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان وا وێنا بکرێت کە لە دیوێکی هەڵەدایە سەبارەت بە پابەندبوون بە بەهاکانی نێودەوڵەتییەکان، چونکە حکوومەتی هەرێم پاڵپشتی لە بوونی چالاکوانان دەکات و هەماهەنگییان لەگەڵدا دەکات لەو ڕووەوە، هەروەها ئەرکی پاراستنیان لە ئەستۆ دەگرێت و ئازادن لە دەربڕینی بیروڕا و ڕەخنەکانیان و هاتنی گفتوگۆ دەدات لەگەڵیان.

لەم سونگەوە پێمانوایە پێویستە ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ پابەند بێت بە بنەما سەرەکییەکان وەك پشت بەستن بە زانیاری ڕاست و دروست و واقعی لە ڕاپۆرتەکانیدا بەتایبەتی دەربارەی ئەنجامدانی پێشێلکارییەکان.

پێویستە ئاماژە بەو یاسا و ڕێنماییانە بکرێت کە لە هەرێمی کوردستان دەڕچوونە و حکوومەت پێوەی پابەندە لە بواری مافەکانی مرۆڤ لە کاتێکدا ڕاپۆرتەکە باس لە دەستگیرکردنی زۆرەملێ و ئەشکەنجەدان دەکات، حکوومەتی هەرێم ئەم دەنگوباسانە ڕەت دەکاتەوە، چونکە دامودەزگا ئەمنییەکان بەپێی فەرمانی دادوەر و ڕێوشوێنی یاسایی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو گومانلێکراوان دەستگیر دەکات و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

بەو پێیەی ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ بە ئازادی لە هەرێمی کوردستان کار دەکات، پێویستە دیدێکی واقعیانەی دەربارەی ڕەوشی هەرێمی کوردستان هەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە و ئەو هەنگاوانەی کە لە بواری حوکمڕانی بەدی هاتوون لەبەرچاو بگرێت. هەروەها ئەو لێدوان و ڕوونکردنەوانە بە هەند وەربگرێت کە لە حکوومەتی هەرێمەوە دەردەچن یان ڕاستەوخۆ ئاراستەیان دەکرێن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام پابەندبوونی خۆی بە بنەما و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان دووپات کرۆدتەوە و ئامادەیی گشت هاوکاری و هەماهەنگییەکە لەو ڕووەوە. پێویستە ئەو ڕاپۆرتانە لەلایەن هیومان رایتس ووچ و ڕێکخراوەکانی دیکەوە دەردەچن زیاتر بابەتی بن، چونکە بەشێك لە ڕاپۆرتەکان بە ئاشکراو بە بێ بوونی بەڵگەی دروست بڵاودەکرێنەوە، هیوادارین هیومان رایتس ووچ گۆڕانکاری ورد و قوڵ بە ڕاپۆرتەکەیاندا بکەن بە جۆرێك کە زیاتر واقعی بێت و پشت بە بەڵگەی دروست و بابەتیانە ببەستێت.

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان
حکومەتی هەرێمی کوردستان

بە چاودێری ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

وێستگەی گۆڕینی کارەبای شیروان مەزن لەلایەن کچی شەهید زێڕۆ حەسەن لێلۆکی ئیشپێکرا





شێروان مەزن: هاوار مورتکەیی

بە چاودێری ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێورەسمێکدا پێش نیوەڕۆی دوێنێ ٢٠٢٠/٨/١٦ بەئامادەبوونی ئەندازیار کەمال محەمەد سالح وەزیری کارەبا و دکتۆر فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و مەلاستەفا بارزانی و ئەندازیار حوسین حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر و ژمارەیەك لە بەرپرسانی ئیداریی دەفەرەکە، (وێستگەی گۆڕینی کارەبای شیروان مەزن و پرۆژەی هێڵی پاڵەپەستۆی بەزری گواستنەوەی کارەبا و دەرکردنی فیدەرەکانی دابەشکردنی کارەبا) لەشیروان مەزن لەقەزای میرگەسۆر بەدەستی کچە شەهیدێك کرایەوە.

ئەم پرۆژەیە کە لەلایەن هەردوو کۆمپانیای شاندزو مەلەکی لوبنانی و وەزارەتی کارەبا بونیاتنراوە، تێکڕای تێچوونی دامەزراندنی هەرسێ پرۆژەکە (٧٣٥٧٨٠٠) حەوت ملیۆن و سێ سەدو پەنجاو حەوت هەزار و هەشت سەد دۆلاری ئەمەریکی یە.

لەو ڕێورەسمەدا وەزیری کارەبا وێڕای سوپاسی مەلا مستەفا بارزانی بۆ خەمخۆری و هاوکاریی لەبونیاتنانی وێستگەکەدا، سوپاسی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە ئەمڕۆ لەژێر چاودێری بەڕێزیان پرۆژەیەکی گرنگی وێستگەی گۆڕینی کارەبا و ڕاکێشانی هێڵ و دەرکردنی فیدەرەکانی جێبەجێکرا، ئەمە وێڕای ئەوەی جەنابیان ڕەزامەندی دەربڕیوە بۆ جێبەجێکردنی زۆربەی پلانەکانی وەزارەتی کارەبا و ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر لەپارێزگا و شار و شارۆچکەکانی کوردستان ، ئەم پرۆژەیەش کە لەسێ بەش پێکهاتووە بۆ خەڵکی دەڤەرەکە گرنگی خۆی هەیە چونکە ڕۆڵی دەبێت لەچارەسەرکردنی گرفتی ڤۆڵتییە و بارزۆریی سەر وێستگەو محاویلەو تۆڕی کارەبای تەواویی دەڤەرەکە و لەماوەیەکی نزیکیشدا تەواویی فیدەرەکانی دیکەی وێستگەکە جێبەجێ دەکرێت.

دواتر دکتۆر فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر لەوتەیەکیدا سوپاسی سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی کارەبا و خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی خەڵکی شاری هەولێری خۆشەویست کرد کە پاڵپشتی هەوڵەکانی چاکسازیی بوون و پێکەوە بەسەدان گرفتی سەرپێچی سەر تۆڕەکانی کارەبایان چارەسەر کرد، هەروەها پارێزگاری هەولێر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە لەم ڕۆژەداو سەرەڕای قەیرانی دارایی و کۆرۆنا توانرا وێستگەیەکی وا گرنگ بەگەڕ بخرێت و ئاماژەی بەو پرۆژانەی دیکەی وەزارەتی کارەبا کرد کە لەم ماوە کورتەی کابینەی نێومدا جێبەجێکراوە و لەچەند هەفتەی داهاتوودا ژمارەیەکی دیکەی پرۆژەکانی کارەبا بەگەڕ دەخرێت، هەروەها داوای پاڵپشتی زیاتری وەزارەتی کارەبا کرد بۆ ئەوەی هەمووان پێکەوە لەم کابینەیەدا چارەسەری یەکجارەکی کێشەی کارەبا بکەن.

هەر لەو ڕێورەسمەدا غەفور ئەحمەد قایمقامی میرگەسۆر بەناوی خەڵکی دەڤەرەکەوە سوپاسی سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی کارەبایان کردوو ئاماژەیان بەگرنگی ئەم وێستگەیە کرد لەدەڤەرەکەیاندا کە تاراددەیەکی زۆر ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی گرفتی ڤۆڵتیە و بارزۆری سەر تۆڕی کارەبای ناوچەکەیان دەبێت و بەتەواوکردنی پرۆژەکانی دیکەش گرفتی کەمی بڕی کارەبا و دابەشکردنی بەتەواوەتی ڕوو لەچارەسەرکردن دەکات .

بەڕێوبەرەی کۆمپانیای شاندز لەلایەن خۆیەوە لەوتەیەکیدا سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری کارەبا و پارێزگاری هەولێری کرد کە هاندەرو پاڵپشتیان بوون بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژە گرنگە لەماوەیەکی کەمدا و بەکوالێتیەکی بەرز و سەرکەوتوو.

لەکۆتایی ریورەسمەکەدا وێستگەکە لەلایەن ڕەیان کچی شەهید زێڕۆ حەسەن لێلۆکی ئیشپێکرا .

ڤاکسینەکەی ڕووسیا کاریگەر نییە و تەنها بۆ ناوبانگ و ڕاگەیاندنەکانە

دکتۆر دلاوەر ئاژگەیی بۆ (خەبات): ئەگەر هیوایەک هەبێت ئەوا لە ڤاکسینەکەی ئەورووپا دەردەکەوێت



سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە جیهان پێوەی سەرقاڵە، بەتایبەت پزیشکان و دەرمانسازان، کە بە شێوازێك کێبڕکێی گەورە بوونی هەیە ئەو شانازیە مرۆڤایەتیان بەرکەوێ و هەروەها لە ڕووە ئابووریيەکەشی، لەمبارەیەوە دکتۆر دلاوەر ئاژگەیی بە خەبات ڕاگەیاند، ڤاکسینە ڕووسیەکە داهاتووێکی خراپی دەبێت.

دکتۆر دلاوەر ئاژگەیی، وێڕای ئەوەی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە پەرلەمانی ئەورووپا، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بواری دەرمانسازی لە زانکۆی کۆپنهاگن، لە گفتوگۆیەکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات دەربارەی ڤاکسین و چارەسەری ڤایرۆسی کۆرۆنا گوتی:

- ڤاکسینەکەی ڕووسیا کاریگەر نییە و تەنها بۆ ناوبانگ و ڕاگەیاندنەکانە،

کاتێ دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، ڕووسیا پێگەی نێودەوڵەتی خۆیان لە دەستداوە بۆیە ئێستا دەیانەوێ خۆیان بە ڕزگارکەری مرۆڤایەتی دەربخەن .

ناوبراو گوتیشی: ئەو ڤاکسینە ڕووسیە تەنها لە ڕاگەیاندنە عەرەبییەکانەوە زەق کرایەوە، هەموو زانیارییەکانی ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی بە کەموکوڕی یاخود بە هەڵە دێت، بە داخەوە دەبێتە بناغەی هەڵە بۆ ڕاگەیاندنە کوردییەکانیش، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەو ٢٨ ڤاکسینەی کە لە ئاستی دوونیا ئیشی لەسەر دەکرێت، ڕووسیەکە لە ستەیجی یەکەمە، خۆی ستەیجی سێیەم جۆرە یاساییەکەیەتی، بۆ ئەمە ڤاکسینەکەی یەکێتی ئەورووپا لە پەرلەمان شێوە یاساییەکەی پێ بەخشرا، دوای ئەوەی قۆناغە زانستییەکانی بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند.

ئەو پزیشکە کوردە بۆ خەبات گوتیشی: هەر دەرمانێك ئەو ئەورووپا و ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ژاپۆن دروستی بکات، جێی متمانەیە، ئەو ڤاکسینە ئەورووپییە ڕەنگە مانگی ١٠ی ئەمساڵ دەگاتە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا، کە زانکۆی ئۆکسفۆرد و زانکۆی ئەورووپا پێکەوە بەرهەمیان هێناوە .

دکتۆر ئاژگەیی گوتیشی: ئەورووپا ٤٠٠ ملیۆن پێکوتەی ئامادە کردووە بۆ تەواوی دانیشتوانی ئەورووپا، بۆ کوردستانیش ڕەنگە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ بگات، ئەگەر وەزارەتی تەندروستی عێراق بیکڕێت، بەڵام ئەگەر بێت پشت بە پێکوتەی ڕووسیا ببەستێ تووشی هەڵەی گەورە دەبێت..

دکتۆر دلاوەر ئاژگەیی گوتیشی : ئەم ڤاکسینەی ئەورووپا بۆ مەسەلەی بازرگانی بەکار نایەت، راستە بۆ پێگەی مرۆڤایەتی خۆیان حەز بکەن وەك یەکەمین کیشوەر ئەم ڤاکسینەیان دۆزیوەتەوە، بەڵام یەکێتی ئەورووپا سەدان ملیۆن یۆرۆی تەرخان کردووە، بۆ ئەوەی ڤاکسینەکە بە پەلە دروست بکەن ..

ئاژگەیی دواجار گوتی: ئەگەر هیوایەك هەبێت ئەوا لە ڤاکسینەکەی ئەورووپا دەردەکەوێت، ڕووسەکان تەنها بۆ ناو وا دەکەن و ئەمەریکاش بۆ مەبەستی هەڵبژاردن، بەڵام وەك دەبینرێت ڕێژەی مردن بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەم بۆتەوە لەگەڵ سەرەتا، ئەو ئانتی ڤایرۆسە کە هەردوو زانکۆی ئۆکسفۆرد و ئەورووپا دروستیان کرد، ئێمەش وەك نوێنەرایەتی یەکێتی ئەورووپا داوامان کردووە پشکێك بۆ کوردستان دابنێن و کە نەك وەك ڤاکسین بکار دێت، بەڵکو چارەسەرە، ئەو کۆمپانیایە وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە کە دیراسەی داواکەمان دەکەن، چونکە ئەوان لە ژێر فشارن و زۆربەی وڵاتان چاوەڕێن نۆرەیان بێت.

لە (74) ساڵەی دامەزراندنی پارتیماندا، جەخت لەسەر یەک گوتاری و تەبایی لایەنە سیاسیەکان دەکەینەوە

تا ئێستا ٥١٧ دانیشتووی گوندی کۆچۆ رفێندراون و چارەنووسیان دیار نییە

خەڵکی گوندی کۆچۆ لە شەشەمین ساڵیادی کۆمەڵکوژییەکەیاندا بە دوای چارەنووسی رفێندراوانیان دان

قوربانیانی کۆمەڵکوژی گوندی کۆچۆ بە یادکردنەوەی ئەو کارەساتەی کە ساڵی ٢٠١٤ بەسەریاندا هات، تا ئێستاش بە دوای چارەنووسی قوربانیانیاندا دەگەڕێن. گوندی کۆچۆ بە ١٨ کیلۆمەتر لە باشووری قەزای شنگال هەڵکەوتووە کە شەش ساڵ لەمەوبەر گەورەترین کومەڵکوژیی لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە بەرامبەر دانیشتوانی ئەو گوندە کە ژمارەیان هەزار و ٧٤٠ کەس بوو ئەنجامدرا و ٤٨٠ پیاویان کوشت و تا ئێستا چارەنووسی زیاد لە ٥٠٠ کەسیان دیار نییە. دانیشتوانی پێشووی گوندی کۆچۆ کە ئێستا نیشتەجێی کەمپی قادیا لە زاخۆ رۆژئاوای پارێزگای دهۆک، شەشەمین ساڵیادی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکانی دانیشتوانی گوندەکەیان بەرز راگرت.



رزگاربوویەکی کۆمەڵکوژییەکەی کۆچۆ: ئێمەیان بردە قوتابخانەی گوندەکە، پیاوەکانیان هەر لەوێ کوشت و ئێمەشیان برد

لینا ئەمین ساڵێ یەکێک لە کچە ئێزدییە رزگاربووانی کۆمەڵکوژییەکەی کۆچۆ باس لەو کاتە دەکات کە گوندەکەیان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە گەمارۆ دەدرێت، دەڵێت: رۆژی ١٥ی تەباخ گوندەکەمان لە لایەن داعشەوە دۆرپێچ کرا. ئێمەیان بردە قوتابخانەی گوندەکە. پیاوەکانیان هەر لەوێ کوشت و ئێمەیان برد. ئەو دەشڵێت کە دواتر بردوویانن بۆ مووسڵ و پێنج رۆژ لە مووسڵ ماونەتەوە و دواتر لەگەڵ کچە مامەکەی بردوویانن بۆ شوێنێکی دیکە.

لینا دەشڵێت: ئێمەیان برد بۆ ماڵی کەسێکی مەسیحی لە ناوچەی رۆشنبێری لە شاری مووسڵ کە ژمارەیەک تیرۆریستی داعشی تیادا نیشتەجێبوون. ئەو لەگەڵ گێزانەوەی بەسەرهاتەکانی دەڵێت، دوای ئەوەی لەگەڵ چوار ئافرەتی دیکە بۆیان دەردەکەوێت کە لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش، چارەنووسیان کەنیزەکردن دەبێت، بەڵام لە ماڵە مەسیحییەکەدا و لەو کاتەدا کە تیرۆریستانی داعش لە ماڵەکەدا نامێنن، دەرفەتێکی باشیان بۆ هەڵاتن بۆ دەرخسێت.

لینا ئەمین ساڵێ لەگەڵ دوو ئافرەتەکەی لە ماڵەکەدا هەڵدێن و خۆیان دەگەیەننە ماڵ ئافرەتێکی دانیشتوی ناوچەی رۆشنبیری و دواتر بە یارمەتی ژمارەیەک کەسی دانیشتوی مووسڵ خۆیان دەگەیەننە پارێزگای کەرکووک و پاشان دەچنە پارێزگای دهۆک. ژمارەیەک لە رفێندراوانی کۆچۆ تا ئێستاش چارەنووسیان دیار نییە و گوندەکەش وەک وێرانەیەک ماوەتەوە و دانیشتوانەکەشی تا ئێستاش لە کەمپەکانی پارێزگای دهۆک ژیان بەسەر دەبەن و لە چاوەڕوانی دۆزینەوەی کەسوکار و ئاوەدانی گوندەکەیاندا دەژین.

لە میانی یادکردنەوەکەدا، پێشنگایەکی تایبەت بە قوربانیانی کۆمەڵکوژییەکە داگیرسێندران. بەڕێوەبەری بنگەی تەندروستیی لە گوندی کۆچۆ، سالّح قاسم گوتی: من یەکێک لە رزگاربووانی ئەو گۆڕەبەکۆمەڵانەم کە داعش بەرامبەر دانشتوانی گوندی کۆچۆ ئەنجامیدا کە ژمارەیان نزیکەی هەزار و ٧٤٠ کەس بوو.

سالّح قاسم دەشڵێت: ئەو هەزار و ٧٤٠ کەسە لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە بران بۆ یەکێک لە قوتابخانەکانی گوندی کۆچۆ و دواتر ئافرەت و کچەکانیان وەک کەنیزە بردن و پێشنیازیان بۆ پیاوان و گەنجانیش کرد کە خۆیان رادست بکەن و لەڕێز ئاسایشی دەوڵەتی ئیسلامییدا دەبن وەک رێکخراوی داعش بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵام ئێزدییەکان خۆڕاگربوون و دواتر سەرکهۆزەکەمان گوتی ئێمە ئێزدین و پێشنیازەکەتان رەت دەکەینەوە و پابەندین بە ئایینەکەی خۆمان، پاشان ئەمیرەکەی داعش فەرمانیدا بە کۆکردنەوەی پارە و ساماڵ و گرتنی خەڵکی گوندی کۆچۆ. ئەو گوتیشی: دوای ئەوە پیاوانی و گەنجانی گوندی کۆچۆ لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە بە دووری ٣٠٠ کیلۆمەتر بران بۆ رۆژهەڵاتی گوندەکە کۆمەڵکۆژ کران، ئەوە بە گەورەترین تاوانی کۆمەڵکوژی لە عێراق دەرهەق بە کوردانی ئێزدی دادەندرێت. سالّح قاسم راشیگەیاند کە دوای ئەنجامدانی تاوانە کۆمەڵکوژییەکە، تیرۆریستانی داعش هەڵاتن و لەو تاوانە کۆمەڵکوژییە خۆی و سێ کەسی دیکە رزگاریان بوو کە ئەو بە بریندارای لەگەڵ سێ رزگاربووەکەی دیکە خۆمان گەیاندووەتە چیای شنگال و دواتر بەمەبەستی چارەسەرکردن چوونەتە سووریا و دوای تەواوکردنی چارەسەرەکەیان هاتوونەتەوە پارێزگای دهۆک.

لە ١٥ی ئابی ٢٠١٤ گوندی کۆچۆ لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە گەمارۆ درا و خەڵکی گوندەکەیان دەستگیر و دواتر ئافرەت و پیاویان لێک جیا کردنەوە و ژنان و منداڵانیان بۆ شارەکانی ڕەقە و مووسڵ کە لە ژێر دەستی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بوو گواستەوە. داعش لە دەرەوەی گوندی کۆچۆ لە تەنیشت گوندەکە هەموو پیاوانی گوندەکەی کۆمەڵکۆژ کرد و منداڵەکانیشیان بردن بۆ سەربازگەکان و مەشقیان پی کردن، دواتریش کڕین و فرۆشتنیان بە ئافرەتەکان کرد و دەستدرێژییان کردە سەریان.

ژبەر کۆرۆنایێ سالڤەگەرا کارەساتا گوندێ کوچۆ و سیبا شێخدرێ و گرعزێر نەهاتە ساخکرن

خەبات/دهوك

مەحما خەلیل قایمقامێ قەزا شنگال دیارکرکو هەتا نوکە ٨٠٪ خەلکێ شنگال ئاوارانە ژبەر ڤان کارەسات و مالوێرانیێ نەشین ڤەگەرن پێدڤیە حکومەتا عێراقی گوند و کومەلگەهێین و ناحیێ سەر شنگال ڤە قەرەبوویا خەلکێ بکەت و کێ وژن و زارۆیێن ئێزدی ژبن دەستێ تیرۆرستێن داعش رزگاربکەت ئەڤە شەش سال بسەر فەرمانا شنگال ڤە چوون هیشتا تشتەك بۆ شنگال نەهاتیە کرن هیشتا گوند و دەڤەرێن شنگال ویرانکرینە.

ئێدریس بشار ، ئێك ژ رزگاربووین جینوسایدا گوندێ کوچۆ دیارکرکو ل رۆژا ٢٠١٤/٨/١٥ێ تیرۆرستێن داعش خەلکێ گوندێ کوچۆ تووشی جینوسایدی کرن ئەڤ ساله ژبەر ڤایرۆسێ کۆرۆنایێ چو چالاکیێن فەرمی نەهاتنە ئەنجامدان بتنێ خەلکی خیرَ چێکرینە کوهژمارا ئاکنجیێن گوندێ کوچۆ ١٧٠٠ کەس بوون تیرۆرستێن داعش زەلام دناڤ ١١ گۆرێن بکۆمدا گوللەبارانکرن و کێ و ژن و زارۆك رەڤاندن بتنێ ١٩ زەلام ژناڤ گۆرێن بکۆم رزگاربووینە و ٥١٧ کەس هاتینە شەهیدکرن . ناڤهاتی ئەو ژی ئاشکەرا کرکو هەتا نوکە ١٠ گۆرێن بکۆم یێن هاتینە ڤەکرن روفاتێن ناڤدا بۆ نوژداریا داد ل بەغدا هاتینە رەوانەکرن و هەتا نوکە ژی روفات نەدانینە مەمە ئەم ڤەشێرین بەری نوکە مە گۆرەستانەك بەرهەڤکریە بۆ قوربانیێن جینوسایدا گوندێ کوچۆ.

خەلەف دەخیل سەیدۆ، بەرپرسێ لیژنا پارتی ل سیبا شێخدرێ دیارکرکو ل رۆژا ٢٠٠٧/٨/١٤ێ بەری چەند ساله کارەساتەکا مەزن دا ل ناحیا گرعزێر و کۆمەلگەها سیبا شێخدر رووێدا چار ترۆمیلین منیرۆکری هاتنە پەقاندن ڤێ کارەساتێ دا هزارەها وەلاتیێن سڤیل بریندار بوون و ٣١٤ کەس ژی شەهید بوون و ٤٥ کەس ژی بێ سەروشین بوون وسەدان خانیێن وەلاتیان هاتنە خرابکرن.

کەرکووک.. تەقینەوەیەک سێ قوربانی لێکەوتەوە

تەقینەوەیەك لە سنووری باشووری رۆژئاوای پارێزگای کەرکووك باکووری عێراق رووداو لە ئاکامدا، سێ کەس کوژراون و بریندار بوون. دوێنێ یەکشەممە میدیاکانی خۆجێی لە سەرچاوەیەکی ئەمنییان گواستەوە کە بۆمبێکی چێنراو لە تێوان گوندەکانی ماجد و ساده سەربە ناحیەی ریاز باشووری رۆژئاوای کەرکووك، تەقیوەتەوە. بەهۆی تەقینەوەی بۆمبە چێندراوەکەش کچێك شەهید دەبێت و کچ و کوڕێکی دیکەش بریندار دەبن. لەمبارەیەوە بەرپرسی راگەیاندنی میحوەری باکووری حەشدی شەعبی، جەوەدت عەساف رایگەیاند: لە گوندی نیونشیین سەربە ناحیەی ریاز بۆمبێکی چێندراو لەنێو کێڵگەیەکی کشتوکاڵییدا، تەقیوەتەوە. جەوەدت عەساف گوتیشی: بەهۆی تەقینەوەکەوە کچێکی تەمەن ١٩ساڵ بەناوی نور ئەحمەد خەلیل شەهیدبووە و کچ و کوڕێکی تر بەناوەکانی شروق حەدیدی تەمەن ٢٠ ساڵ و ئەحمەد موخڵس تەمەن ٢٠ ساڵ بریندار بوون. ناوبراو راشیگەیاند کە قوربانییەکان بۆکاری کشتوکاڵی چوونەتە کێڵگەکە و بۆمبەکەیش لەنێو کێڵگەیەکی شووتیدا تەقیوەتەوە کە پێ دەچێت هی سەردەمی چەکدارانی داعش بووبێت.

سەدان کابینەی پڕ لە ماددەی تەقینەوە لە عێراقدا ئاشکرا دەکرێن



سەدان کابینەی پڕ لە ماددەی مەترسیداری تەقینەوە لەناو خاکی عێراقدا هەن و ئاشکرا دەکرێن. دوێنێ یەکشەممە ١٦-٨-٢٠٢٠، عالیە نوسەیف، پەرلەمانتاری عێراق لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە، بڕێکی زۆری تەقەمەنی لە کۆگایەکدا لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا دەستی بەسەردا گیراوە، کە لە ئەگەری تەقینەوەیدا، ناوچەیەکی فراوانی بە تەواوی وێران دەکرد.

هەروەها خالید سەلاحەدین، بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی گشتیی گومرگ لە عێراق رایگەیاندووە، ٥١٣ کابینەی پڕ لە ماددەی تەقینەوە لە بەندەرەکانی ئوم قەسر لە بەسرە، هەن. ئەو کابینانە کە پڕن لە ماددەی کیمیاوی و مەترسیی تەقینەوەی گەورەیان دروست کردووە، ماوەیەکی زۆرە بەهۆی تەواونەبوونی فراوانی بە تەواوی وێران دەکرد.

هەروەها خالید سەلاحەدین، بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی گشتیی گومرگ لە عێراق رایگەیاندووە، ٥١٣ کابینەی پڕ لە ماددەی تەقینەوە لە بەندەرەکانی ئوم قەسر لە بەسرە، هەن. ئەو کابینانە کە پڕن لە ماددەی کیمیاوی و مەترسیی تەقینەوەی گەورەیان دروست کردووە، ماوەیەکی زۆرە بەهۆی تەواونەبوونی

ئەڵمانیا .. لە سیمینارێکدا خەڵاتی قەدری جان دابەش کرا





ساسان دەرویش – ئەڵمانیا

لە دوای دابڕانێکی زۆری ڕەوەندی کورد لە یەکەتر بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا و گیرۆدەبوونی تەواوی دنیا پێوەی و پەکخستنی هەموو چالاکییەکان لە هەموو کایەکانی ژیان و پابەندبوونیان بە ڕێنماییەکان و دواتریش خاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە، ڕەوەندی کورد سەرلەنوێ بە ڕێنماییی نوێوە پلانی کارکردنیان داڕشتەوە بۆ سازکردنی چالاکییەکانیان لە دەوری یەکەتر، بۆ ڕێزگرتن و بیرهێنانەوەی نووسەر و هەڵبەستقانی مەزنی کورد قەدری جان و یادی ٤٨ ساڵەی کۆچکردنی لە شاری ئیسن ئەڵمانیا لەلایەن یەکێتی گشتی نووسەران و ڕۆژنامەوانی ڕۆژئاوای کوردستان بە ئامادەبونی کۆمەڵێك کەسایەتی دیار و بەرچاو لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی هەرچوار پارچەی کوردستان کۆڕێکی بەنرخ و شایستەیان بۆ بەرهەم و خەباتی نەپساوەی سازکرد.

سەرەتای مەراسیمەکەش بە خولەکێك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستیپێکرد، پاشان لەلایەن دەستەبژێرێك لە شەیدا بەعاشق بە زمان وخاك، چەندین وتار و شیعر و بیرەوەری پێشکەشکران کە بەهەموویان تیشکیان خستە سەر خەبات و تێکۆشان و ژیانی شاعیری مەزنی کورد قەدری جان وەك کەسایەتێکی نیشتیمانپەروەر کە هەموو ژیانی بۆ کوردایەتی و هۆزنینەوەی وشەی جوان بۆ کوردستان بوو.

قەدری جان، شاعیرو چیرۆکنووس و وتارنووس و وەرگێڕ، بەیەکێك لە شۆڕەسوارەکانی بواڕە جیاجیاکان، ساڵی ١٩١١ لە شارۆچکەی دیرك لەنزیك ماردین لەدایکبووە، خانەی مامۆستایانی خوێندووە و بەهۆی جموجۆڵی سیاسی شارەکەی خۆی جێهێشتووە و ڕووی کردۆتە ڕۆژئاوای کوردستان و لەوێ ساتێك بارزانی لە ساڵی ١٩٤٧ داستانە مێژوویییەکەی تۆمار دەکات و سنووری سوپای سێ دەوڵەتان دەبەزێنێ و دەچێتە یەکێتی سوڤیەتی پێشوو، شاعیر دەڵێت : بارزانی، بارزانی کی ڤی ناڤێ نزانێ؟ لە گەرانەوەی بارزانیشدا بۆ باوەشی وڵات دەڵێت : مزگێن، مزگێن گەلی کوردان، ڕۆژا کوردستانێ هەلات، بارزانی هاتە نیشتیمان، شێرهات وەلات، شێرهات وەلات مزگێن ل وە بارزانی هات .

هەروەها لە کۆتاییشدا لەلایەن ڕێکخەری کۆڕەکە بۆ یەکەم جار خەڵاتی قەدری جانیان پێشکەشی پێنج لە نووسەر و وەرگێڕ و شاعیر و لێکۆڵەرەوە کرد کە بریتی بوون لە هەر «موئەیەد تەیب و فەتاح تیمار و ئەدیب چلکی و حەیدەر عومەر و زاگرۆس حاجۆ».

هەر لەمیانی ئەم کۆڕەشدا نادر دۆغاتی بەرپرسی فەدەراسیۆنا کۆمەڵەیێن کوردستانی لە ئەڵمانیا بۆ خەبات دواو گوتی: بیرهێنانەوەی کەسایەتیەکانی کورد بۆ ئێمەی ڕۆشنبیران دەبێت ئەرك بێت بەتایبەتی لە تاراوگە کارێکی گرنگە چونکە دەبێت نەوەکانی دوای خۆمانیان لێ ئاگادار بکەین لە خەبات و تێکۆشانیان کە چ هەوڵ و هیمەتێکیان داوە بۆ پاراستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەییان لە ڕۆژگارە سەختەکاندا کە داگیرکارانی کورد هەوڵی نەمان و سڕینەوەمان بوون، قەدری جان توانایەکی گەورەی ئەدەبی هەبووە، شیعرەکانی ئاوێتەی ڕوونی نووسینەوەی مێژووی گەلەکەیەتی و لەڕێی شیعرەوە زۆر ڕووداوی گرنگی مێژوویی تۆمارکردووە و وەسفی بارزانیی نەمر و شۆڕشەکەی کردووە لەم کۆڕەشدا خەڵاتی موئەیەد تەیب من وەرمگرت بەهۆی ئەوەی ئەو لە کوردستان بوو هەم ئەو پێشمەرگەو منیش پێشمەرگە.

لە یادی (74) ساڵەی پارتیماندا سوپاسی هەموو کادیر و ئەندام و لایەنگران و جەماوەری سەربەرزی پارتیمان دەکەین کە هەمیشە سنگی خۆیان کردۆتە قەڵغانی سەرخستن و پارستنی ئەزمونی کوردستان

بەیانامەک ژ ژورا ئوپەراسیونا یا بەرهەنگاریا ڤایروسێ کورونا ل پارێزگەها دهۆکێ



ب سەرپەرشتیا (د.عەلی تەتەر) پارێزگەرێ دهوکێ کۆمبوونا ئاسایی یا ژورا ئوپەراسیونا یا بەرهەنگاریا ڤایروسێ کورونا ل پارێزگەها دهۆکێ هاتە ئەنجامدان و ئەڤ بریارێن ل خوارێ هاتنە دەرکرن:-

1ـ دەوام و دەزگەهێن حکومەتێ ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ ئێکەشەمبێ رێکەفتی (16-8-2020) ژدەم ژمێر(9) سپێدێ دەستپێدکەت و هەتا دەم ژمێر(1) پشتی نیڤرۆ ب دوماهی دهێت و دڤێت ئەڤ رێنمایە ل بەرچاڤ بهێنە وەرگرتن.

• هەموو رێنمایێن ساخلەمیێ ب دورستی بهێنە جێبەجێکرن چ لناڤ فەرمانگەهێ بیت یان دەما هاوڵاتی سەردانا فەرمانگەها دکەن.

• ژمارا فەرمانبەرێن دهێنە دەوامێ دڤێت ل دووڤ پێدڤیێن رێڤەچونا کاروبارێن هاوڵاتیان بیت ب رەنگەکی کو معاملێن هاوڵاتیان گیرونەبن وباشتر خزمەتا وان بهێتە کرن.

• ل سەر ئاستێ هەموو قەزا وناحیا لیژنێن تایبەت ب سەرپەرشتیا قایمقام وریڤەبەرێن ناحیا دێ هێنە دورستکرن بو دووڤچونا جێبەجێکرنا رێنمایێن ساخلەمیێ ل هەموو فەرمانگەهان و ب هەمان شێوە ئەڤ لیژنە ل سەر ئاستێ کارگێریا پارێزگەهێ ژی دێ دووڤچونا جێبەجێکرنا رێنمایان کەت.

2ـ رێکارێن خو پارێزیێ بێن بەیانا ژمارە (46) ل 2020-8-3 بێن وەزارەتا نافخویا حکومەتا هەرێما کوردستانێ دێ دەبەرەدوامن هەتا بەیانەکا نوو ژوەزارەتا نافخوو دەردگەڤیت و رێنمایێن نوو دهێنە دیارکرن.

3 - هاتن و چون دناڤبەرا پارێزگەهێن هەرێمێ و عیراقێ ژی هەر دێ ل دووڤ بەیانا ژمارە (46) ل 2020-8-3 بێن وەزارەتا نافخویا حکومەتا هەرێما کوردستانێ بیت و دێ دبەرەدوامن و کار پێ هێتە کرن هەتا رێنمایێن نوو دەردکەڤن.

4 ـ دڤێ کۆمبوونێدا پێشنیار هاتە کرن کو ل کۆمبوونا چاڤەرێکەری یا لیژنا بلندا بەرهنگاربونا ڤایروسێ کورونایێ ل هەرێما کوردستانێ کو بریارە لڤان نێزیکا دێ هێتە کرن و پارێزگەرێ دهوکێ ژی دێ تێدا پشکداربیت کو پێداچون دبەیانا ناڤبرێدا بهێتە کرن بو وێ یەکێ پتر ئاسانکاری بهێنە کرن ورەوشا ئابوری یا هاوڵاتیان پتر لبەرچاڤ بهێتە وەرگرتن.

ژورا ئوپەراسیونا یا بەرهەنگاریا ڤایروسێ کورونا ل پارێزگەها دهۆکێ
15-8-2020

هۆشداری لە تووشبوونی منداڵان بە کۆرۆنا دەدرێت



لە دهۆك، بەشێکی منداڵان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، ژمارەیەك لەو تووشبووانە بێ نیشانەن، لەگەڵ وەرگرتنی چارەسەر رەوانەی ماڵەوە دەکرێنەوە، پزیشکان هۆشداری دەدەنە دایك و باوکان کە ئاگاداری منداڵەکانیان بن.

شایانی باسە زۆر لە منداڵەکان لە رێگەی دایك و باوك و کەسوکاریان تووشی کۆرۆنا بوونە، بەڵام هیچیان نیشانەی قورسیان نییە.

بەگوێرەی ئاماری بەرێوەبەرایەتی تەندروستی دهۆك 16% ئەو کەسانەی لە سنووری ئەو پارێزگایە تووشی کۆرۆنا بوونە منداڵن، بەشێکیان لە رێگەی دایك و باوکیان تووشبوونە. بەرێوەبەری گشتی تەندروستی دهۆك گوتی: لەو ژمارەیەی خەڵك کە لە دهۆك تووشی کۆرۆنا بوونە 16% منداڵن، تائێستا زۆربەی ئەو منداڵانەی رەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە تەندروستیان جێگیرە، بەڵام بە گشتی نەخۆشی کاریگەری لەسەر دەروونی منداڵانیش دەبێت .

بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی تەندروستی تائێستا زیاتر لە هەزار و 600 کەس لە سنووری پارێزگای دهۆك تووشی کۆرۆنا بوونە، لەو ژمارەیەدا 11 کەس گیانیان لەدەستداوە و 660 کەسیان چارەسەر کراون.

خشتەی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی پۆلی 12 راگەیێندرا

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان خشتە و کاتی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی پۆلی 12ی ئامادەیی بڵاوکردەوە.

بە گوێرەی خشتەکە تاقیکردنەوەکان لە رۆژی سێشەممە 2020/09/01 دەستپێدەکەن و لە رۆژی چوارشەممە 2020/09/09 تەواو دەبن.

وەزارەتی پەروەردە ئاماژەی بەوە داوە، هەر رۆژێکی تاقیکردنەوە بەر پشووی فەرمی بکەوێت، تاقیکردنەوەکە دەکرێت و ئەو رۆژە ناکرێتە پشوو.

بەپێی خشتەکە تاقیکردنەوەکان رۆژانە لە کاژێر 08:30ی بەیانیدا دەستپێدەکەن.

بۆ خولی یەکەم سەرەڕای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، رۆژی 11ی تەممووزی 2020 تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12ی ئامادەیی بەپێی رێنماییە تەندروستییەکان دەستپێدەکرێت و لە 8ی ئاب کۆتایی بە تاقیکردنەوەکان هات.

ئەمساڵ زیاتر لە 144 هەزار قوتابی مافی بەشداریکردنی تاقیکردنەوەکانیان هەبوو و بەسەر دوو هەزار و 307 هۆڵدا دابەشکران.

لە هەولێر و سلێمانی پرۆسەی نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنی شەقامەکان بەردەوامە

لە سنووری هەردوو سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر و سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی پرۆسەی نۆژەنکردنەوە و قیرتاوکردنی شەقامە سەرەکی و پێویستەکان بەردەوامە و لەپێناو کارئاسانی بۆ هاتوچۆی شوفێران و هاوڵاتییان و پرۆسەکەش لەو شوێنانەی کە پێویست بە نۆژەنکردنەوەی شەقامەکان دەکات، بەردەوام دەبێت. تیمەکانی بەرێوەبەرایەتیی شارەوانیی سێی سەر بە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر، بەمەبەستی کارئاسانی بۆ هاتوچۆی شۆفێران، پرۆسەی چاککردنەوەوەی چاڵ و شکستەکانی شەقامی سەرەکیی هەولێر- پیرمامیان دەست پێ کرد، ئەو رووبەرەی نۆژەن دەکرێتەوە زیاترە لە 500 مەتر و لەلایەن کارگەی قیرِی سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێرەوە بە بڕی 85 تۆن قیر جێبەجێ دەکرێت. ئەم شەقامە یەکێکە لە شەقامە سەرەکییەکانی شاری هەولێر و زۆرترین هاتوچۆی شوفێرانی بەسەردەچێت. هاوکات دوێنێ یەکشەممە 2020.8.16 تیمەکانی بەشی پرۆژە و ئامێرەکانی سەر بە سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی لەسەر بودجەی شارەوانیی سلێمانی پرۆسەیەکی قیرتاوکردنی یەکتربڕی دەباشان لە شەقامی چوارتایان بۆ سەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود دەست پێ کرد کە ئەم شوێنە هاتوچۆیەکی زۆری شوفێرانی بەسەردەچێت. پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی شەقام و قیرتاوکردن لە سنووری سەرۆکایەتی و فەرمانگە شارەوانییەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە گوێرەی توانای مادەی و پێویستی بەردەوام دەبێت.

کەرکوک..شارەدێی ریاز..کچێکی 15 ساڵان لە تەقینەوەکە دوێنێ گیانی لەدەستدا

بەیانی دوێنێ یەکشەممە بژمێکی چێنراو لە گوندی ئەلنویشن تەقییەوە و لە ئاکامدا کچێکی تەمەن 15 ساڵان کوژرا. بەگوێرەی هەواڵەکان لە گوندی ئەلنویشنی سەر بە شارەدێی ریاز لە باشووری کەرکوك بەهۆی تەقینەوەی بژمێکی چێنراو کچێکی تەمەن 15 ساڵان گیانی لەدەستدا. ڕاشیگەیاندەیزە ئەمنییەکانی کەرکوك تیرۆرستانی داعش بە بەرپرسیار دەزانن لە تەقاندنەوەی بژمبەکە.

هاتووچۆی هەولێر وەرگرتنی فۆرمی مۆڵەتی شۆفێری پێشخست

بەرێوەبەرایەتیی هاتووچۆی هەولێر کارەکانی راییکردنی مامەڵەی فۆرمی پێدانی مۆڵەتی شۆفێری پێشخست. گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێریش دەڵێت فۆرمی مۆڵەتی شۆفێری تاوەکو ساڵی 2021 وەرگیراوە.

لەوبارەیەوە گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێر گوتی: فۆرمی مۆڵەتی شۆفێری تاوەکو ساڵی 2021 لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر وەرگیرابوو و دەبووایە بەشێک لە خاوەن مامەڵەکان تاوەکو ئەو کاتە چاوەڕوانیان بکردایە، بۆیە بڕیارماندا بە زیاترکردنی کارمەند و کاتی دەوام بۆ راییکردنی مامەڵەی فۆرمی مۆڵەتی شوفێران لە کاژێر 9ی بەیانییەوە تاوەکو 5ی ئێوارە .

گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێر گوتیشی: ئەوانەی نۆرەی ئۆنلاینیان بۆ وەرگرتنی فۆرم لە بەشی مۆڵەت گرتووە، دەتوانن زووتر بەپێی خشتەیەك فۆرم وەرگرن، ئەوانەی نۆرەی مانگی ئەیلوولیان بۆ دانراوە، ئەمڕۆ دووشەممە 17-8-2020 و ئەوانەش کە نۆرەی مانگی تشرینی یەکەمیان بۆ دانراوە، بەیانی سێشەممە 18-8-2020 دەتوانن سەردان بکەن، واتە کارەکانی 3 مانگ لە ماوەی 3 رۆژدا جێبەجێدەکرێن .

لەبارەی بەردەوامبوونی وەرگرتنی فۆرم بەشێوەی ئۆنلاینیش، مقەدەم فازل حاجی حوسێن دەڵێت: ئەو کەسانەی نۆرەیان وەرنەگرتووە و بەنیازی وەرگرتنی فۆرمن، دەتوانن بەبێ وەرگرتنی نۆرەی ئۆنلاین لە رۆژی چوارشەممە 19-8-2020 سەردانی بەشی مۆڵەت بکەن و فۆرم وەرگرن، لە رۆژی 23ی ئەم مانگەش وەرگرتنی فۆرم بەشێوەی ئۆنلاین نامێنێت .


هەڵەبجە.. لە هەفتەی ڕابردوودا 528 لەتووشبووانی کۆرۆنا چاکبونەتەوە

دوای تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان ،لە هەفتەی رابردوودا پارێزگای هەڵەبجە 528 تووش بووی کۆرۆنا چاکبونەتەوە و تەنیا 4 هاوڵاتی گیانیان لە دەست داوە . د. شاناز نەقشبەندی وتەبێژ ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماری تووشبوان گیان لەدەستدانی هەفتەی ڕابردووی پارێزگای هەڵەبجەی ڕاگەیاند کە بەو شێوەیەی خوارەوە بووە .

لەکۆی گشتی 2295 پشکنین لە سنوری پارێزگای هەڵەبجەی شەهید 623 حاڵەتی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراوە لەگەڵ 538 حاڵەتی چاکبوونەوە 12 حاڵەتی گیان لەدەستدان هەبووە ، تەنیا لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا 4 حاڵەتی گیان لەدەستدان بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراوە

لە ئێستا 17 نەخۆش لە نەخۆشخانەی وەفا داخڵ بوون و باری تەندروستی سەرجەم نەخۆشەکان ناجێگیرە و نیشانەکانی نەخۆشیەکەیان هەیە 7 لە نەخۆشەکان لە پێویستیان بە ئۆکسجین هەیە و 3 نەخۆشی دیکەش گووتیشی ئێستا هەموو کەسێک بە گومانلێکراوی هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا دادەنرێت، چونکە گواستنەوەی ڤایرۆس لەنێو کۆمەڵگە زۆر بووە، بۆیە دەبێ هاوڵاتییان خۆیان لە بەرکەوتنی کۆمەڵایەتی بە دوور بگرن، ئێمە لە نەخۆشخانەکان دەمێنینەوە لە پێناو ئێوەدا، ئێوەش لە ماڵەکانتان بمێننەوە لە پێناو تەندروستی هەمووان.





پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

خانەوادەی بەڕێزی سەروەت حەمەخان دەگاشێخانەیی

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە و فەرماندەی دڵسۆز و ناسراوی دەڤەری هەورامان، عەقید سەروەت حەمەخان دەگاشێخانەییمان پێ گەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی کەسوکار و خزمان و ئاشنایانتان دەکەین و بەشداری خەمتانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی کاک سەروەت بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئارامی و سەبرتان پێ ببەخشێت.

•••

خانەوادەی بەڕێزی عەمید محەمەد سەید حەمەعارف تاوەگۆزی

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی فەرماندەی بەهەڵوێست و پێشمەرگەی دڵسۆز، عەمید محەمەد سەید حەمەعارف تاوەگۆزیمان پێ گەیشت.

پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و خزم و کەسوکار و ئاشنایانتان و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی فەرماندەی کۆچکردوو دەکەین و بەشداری خەمتانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی کاک محەمەد بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و ئارامی و سەبرتان پێ ببەخشێت.

•••

بەڕێز، بەشار مشیر ئاغا

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

=خۆمان بە هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتان و خزمانی گوزان دەزانین، سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و دۆست و خزم و ئاشنایانتان دەکەین.

•••

=بەڕێزان، خانەوادەی محەمەد عەزیز ئیسماعیل

=بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری قەزای دووکان(محەمەد عەزیز ئیسماعیل)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

=لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

•••

بەڕێز، محەمەد قاسم خەلیل حوسێن

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتان(قاسم خەلیل حوسێن شنگالی)مان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای دلۆڤان داواکارین باوکی خوالێخۆشبوتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و خزمانتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

•••

برا و هاوکاری بەڕێزمان د. نیاز لاجانی

بەبۆنەی کۆچی ناوادەی هەڤاڵ و هاوکاری بەڕێزمان کاك ئاواره محەمەد مەلا قادر، بۆرای بەڕێزتان و کوڕی تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان مامۆستا محەمەد مەلا قادر، بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان پرسەو سەرەخۆشی لە ئێوەو تەواوی کەسوکار و هەڤاڵ و دۆستانتان دەکەین، لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سێبووری و دڵنەوایی بە هەموومان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون




گرانی نرخی نەخۆشخانەی تایبەت و کلینیکە پزیشکییەکان هاونیشتیمانیانی تووڕە کردووە

تووشبوویەکی کۆرۆنا شەوێک لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بمێنێتەوە 500-300 دۆلاری لێ وەردەگیرێت



وەزارەتی تەندروستی: هەر نەخۆشخانە و تاقیگە و کلینیکی پزیشکی پابەندی کەمکردنەوەی نرخ نەبێت ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر



خەبات: عەلی بانیشاری

ئەگەر چی بۆ جاری دووەم وەزارەتی تەندروستی هەرێم نرخی مانەوەی نەخۆشی لە نەخۆشخانە تایبەتەکان کەمکردەوە، بەڵام هێشتا هاونیشتیمانیان لە بڕیارەکە نارازین و پێیانوایە دیاریکردنی نرخەکان بەو شێوەیە « هەڵتەکاندنی گیرفانی نەخۆشە». لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکیش هاشتاگی (بازرگانی بە تەندروستی هاوواڵتیان رابگرن) ڕادەگەیەنرێت. پزیشکێکی پایەبڵندی هەناو و رزگاربووی کۆرۆنا دەڵێت: پێویستە هەموو نەخۆشخانە ئەهلییەکان ناچار بکرێن لە 50% بێدی نەخۆشیان تایبەت بکەن بە تووشبووانی کۆرۆنا.

زۆریی نارەزایەتییەکان لەسەر گرانی نرخی مانەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانە تایبەتەکان لایەنە پەیوەندارەکانی ناچارکرد دووبارە نرخی نەخۆشخانە ئەهلییەکان لە 50% کەم بکەنەوە. بەپێی بڕیارەکە لە دوای 11ی ئەم مانگەوە هەر نەخۆشێکی کۆرۆنا شەوێك لە نەخۆشخانەی ئەهلی بمێنێتەوە 300-500 دۆلاری لێوەردەگیرێت. پێشتر و لە 9ی ئاب وەزارەتی تەندروستی نرخی مانەوەی نەخۆشی لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بەم شێوەیە دیاریکردبوو (مانەوەی نەخۆش لە قاوش بەبێ ئۆکسیجین 500 هەزار دینار. بە ئۆکسیجین 700 هەزار دینار. چاودێری چڕ بە ئامێری CPAP یەك ملیۆن و دووسەد هەزار دینار).

زانا مەلا خالید، ئەندامی لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بە(خەبات)ـی ڕاگەیاند: نارەزایەتییەکی زۆر لەسەر گرانی نرخی ماوەنەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان هەبوو، بۆیە 11ی ئەم مانگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و سەندیکاکانی بواری پزیشکی و نوێنەری داواکاری گشتی و نوێنەرانی نەخۆشخانە تایبەتەکان کۆبوونەوە و بڕیارماندا دووبارە نرخی مانەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانە تایبەتەکان کەم بکەینەوە. گوتیشی: ئەو نەخۆشخانەی بە ئاڕەزووی خۆیان دەیانەوێت بچنە نەخۆشخانە تایبەتەکان بڕی لە 50% نرخیان بۆ دادەشکێنرێت.

د.هێرش قادر دەربەندی، پزیشکی پایەبڵندی هەناوی و رزگاربووی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە پێویستی دەزانێت هەموو نەخۆشخانە ئەهلییەکان ناچار بکرێن لە 50% بێدی نەخۆشیان تایبەت بکەن بە تووشبووانی کۆرۆنا. ئەو بە(خەبات)ـی گوت: پێویستە مانەوەی نەخۆش بۆ هەر ڕۆژێك لە قاوشی نەخۆشخانەی ئەهلی لە 200 هەزار دینار و لە بەشی چاودێری چڕ لە 400 هەزار دینار تێپەڕ نەکات. ناوبراو داواشدەکات دەوامی هەموو ناوەندەکانی تەندروستی ئاسایی بکرێتەوە. وەکو ئەو دەڵێت: ناکرێت لەبەر کۆرۆنا نەخۆشییەکانی دیکە فەرامۆش بکرێت. ئەو پزیشکەی هەناوی نموونەی ئەوەش دەهێنێتەوە سەنتەرەکەدا نییە.

وەزارەتی تەندروستی بڕیاریداوە هەر نەخۆشێکی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەی حکوومییەوە بنێردرێتە نەخۆشخانەی ئەهلی بێ بەرانبەر چارەسەری بۆ دەکرێت. بەشێك لە تووشبووانی کۆرۆنا بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی یاریدەدەر و دەرمانخانەی کۆڵان و گەڕەکەکان دەکەن، وەزارەتی تەندروستی دەڵێت: بەهیچ شێوەیەك ئەمە ڕێگەپێدراو نییە.

د.محەمەد قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم بە(خەبات)ـی ڕاگەیاند: هەر نەخۆشخانە و تاقیگە و کلینیکێکی پزیشکی یان یاریدەدەری پزیشك پابەندی کەمکردنەوەی نرخ نەبێت، بەپێی ئەو سەرپێچییەی کە دەیکات ڕێکاری یاسایی بەرانبەر دەگیرێتەبەر. گوتیشی: لەئێستادا لیژنەکانی پشکنین و بەدواداچوون بەردەوامن لەگەڕان بۆ هەموو ئەو شوێنانەی کە نرخیان بەزرکردووەتەوە و دەیانەوێت کۆنترۆڵی بازاڕ و قۆرخکاری بکەن و بارودۆخەکە بۆ بەڕۆەوندی خۆیان بەکارببێنن. لەو چوارچێوەیەدا زۆر شوێن داخراون و سزای یاسایی و دارایی دراون.

ئەوەشی گوت: وەزارەتی تەندروستی لەسەر ئاستی هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان ژمارە تەلەفۆنی بڵاوکردووەتەوە تا هاوواڵتیان لە کاتی بوونی سکاڵادا هەیە پەیوەندی بەو ژمارانەوە بکەن. دەشڵێت: هەر هاوواڵتییەك سکاڵای هەبێت تیمەکانی پشکنین و بەدواداچوون دەستبەجێ دەگەنە ئەو شوێنە و بەپێی یاسا لێپرسینەوەی خۆیان دەکەن. لەبارەی وەرگرتنی چارەسەری تووشبووانی کۆرۆنا لەلای کلینیکی پزیشکی یاریدەدەر و دەرمانخانەی گەڕەك و کۆڵانەکان کە بەشێك لە هاوڵاتیان پێیان وایە نرخیان زۆر گرانە، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی گوتی: بەهیچ شێوەیەك ئەمە ڕێگەپێدراو نییە، چونکە تووشبووی کۆرۆنا دەبێت لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە چارەسەر وەربگرێت و ڕێنمایی بکرێت، پزیشکی یاریدەدەر و دەرمانخانەکان دەکرێت لەبری چارەسەر هەندێك جار زیان بە تووشبووانی کۆرۆنا بگەیەنن.

سەبارەت بە هۆکاری قەدەغەکردنی سەردانیکردنی مااڵن لەلایەن تیمی پزیشکی گەڕۆکەوە، د.محەمەد قادر گوتی: هۆکاری قەدەغەکردنەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەشێکی زۆر لە تیمەکان کەسانی زانستی نەبوون و بارودۆخەکەیان بۆ مەبەستی قازانجێکی زۆر قۆستبوویەوە. ئاماژەی بەوەشدا هەر کەسێك پێویستی بەچارەسەر بێت نابێت لەلایەن تیمی پزیشکی گەڕۆکەوە بێت، بەڵکو پێویستە سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکات.

ناوبراو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە تەنها تیمە پزیشکییە پسپۆڕەکان لە ژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستی دەتوانن سەردانی مااڵن بکەن. باسی لەوەشکرد وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی و بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەسەر چوونی تیمی پزیشکی گەڕۆك بۆ مااڵن کۆمەڵێك بۆچوونیان هەیە و کار لەسەر ئەوە دەکەن کە چۆن بتوانن ئەو بابەتە ڕێکبخەنەوە.

دەقەری سۆران.. لە ئەنجامی هەنگاوەکانی خۆپارێزیی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕووداوەکانی هاتوچۆ کەمیانکردووە

لە 7 مانگی ڕابردوودا ڕووداوەکانی هاتوچۆ بە ڕێژەی 30% کەمبۆتەوە



خەبات: ڕەنجبەر بەرزنجی

هاوشێوەی زۆربەی وڵاتانی جیهان، لە دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و تەشەنەسەندنی پەتاکە، حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەستیان بە بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و هەنگاوەکانی خۆپارێزی لە نەخۆشییەکە هەر لە کەرەنتینە کردن و داخستنی قوتابخانە و زانکۆ و دام و دەزگاکانی حکومی و بازاڕ تا قەدەغەی هاتوچۆ لەسەر ئاستی گشتی کرد.

ئەمە وێڕای ئەوەی هاوواڵتیانیش لەسەر ئاستی تاك بە کەمتر چوونە دەرەوە دڕێژەیان بە هەنگاوەکانی خۆپارێزی دا، ئەوەیش وایکردووە ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردوو لە سنووری هەر چوار قەزای سۆران و چۆمان و مێرگەسۆر و ڕواندز بە بەراورد بە حەوت مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی (30%) کەم ببێتەوە.

ڕائید (دلاوەر لەتیف بادلی) بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و هۆشیاری لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سۆران کە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان سەرپەرشتی کەرتی هاتوچۆی هەر چوار قەزای سۆران و چۆمان و مێرگەسۆر و ڕواندز دەکات تایبەت بەخەبات ڕایگەیاند: لە ماوەی (7) مانگی ڕابردوو لە سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان (42) ڕووداوی هاتوچۆ تۆمارکراون کە بەهۆیەوە بە داخەوە (8) هاووڵاتی گیانیان لەدەستداوە و (44) هاووڵاتی دیکەش بریندار بوونە، ئەمە لە کاتێك لە حەوت مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو لە کۆی (67) ڕووداوی تۆمارکراو (10) هاووڵاتی گیانیان لەدەست دابوو و هەروەها (98) هاووڵاتیش بریندار ببوون، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەماوەی حەوت مانگی ڕابردوو بە بەراورد لەگەڵ حەوت مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو نزیکەی (30%) کەمی کردووە.

هەر لەدڕێژەی قسەکانیدا بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سۆران سەبارەت بە کەمبوونەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ گوتی: ڕێکارەکانی خۆپاراستن لە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا کە خۆی لە قەدەغەی هاتوچۆ و کەرەنتینەکردن و داخستنی فەرمانگەکانی حکوومەت و کەمبوونەوەی هاتوچۆی هاووڵاتیان دەبینێتەوە، هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بووە، بەشێوەیەك لە نێوان مانگەکانی (2 و 3 و 4 و 5) کە زۆرترین ماوەکانی کەرەنتینەکردن و قەدەغەی هاتوچۆ بووە، لە سنوورەکەمان تەنیا (10) ڕووداوی هاتوچۆ تۆمار کراوە، کە بە هۆیەوە یەك هاووڵاتی گیانی لەدەستداوە و (11) هاووڵاتی دیکەش بریندار بوونە، بەڵام بە تەنیا لە مانگی (7) لە کۆی (13) ڕووداوی هاتوچۆ (6) هاووڵاتی گیانیان لەدەستداوە و (20) کەسی دیکەش بریندار بوونە.



تێکۆشەرو کەسایەتی ناسراو

شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی:

مەسعود بارزانی وەکو پێشمەرگە و کەسایەتییەکی سیاسی و سەربازی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە و هەیە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا ئێستاکەش لە هەموو کات زیاتر گەلی کورد پێویستی بەو کاریزمایە هەیە

زانیار سەردار قڕگەیی
بەشی یەکەم

لەناو هەموو میللەتێکدا سەرکردەکان ڕۆڵێکی کارایان لە بنیاتنانی نەتەوە و گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازیی ئەو نەتەوەیە هەیە، هیچ نەتەوەیەکیش بێ ئەم سەرکردە کاریزمایانە نەیانتوانیوە بەرامبەر داگیرکاران خۆیان ڕابگرن، هەربۆیە نەتەوە ئازادیخوازەکان شانازی بە سەرکردە و بیرەوەرییەکانیانەوە دەکەن، گەلی کوردیش خاوەنی دەیان سەرکردەی گەورەیە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی خۆیدا، کە وەکو زنجیرەیەکی دانەبڕاو پەیوەندییەکی فیکری و ڕۆحیان پێکەوە هەیە. لەم قۆناغە هەستیارەی نەتەوەی کورددا مەسعود بارزانی سەرکردەی ناسراوی گەلی کورد و کوردستان ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لەسەر ڕووداوەکان و گەیشتن بەسەربەخۆیی هەبووە و هەیە، ئەم سەرۆکە بەدرێژایی تەمەنی پڕ سەروەری تێکۆشاوە و خەباتی کردووە بۆ نەتەوەکەی و ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری لەسەر ڕەوش و ڕووداو و گۆڕانکارییەکان هەبووە و هەیە و مێژووش بە شانازییەوە لاپەڕەی گەشی زێڕینی بۆ تۆمار کردووە، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە بەهۆی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ئەرک و کارەکانی هێجگار گرانتر و پڕ زەحمەت تر و هەستیارتر و تەنانەت مەترسیدارتر بوون بۆ سەر ژیان و کارەکانی.. لە 25ئەیلوولی/2017 ئەم ڕابەرە مەزنە توانی کارە مەزنەکە (ڕووداوە گەورەکە) ئەنجام بدات کە ئەویش (ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان) بوو، کە بەدرێژایی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی خۆیدا بۆیەکەمجار تاکە سەرکردە و سەرۆک کە توانی ئازایانە بڕیاری ڕیفراندۆم بدات ئەویش مەسعود بارزانی بوو. هەر بۆیە لە ئێستاشدا گەلی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە بارزانی هەیە. لە یادی لەدایکبوونی سەرۆک مەسعود بارزانیداو بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی سەرکردەکان و مێژووی خەباتی سەرۆک مەسعود بارزانی چەند پرسیارێکیان ئاراستەی شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی تێکۆشەر و کەسایەتی ناسراوی کوردستان کرد. ئەویش بەم جۆرە وەڵامی داینەوە.





• ئەو فاکتەرانە چی بوون کە وایکرد سەرۆک مەسعود بارزانی ناوبانگێکی نێودەوڵەتی هەبێت و وەکو سەرکردەیەکی کاریزما بناسرێت، تەنانەت دوژمنانی کورد زۆربەی جار ئەگەر بیانەوێت هێرش بکەنە سەر گەلی کورد و مافە ڕەواکانی لە ڕێگەی شێواندنی ناوی سەرکردەکانی کوردەوە هەنگاو بۆ ئەو دوژمنایەتییە دەنێن؟

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە دەمەوێت بەوە دەست پێ بکەم کە بیانییەکان چۆن دەڕوانە سەرکردەکانی کورد، لەبیرمە بە بۆنەی یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە1992 لە ئێزگەی BBC بەشی ئینگلیزی وتارێکی نووسەری میسری بە ڕەسەن کورد خاتوو (دوریە عونی) بە ناونیشانی (بارزان مصنع لانجاب الابطال للشعب الکوردی) بڵاوکردەوە واتە ((بارزان کارخانەی بە دونیاهێنان و پێگەیاندنی ڕۆڵە قارەمانەکانی میللەتی کوردە)). ئەو نووسەرە بەڕێزە هەر لە خۆیەوە ئەو پەیڤانەی نەنووسیوە، بەڵکوو پاش بەدواداچوون و خوێندنەوە و شیکردنەوەی زۆر بابەت و ئەزموون و لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی بێوچانی بارزانییان و میللەتی کورد و ئەزموونی خوێناوی و تێکۆشانی بارزانییەکان و شێخ و موریدەکانی ڕێبازی بارزانی (نەقشبەندی) کە بە دریژایی خەبات و بەرخودانی کوردایەتی بۆتە ڕێبازی مستەفا بارزانی یاخود ڕێبازی کوردایەتی کە مسعود بارزانی بووە یەکێک لە قوتابییەکان و سەرکردە بەناوبانگەکانی ئەم بزووتنەوەیە.

بە دونیاهاتنی مسعود بارزانی لە 16ی ئابی 1946 لە شاری مەهاباد پایتەختی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو سەردەمەدا کە هەمان ڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، ئەو ڕۆژە بووە ڕۆژێکی پیرۆز و پرشنگدار. یەک ساڵ بەسەر ژیانی مەسعود بارزانی تێنەپەڕی، کە جوودا دەبێتەوە ئەویش بە گەرانەوەی ئەو شیرەخۆرە لەگەڵ دایک و کەسوکاری بۆ باشووری کوردستان و پاشان جێگیر بوونیان لەگەڵ دایکی لە گوندی (نەپاخی) لە ناوچەی زێبار لە ژێر چاودێری باپیری خوالێخۆشبووی (مەحمود ئاغای زێباری) و هەر لەوێشەوە مەسعود بارزانی خوێندنی سەرەتایی دەست پێکرد و چاوی بە دونیا کردەوە بە هاوکاری دایک و باپیر و دۆست و کەسانی تری کوردپەروەر هەمیشە ڕشد دەکرا کە لەگەڵ سیفەت و ڕەوشتی بارزانی و کوردایەتی گەورە دەبوو و هەمیشە شانازی بە باوک و بنەماڵە و خەباتی باب و باپیرانی دەکرد و بە دڵ و بەگیان چاوەڕوانی گەڕانەوەی باوک و یاوەرەکانی لە شەڕقانن و تێکۆشەرە بارزانییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ عێراق و کوردستان دەکرد.



مەسعود بارزانی وەک کەسایەتییەکی سیاسی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دانوستاندنەکانی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار1970 و لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانیدا بەشداربووە هەتا جێبەجێ کردنی

• کەواتە فاکتەرێکی گرنگی بەناوبانگی مسعود بارزانی بۆ بنەماڵەکەی و ڕۆحیەتی کوردایەتی لەناو هۆزەکەی دەگەڕێتەوە؟

- بەڵێ، مەسعود بارزانی هەر لە منداڵییەوە ناو و ناوبانگی لەناو خەڵک و هۆزەکانی ناوچەکانی بادینان و شوێنەکانی تر دەرکردبوو، کە چۆن مستەفا بارزانی کوڕێکی بەناوی مەسعود هەیە و زۆر ژیر و بەهرەمەند و دڵخۆشکەرە و خۆی لەخۆیدا وەک بەچکەشێرە، تەنانەت بە نامادەبوونی مەسعود بارزانی لە دیوەخانەکەیاندا لە کاتی سەردانی سەرۆک هۆز و پیاوماقوولانی ئەو سەردەمە بۆ لای مەحمود ئاغای زێباری باپیری. هەموویان شاهیدی ئەوەیان بۆ دەدا کە بە هەموو پێوەرەکان کوڕی باوکییەتی و خاوەنی عیززەت نەفس و کەسایەتییەکی زۆر بەرزە و هەمیشە بەو تەمەنە بچووکەیەوە شانازی بە بنەماڵەکەی دەکات و پاداشت و ماڵیات لە هیچ کەس قبووڵ ناکات و ڕەفتارەکانی وەک پیاوی گەورە و بەهرەمەند نیشان دەدا. دەڵێن ڕۆژێکیان مەسعود بارزانی لەگەڵ باپیری لە سەردانێکدا بوون، کەسێک لە نامادەبووانی ئەو مەجلیسە دەمانچەیەک وەک دیاری پێشکەش بە مەسعود بارزانی کرد، بەڵام ئەو، ئەوەدمانچەیە لەو کابرایە وەرنارگرێ و پێی دەڵێت: (کارم بەو دەمانچەیە نییە، چونکە باوکم لێرە نییە). زۆر کەس لە مامۆستا و دۆست و قوتابی و پیاوانی ئەو سەردەمەی تەمەنی منداڵی مەسعود بارزانی سەبارەت بە ژیان و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی موسعوود بارزانی هەمووان کۆک بوون لەسەر بەهرەمەندی و تایبەتمەندی و ئارامی، هەڤاڵدۆستی و قسە خۆش و بیرتیژەکەی، کە تا ئێستایش یادەوەریی زۆریان لەسەر مەسعود بارزانی هەیە.

• گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤێت قۆناغێکی گرنگی دیکە بووە لە تەمەنی مسعود بارزانی دا، چونکە مستەفا بارزانی نەک تەنیا وەک باوکێک بەڵکوو وەک سەرکردەیەکی ڕۆحی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا کاریگەری خۆی لەسەر نیشتمانپەروەری و فیکری نەتەوەیی لای دروست کردووە، ئایا ئەو ماوە هەستیارە چ ڕۆڵێکی لەسەر پێگە و ناوبانگی ئەم سەرکردەیە هەبووە؟

- پاش سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 لەسەر دەستی زەعیم (عەبدولکەریم قاسم) و هاوڕێیانی، (مستەفا بارزانی) و جەنگاوەرەکانی بە سەربەرزی گەڕانەوە عێراق و کوردستان و جێگیر بوونی بارزانیی لە شاری بەغدا وەک ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئازادکردنی شێخ ئەحمەد بارزانی و گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ بارزان و ناوچەکانیان، شادبوونی مەسعود بارزانی و براکانی و هەموو کەسوکاری بە گەڕانەوەی باوکیان، ئەو کاتە مەسعود لە تەمەنی 13 ساڵیدا بوو لە قوتابخانەی (المتوسطة الغربیة النموذجیة للبنین) لەگەڵ ئیدریسی برای و ئەیوب بارزانی و عەبدولموهەیمەن بارزانی دێژە بە خوێندن دەدات و لە ساڵانی -1959 1960-1961 بە قسەی ئەو بەڕێزانەی کە لەگەڵیدا لە هەمان قوتابخانەی شاری بەغدا قوتابی بوون، لەوانە عەمید (جاسم الشمری) دەڵێت: مەسعود بارزانی قوتابییەکی ژیر و چالاک بوو، هەمیشە هەڤاڵدۆست بوو، زۆر دۆستی وەرزشی تۆپی پێ بوو پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ زۆربەی قوتابیان دروست کردبوو زمانی عەرەبیشی بە باشی و ڕەوانی دەزانی و قسەی پێ دەکرد، لەبەر ڕەوشی سیاسی و دەرچوونی (مستەفا بارزانی) لە شاری بەغدا و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە 11/9/1961، مسعود بارزانی لەگەڵ ئیدریسی برای بەغدایان بەجێهێشت و گەڕانەوە گوندی بارزان و، لەوێشەوە لە 1962 هەردووکیان خۆیان گەیاندە بارەگای بارزانی باوکیان لە ناوچەی(ڕانیە و قەڵادزێ) و بوون بە پێشمەرگەی کوردستان و دەستیان بە خەبات و تێکۆشانی کوردایەتی کرد.

هەرچەندە مانەوەی مەسعود بارزانی لە شاری بەغدا سێ ساڵی تێنەپەڕاند، بەڵام ماوەیەکی هەستیار بوو لە ژیانیدا، لەبەر ئەوەی گەڕانەوەیان بۆ باوەشی باوک و یەکگرتنەوەی خێزان و کەسوکارەکەی و دەستپێکردنی ژیانێکی شایستە و تێکەڵ بوونی بەڕێزیان لەگەڵ پیاوە سیاسی و ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر و سەرۆک هۆزەکان و کادیرانی پارتی ئەوانەی سەردانی باوکیان دەکرد و گفتوگۆ و بیروبۆچوونەکان لەگەڵ بەڕێزیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. وا دیارە پەروەردە و فێرکردن و ئامادەکردنی مەسعود بارزانی لەو ساڵانەدا لە هەموو خوێندنەکانی پەیانگا و کۆلێژ و زانکۆکان گرینگتر و بەرهەمدار تر بوو.

• بە بەردەوام مسعود بارزانی خۆی وەکو پێشمەرگەیەک دەناسێنێت تەنانەت شانازی بەوەوە دەکات کە پێشمەرگەیەکی کوردستانە، وشەی پێشمەرگە و نیشتمانپەروەری لەلای مەسعود بارزانی چی دەگەیەنێت، ئایا قۆناغی پێشمەرگایەتی و پارتیزانی کە ئەم سەرکردەیە تێیدا زۆر شارەزا و بەناوبانگە چۆن دەستی پێکردووە؟

- مەسعود بارزانی لە تەمەنی 16 ساڵیدا چووە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول و لە ساڵی 1962 لە بارەگای بارزانی دەستبەکار بوو. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەزموون و شارەزایی و هەستی شۆڕشگێڕی پەیدا دەکرد و شەڕی پارتیزانی لەلایان توند و بەهێزتر بوو. پەیوەندییەکانی لەگەڵ پێشمەرگە و فەرماندە و کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرتاسەریی کوردستان فراوان دەبوو و بە دڵ و بەگیان خۆی دەخستە ژێر فەرمانی بارزانییی نەمر، ئەوەندەی پێ نەچوو ناوی لەگەڵ ناوی ئیدریس بارزانی بۆی بە ژیر و لێهاتوو بڵاو بوەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەستێرەی مەسعود بارزانی لە ئاسمانی کوردستاندا گەشاوەتر دەبوو و کار و ئەرکەکانی لە نێو ئۆرگانەکانی شۆڕش و بەرپرسانی حزبی تۆکمە تر دەبوو کە لە ڕووی تەمەن و جەستەوە کامڵ و پڕ حیکمەت تر دەبوو، گەیشتە ئاستێکی پێشکەوتوو لە بواری هزر و فیکر و سیاسەت و شرۆڤەکردنی بارودۆخەکان و وەرگرتنی بڕیاری هەستیار و گونجاو بۆ تەواوی بابەتەکان، لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی پارتی ئامادە دەبوو، ئەو کۆبوونەوانەی لە ساڵانی 1969– 1970 گرێدەدرا سەبارەت بە ڕاوەستاندنی شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی میللەتی کورد لە عێراق و پاشان واژوو کردنی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار.

• باسی ڕێککەوتنامەی ئادارت کرد، ئەو سەردەمە کە ڕێککەوتنامەی 11ی ئادار خوێندرایەوە مسعود بازرانی لە بەغدا بوو دەکرێت باسێکی ئەو چالاکی و کارانەی جەنابی مەسعود بارزانیمان بۆ بکەیت؟

- لە کاتی خوێندنەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە لە ئێوارەی 11ی ئادارى 1970 لە تەلەفزیۆنی بەغدا مەسعود لەگەڵ ئیدریس برای و شاندێکی گەورەی بەرپرسانی پارتی و نوێنەری بارزانیی نەمر بوون لە شاری بەغدا و بەیانی ڕۆژی دووەم هەموویان لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر و زۆرێ لە بەرپرسانی حکوومی و حزبی بەعس لە گۆڕەپانی «تەحریر» کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری بەغدا لە نێو ئاپۆرایەکی جەماوەری لە شاری بەغدا، کە پێکهاتبوون لە کورد و عەرەب کە لەوێ ئامادە بوون بۆ دەربڕینی پشتگیری و خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەو ڕێککەوتننامەیە و پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب لە عێراق دووپات دەکردەوە، هەروەها لە ڕۆژانی پاش خوێندنەوەی بەیاننامەکە شاندی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول سەردانی بەشی کوردییان کرد لە کولێژی ئادابی بەغدا و، بەڕێز د. مەحمود عوسمان وتارێکی بەنرخی پێشکەشی قوتابیان کرد.

پاشان بەبۆنەی ڕۆژی نەورۆزی پیرۆزەوە ئەو ساڵە لقی پێنجی پارتی بەشێوەیەکی فراوان ئاهەنگێکی شایستەی لە پارکی «صدر القناه» لەناو سەنتەری شاری بەغدا ساز کرد و بە هەزارەها لە هاوڵاتیانی کورد و عەرەب ئامادەبوون بە جۆش و خرۆشێکی بێ سنوور بە بەشداری شاندی بااڵی سەرکردایەتی شۆڕش و بەرپرسانی بەرزی حکوومەتی عێراقی و حیزبی بەعس، کە لە نێوانیان سەددام حسین و کەسانی تر هەبوون.

با یادی 16ی ئاب، بکەینە هەوێنی یەکڕیزی گەلی کوردستان و تەبایی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.



مەسعود بارزانی لە نەغمەدە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی پێشکەوتووی پارتی و دەزگای پاراستن پێکهێنا و باسی بارودۆخی شۆڕشی ئەیلوول و ڕەوشی کوردستان و ڕێککەوتنی جەزائیر و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کرد، چ جای ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتننامەکە و ئامادەکاری بۆ بەردەوامدان بە شۆڕش و بەرخودان دووپاتکرایەوە، ئەو کۆبوونەوەیە خۆئامادەکردن بوو بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان



• لەناو ئەو شۆڕشە گەورە و خۆێناوییەدا لە شەڕی پارتیزانی و دانوستان و گفتوگۆکان و ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورددا کاك مسعود بارزانی چ ڕۆڵێکی هەبووە، ئەو ڕۆڵەی ئەو بۆ ئەمڕۆ چیمان پێ دەڵێت؟

- لە نێو ئەو خوێندنەوە میژوورییە سەختەی شۆڕشی ئەیلوولدا جێی خۆیەتی باس لە ڕۆڵ و تێکۆشانی مەسعود بارزانی بکەین، کە لە 1962ەوە چووتە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە و لە هەموو قۆناغە سەخت و دژوارەکانی ئەو شۆڕشەدا بەشداربووە و هاوکار و یارمەتیدەر بووە بۆ (مستەفا بارزانی) و هەموو ئەرکە حیزبی و سەربازییەکانی بە هەز و بیرێکی نیشتمانپەروەری و بەرپرسیارییەتییەوە ئەنجام داوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەك ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی سیاسەت و پێشمەرگایەتیدا دەدرەخشایەوە و ڕۆڵی زیاتر دەبوو.

بۆیە مەسعود بارزانی وەك کەسایەتییەکی سیاسی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دانوستاندنەکانی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار1970 و لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانیدا بەشداربووە هەتا جێبەجێ کردنی.

• چگە لە بواری دانووستاندن چ ڕۆڵێکی دیکەی هەبووە؟ چونکە وەك کەسایەتییەکی سیاسی و سەربازیش دەرکەوتووە؟

- یەکێك لە بەرهەمهێندی و کارە هەرە گرنگەکانی مەسعود بارزانی، بایەخدانی بووە بە سێکتەری هەواڵگری و کۆکردنەوەی زانیارییە نهێنییەکان لەسەر جموجوڵی دەزگا ئەمنی و موخابەراتی و سەربازییەکانی عێراق، کە کاریان دەکرد دژ بە شۆڕشی ئەیلوول بە مەبەستی تێکدانی.

بێگومان دەزگای هەواڵگری و موخابەراتی عێراقی هەمیشە کاریان دەکرد بۆ تێکدانی شۆڕشی ئەیلوول بە بەکارهێنانی سەدەها سیخور و، ناردنیان بۆ ناو هێزەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە سەرتاسەری کوردستان بە مەبەستی ئاژاوەگێڕی و فیتنە و لەناوبردنی بەرپرسان و هاندان بۆ وازهێنان لە ریزەکانی شۆڕش، هەروەها کڕینی کەسانی نەفس نزم و پوولەکی و کردنیان بە سیخور.

هەر لەم ڕوانگەیەوە و بۆ پاراستنی ئاسایشی شۆڕش و دروستکردنی (قەڵغانێکی بەهێز) لە ڕووی هەموو خۆفڕۆشان و سیخورەکان، مەسعود بارزانی بە فەرمانی مستەفا بارزانی و بە یارمەتی چەند کەسانێکی بەرپرس و شارەزا وەك (حەبیب محەمەد کەریم – سامی عەبدولڕەحمان – شەکیب ئاکرێی– فەرانسۆ هەریری) لە ساڵانی 1967-1968 دەستەیەکی چالاك و کارای نهێنیان دروستکرد بۆ کارکردن لەسەر دروستکردنی بنچینەکانی دەزگای پاراستنی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسعود بارزانی.

پاش کارکردنێکی چڕوپڕ و دروستکردنی بنکەکانی ئاسایش و ڕاهێنانی چەندەها کادری بەتوانا و لێهاتوو توانرا لە ساڵی 1972 دەزگای پاراستنی کوردستان دابمەزرێ و دەستکرا بە کردنەوەی بنکەکانی پاراستن لە ناو هەموو لقەکانی پارتی و بارەگای هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە مەبەستی ئەنجامدانی کارەکانیان بە باشترین شێوە.

• دەکرێت باسێکی ڕۆڵی پێشمەرگە بکەیت لە کاتی ڕێککەوتنامەی جەزائیری 1975دا، کە وێستگەیەکی گرنگی کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکانە بۆ لێدانی گەلی کورد؟ ئەی ڕۆڵ و هەڵوێستی کاك ئیدریس و کاك مەسعود چۆن بوو؟

- ساڵی 1974 ڕژێمی بەعسی عێراقی پاشەکشەی لە جێبەجێ کردنی بەیاننامەی 11ی ئادار کرد و هێرشی سەربازی دڕندانەی بە هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتوو و فڕۆکە جەنگیەکانییەوە بۆ سەر کوردستان پیادە کرد و بە هەزاران خەڵك کەوتنە ژێر بۆردومانەکانی فڕۆکە و تۆپخانەکانی داگیرکەری عێراقی و شەهید و بریندار بوون و بەشێکی زۆریان بەرەو چیا سەرکەشەکان دەربەدەر و ئاوارە بوون و بەشێکیشیان بەرەو وڵاتانی ئێران و دەرەوە کۆچیان کرد.

پێشمەرگەی کوردستان بە بەرگێکی پۆڵایینەوە ڕووبەڕووی هێرشەکانی لەشکری عێراقی بۆوە و زۆر لە هێزەکانی ئەو لەشکرەی تەفروتونا کرد و بەدرێژایی شۆڕش زیاتر لە 48 فرۆکەی جەنگی پێکا، یان خرانە خوارەوە و لە زۆربەی زۆری مەیدانەکانی جەنگدا شکستیان پێ هێنان و لە زۆر ناوچە پاشەکشەیان پێکرا، ڕژێمی گۆرەگۆڕ لەوە دڵنیا بوو کە ناتوانێ شۆڕشی کورد بە ڕێگای سەربازیی لەناو بەرێت، لەبەر ئەوە بەرپرسانی ڕژێم هەوڵیان دا ڕێگایەکی تر بگرنە بەر ئەویش بە سازشکردن لە ئاو و خاك و سەروەری خۆیان بۆ وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەت ئێران کە لەو کاتەدا یارمەتی شۆڕشی کوردی دەدا، ئەوەبوو بە یارمەتی چەند حکوومەتێکی هەرێمایەتی و دەرەوە، بە دیداری نێوان سەدام حوسێن و شای ئێران لە جەزائیر لە کۆبوونەوەی ئۆپێك دا لە ڕۆژی 1975ا3ا5 هەردوکیان ڕێککەوتنی جەزائیریان واژوو کرد و بەو پێیە عێراق دەستبەرداری ئاوی «شەتولعەرەب» و زۆر شوێنی تر لە خاکی عێراق بوو بۆ ئێران بەرامبەر بە ڕاگرتنی هەموو یارمەتییەکانی مرۆیی و سەربازی بۆ شۆڕشی کوردستان و داخستنی سنوورەکان و کارکردنی هاوبەش کە بە هەماهەنگی یەکتر بتوانن شۆڕشی میللەتی کورد و پێشمەرگە لەناو ببەن و ئێران کار بۆ گەڕانەوەی شۆڕشگێڕان بکات بۆ عێراق و خۆیان تەسلیمی ڕژێمی بەعس بکەنەوە.

سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و بەرپرسانی حزبی و پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیان ڕەتکردەوە و بە پیلانێکی خیانەتکاری و دوژمنداریان زانی و بڕیاریان دا بەتوندی ڕووبەڕووی ئەو پیلانە ببنەوە. تەنانەت لە کاتی دەرچوونی ئەو ڕێککەوتنە ژێر بەژێرەی عێراق و ئێران، بەڕێزان ئیدریس و مسعود بارزانی و زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەکانی پێشمەرگەی کوردستان بڕیاریاندا بە درێژەپێدانی شەڕی پارتیزانی لە سەرتاسەری کوردستان و دەستیان کرد بە جوواندنی هێزەکان و پێداویستییەکان بۆ شوێن و ناوچەی گونجاو، بەڵام پاش گەڕانەوەی ڕابەری شۆڕش مستەفا بارزانی لە تاران بۆ کوردستان و پاش گفتوگۆیەکی چڕوپڕ و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە و ڕەوشی نێودەوڵەتی و پاراستنی میللەتی کورد و بەرژەوەندییەکانی، بەشێوەیەکی کاتی بڕیاری ڕاوەستاندنی شەڕیدا و پێداگری لەسەر ئەوە دەکردەوە کە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا دووبارە شەڕ دژی هێزەکانی ڕژێمی عێراق دەست پێ بکاتەوە و ئاگری شۆڕشی میللەتی کورد هەموو کوردستان بگرێتەوە.

لە کۆتاییەکانی مانگی چواری ساڵی 1975 مەسعود بارزانی لە شاری نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ 16 ئەندامی پێشکەوتووی پارتی و دەزگای پاراستن پێکهێنا و لەو کۆبوونەوەیەدا باسی بارودۆخی شۆڕشی ئەیلوول و ڕەوشی کوردستان و ڕێککەوتنی جەزائیر و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بە تێروتەسەلی کرد و لەو کۆبوونەوەیەدا چ جای ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ئامادەکاری بۆ بەردەوامدان بە شۆڕش و بەرخودان دووپاتکرایەوە و دەتوانین بڵێین کە ئەو کۆبوونەوەیە سەرەتای خۆئامادەکردن بوو بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان، چونکە زۆربەی ئەوانەی لەو کۆبوونەوەدا ئامادەبوون لە پاشەڕۆژ بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی کاتی.



لە یادی 16ی ئابدا پارتی میژوویێکی پڕ لە سەروەری

وەیسی سەعید وەیسی

16ی ئابی 1946تەنها ڕۆژێك نیە بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵکو وەرچەرخانێکی میژوویی و ڕۆژی گەشانەوەی کورد‌ایەتیە کە بەدامەزراندنی وەك زەروورەتێکی میژوویی بەسوود وەرگرتن لە بیرو فەلسەفەی پر لەحیکمەتی بارزانی نەمربووە داهێنەروپێشڕەوی بیری نەتەوەیی ونیشتیمانی وخاوەن پرۆژەی سیاسی هاوچەرخ لەمەیدانی کوردایەتی کەبەرژەوەندی گەلی کوردستانی لەلا لەسەرووی هەموشتێکەوەبووە و گۆرانکاری گەورە ی لە خەباتی سیاسی کرد و دۆزی گەلی کوردستانی بردە قۆناغێکی دیکەوە ،بووە حزبی هیوا و ئومێدی کوردستانیان ،نەبەسەرکەوتن لەخۆبایی بێت نەبە نووسشتیش بێ ئومێدبێ.

پارتی لە ڕۆژی دامەزراندنی یەوە وەك حزبێکی سیاسی دیموکراتی بەسودوەرگرتن لەئیلهام ودنیابینی بارزانی نەمرهەڵگری چەندان خەسڵەتی گرنگ ومێژووی بووە کە هەموئەمانەش بووینتە فاکتەری سەرەکی بۆ بەهێزی و مانەوەو گەشەکردنی بەجۆرێك بوویتە مالێکی گەورە کەشوێنی هەموونیشتیمان پەروەرێکی لێ بویتەوە.

چونکەهەمیشە لە ژیانی سیاسی دا پارتی ئامرازێك بوو بو ڕێکخستن و و یەکخستنی تواناکانی گەلی کوردستان کە ئەمەش وای کردووە زۆرینەی گەلی کوردستان لە ژێر چەتری پارتی دا کۆببێتەوە و داکۆکیکاری ڕاستەقینە بێت لە مافەکانیان وبەرژەوەندی بالای کوردستان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندیەکانی دیکە بووە هیچ کات ئامادە نەبووە سازش لەسەر کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان بکات کە هەڵگیرساندنی هەریەك لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن وگولانی پێشکەوتن خواز و بەخشینی هەزاران شەهید وهەڵوێستە پر لە جوامێری وکوردانەکانی سەرۆك مسعود بارزانی باشترین نموونەن بۆ ئەم ڕاستیە ،بۆیەش لەگۆڕەپانی سیاسیدابەحزبێکی خاوەن پرەنسیبی نەگۆڕوبەهای بەرزی نەتەوەی ومرۆیی ناسراوەکەهیچ کات لێیان لانادات .هەرئەمەشەوای کردوە هەمیشەدوژمنان کۆسپ وتەگەرە بخەنە سەرڕێگای، بەڵام هیچ کات کۆڵی نەداوە بەسەر گشت بەربەستەکان سەرکەوتووە.

جەنابی سەرۆك مسعودبارزانی زۆرجوان لەپێناسەی پارتی دادەفەرموێت: (پارتی هەمیشەوەك داربەرووەوایە، نەبەبرین و نەبەسوتاندن کۆتایی نایەت). پارتی هەمیشە لە ژیانی سیاسیدا بەرەبەکی نەتەوەیی و کوردستانی بووە کە بیروبۆچوونی جیاواز لە ڕووی (ئایین ،نەتەوە،مەزهەب) لە ڕێکخستنەکانیدا خۆیان بینیووە، بەجۆرێك هەرهەموویان بە هێزبوونی خۆیان لە بەهێزی پارتی دا دەبینەوە ئەگەرچی بارزانی نەمر لە ناسکترین قۆناغدا سەرکردایەتی شۆڕشی کردوە، بەڵام توانی سەرجەم پێکهاتە ئایینی ونەتەوەیی ومەزهەبیەکان لە ژێر یەك ئامانج کۆبکاتەوە کە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت سەرۆك مسعود بارزانی وەك درێژە پێدەری ئەم کاروانە پرشکۆدارە هەمیشە پارێزەری هەموو پێکهاتەکانە لە کوردستان.

پارتی لەڕۆژانی سیاسیداهەمیشەراستگۆبووە لەهەر بڕیارێک داوێتی یان لەدەرکردنی هەر بڕیارێکدا بەشدار بێت، بوێرانە و بەڕپرسیارانە، بەرگری لێدەکات. گەرتەنها ئەنجام دانی پرۆسەریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بەنموونەبهێنینەوەئەم ڕاستیەمان بۆبەدیاردەکەوێت کە پارتی وسەرۆك مسعودبارزانی خولقێنەری ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان بوون و هەر ئەوان پارێزەر و بەرگریکار بوون لە هەڕەشە و هێرشەکانی سەر قەوارەی دەستوری هەرێمی کوردستانیان لەرووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر.

لەئێستاشداکە74ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دەکەینەوە دەبینین کەپارتی هەر پێنگیدایە لەسەرئاستی کوردستان لەخەباتی سیاسی ودبلۆماسی وهەلبژاردن وئابوریداکەئەمەش ئەوراستیەدەسەلێنێ کەپارتی ڕێبواری ڕێگای ڕاستی کوردایەتییە. لێرەوەش سالیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو تێکۆشەران وڕێبوانی ڕێبازی بارزانی پیرۆزدەکەین .

سلاو ودرود بۆ گیانی پاکی بارزانی نەمردامەزرینەری قوتابخانەی کوردایەتی .



لەیادی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان 31ی7 دیسان خەمە

مەلا حاتەم حەمەجان*

هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بەسەر ئێمە دابەش کراوە، نەك بۆ خۆشی!، بەڵکو بۆ خەم و تەم و شین!. زایەڵەی گریانی گەلەکەمان وەکو تەوقیت دانراوە، لە یەك کاتدا فرمێسکی چاوەکان دێنە خواری، لە یەك کاتدا گەرمیانییەك و بارزانییەك و هەڵەبجەییەك و فەیلییەك و ئێزدییەك دەگرین، نەك گریانی دەستەوەستان، بەڵکو گریانێك بۆ ئەو زوڵمەی لێیان کرا و گشتیان کۆژران و زیندەبەچاڵ کران، کۆمەڵکوژ (جینۆساید) کران. ئەڕێ بۆ؟... تەنها لەبەرئەوەی کوردین، ئەڵێین حەقە ئێمەش بژین و ئازاد بین. ئەوان دەڵێن: نا... حەق نییە!!. ئێمە دەڵێین ئێمە نە میوانین و نە ئاوارە، ئێمە خەڵکی ڕاستەقینەی ئەم هەوارەین. ئەوان دەڵێن: نا... ئێمە دەڵێین: میژوو شاهیدە ئەم خاکە هی ئێمەیە. ئەوان دەڵێن: نا... شوێنی ئێوە نییە، ئێوە دەبێت بڕۆن!!. ئەڵێین: بۆ کوێ؟ مەگەر ژێر خاك؟. ئەڵێن: بەڵێ. دەڵێین: ئەی چەند ساڵە قەتڵوعامیان ناکەن؟ ئێمە تەواو نابین میللەتێکی ملیۆنەها تەواو نابین. ئەوان دەڵێن: ئەم خاکە سەحرایە هی ئێمەیە و بە قاچاندا دیارە و لە پێ پەتین و حوشتر ئاسا لۆقە دەکەن، دەمێکە دێن... هەر دێن... هەر دێن... لە نیوەی ڕێ بەچۆکدا دێن و دەشکێن و ناگەنە جێ... زۆر جار چاو ساغیش دێنن و لەوەی خۆمان دەخەنە پێش لەشکرەکری ئەنفالچییان و شەرم ناکەن وەکو چاوساغ بێشەرمانە هەرچەند زەمانە ناوی ناون؟ بەڵام حەیفێك بۆ ئەمانە منیش دەڵێم نە جینۆسایدی بەرزانییەکان و نە ئەنفال و قەتڵوعامی گەرمیانییەکان نە هەڵەبجە و نە فەیلی و زۆربەی کوردان بیشیانبەنە عەرعەر و نوگرەسەلمان دوای شەهید کردنیش ڕووفاتەکان دێنەوە بۆ کوردستان، گۆڕستانێك دروست دەکەن بۆ بەر چاوی هەموو جیهان دەبنە کۆمەڵگەیەکی زیندوو بۆ شاهێدیدان، ئێستا وایە گۆڕستانە بەرچاوەکان دیارن جوان جوان، یا لە دێبنەی گەرمیانە، یان چیاکانی خۆرهەڵاتی بارزانە، یان چەمچەماڵ، یان مینۆمێنتی هەڵەبجە، یان بن شاخی قەمچوغەی دووکانە، یان سنووری دهۆکە بادینانە. مرۆڤ دۆستان، گەر شاهید عەیانتان دەوێ شەهیدان وەستاون بۆ شاهێدی دانی ئەو زوڵمەی لێیان کرا لە ناو ماڵ و خاکی خۆیان.

* ئەندامی پێشووتری پەرلەمانی کوردستان.

ون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارە پسوولە ٩٩٠٨٩ بەروار ٢٠١٩/٣/١٨ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی عبدالبصیر عبدالباقی حسین ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون

دەفتەرگرانی ئۆتۆمبێل ژمارە ٤٠٥٣٩١ هەولێر تایبەت لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی فادی ماجد بویا ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون

پسوولەی شارەوانی ٢ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٣٢٠٢ بەرواری ٢٠١٩/٦/٢٤ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی شیلان محمد علی محمد ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون

مەنەفێست بەناوی هیبە جۆری ئۆتۆمبێل حادلە عجلە حدیدیە یوماك ڕەنگ زەرد + نەفتی مۆدێل ١٩٩٨ ژمارەی شاصی: ١٠٩٥٨٠٢٤٠٢٧٨ ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

مدیریة تنفیذ ئاکری

العدد /٥٣٠/ت.د/٢٠٢٠

اعلان

بناءا علی القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة /٥٣٠/ت.د/٢٠٢٠ المتضمن بیع العقار المرقم ٩٨/٦ مقاطعة ٩٥ لالقیی في حصة المدینین المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلی الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یکن شریکا في العقار المذکور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل علی المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة /٥٣٠/ت.د/٢٠٢٠ الموقع /ئاکری لالقیی المساحة ١٠٠٠ م٢ من حصة المدینین الجنس ملك صرف القیمة المقدرة (٨٠٠٠٠٠٠٠) ثمانون ملیون دینار عیراقی

المنفذ العدل / ناطق نافع صدیق

* * *

دادگای باری کەسی سەلاحەددین

ژمارە: ٤٠/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١١

جاڕدان

بۆ داوالێکراو/ لیلی عصام محمد امین/ شوێنی نیشتەجێ بوون نادیارە

داواکار (میران محمد ستار) داوای ژمارە ٤٠/ش/٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بە پێی اشعاری مختاری (صلاح الدین) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لە لەبەردەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/١٥ کاتژمێر ١١ی بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ عثمان جمال القاضی

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ٣١٣ / ب / ٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٥

جاڕدان

بۆ داوالێکراو/ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ئەتکونز سەرەڕای کارەکەی شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکاران (١- علی صابر علی ٢- عبداللە صابر علی) داوای ژمارە ٣١٣ / ب / ٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (٣٦٧,٥٠٠,٠٠٠ دینار) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ئازادی نوێ بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ دەربچێت بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٨/٣٠ کاتژمێر ٩:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

فەرمانگەی دادنوسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٨/١٢

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای نهۆم بازرگانی گشتی سنوردار) لە بەرواری ٢٠٢٠/٨/١١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ.تیمار) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس/ شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- کۆمپرێسەری هواء ٣ پارچەیی ژمارە/ ٢٤٠٢٠/١٧ دروستکراوی ئوردنی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٢.
٢- تێکردنی جگەرە بۆ ناو پاکەت ژمارە/ ١١١٦٢٠٠٠ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
٣- دروستکردنی جگەرە ژمارە/ ١١١٦٢٠٠١ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٤- دروستکردنی جگەرە ژمارە/ ١١١٦٢٠٠٢ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥.
٥- تێکردن و داگرتنی جگەرە ژمارە/ ١١١٦٢٠٠٣ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٦- کەپسکردنی نایلۆنی پاکەت حراری ژمارە/ ١١١٦٢٠٠٤ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.
٧- تەغلیف کردنی پاکەت ژمارە/ ١١١٦٢٠٠٥ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.
٨- تێکردنی جگەرە بۆ ناو پاکەت ژمارە/ ١١١٦٢٠٠٦ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٣٠٧٤

ڕێکەوت/٢٠٢٠/٨/١٦

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر موڵکی ژمارە ٢٦/٢٤٩ کە کەوتوتە کەرتی ٩٤ باداوە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار جمعە قادر کریم کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی بێلان احمد انور بەبڕی/ ٩٥,١٩٥,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٢٦/٢٤٩ ك ٩٤ باداوە
٢ – ڕەگەزو جۆری/ موڵکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ خانووی قەرزار دوو نهۆم دەستور سلێمانی نهۆمی یەکەم یەك ژوور هۆل مطبخ حمام مرافق خانووی دووەم وەك خانووی یەکەمە.
٥ – ڕووبەرەکەی/٢٥٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ قەرزار خوودی خۆی
٨ – نرخی قرساو/ ٩٨,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ١٨٠٦/ك/٢٠١٧

ڕۆژ: ٢٠٢٠/٦/١٠

بۆ/ تاوانبار/ سردار محمد محمد سعید

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) و ئاشکرا لەداوای ژمارە ١٨٠٦/ك/٢٠١٧ بڕیاردرا تاوانبار بکرێت بەپێی ماددەی ٤١٣ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە ٤ مانگ بەندکردن.

وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ سروەر علی جعفر

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارە: ٩٧٠/ك/٢٠١٩

ڕۆژ: ٢٠٢٠/٦/٨

بۆ/ تاوانبار/ علی کریم احمد

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) و ئاشکرا لەداوای ژمارە ٩٧٠/ك/٢٠١٩ بڕیاردرا تاوانبار بکرێت بەپێی ماددەی ٤٥٦ لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە یەك ساڵ بەندکردن.

وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بڕیارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ سروەر علی جعفر

* * *

کۆمپانیای سامان صابر محمد امین
بۆ بازرگانی گشتی و کاری کشتوکاڵی/ پرۆژەی تاکەکەسی
سەرمایەی کۆمپانیا (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار

ئاگاداری

بۆ گشت لایەن و کەسایەتی پەیوەندیدارەکان

من پارێزەر (شانۆ دڵشاد حمەڕەش) کە بەپێی کۆنووسی بڕیاری دامەزرێنەری کۆمپانیای (کۆمپانیای سامان صابر محمد امین بۆ بازرگانی گشتی و کاری کشتوکاڵی/ پرۆژەی تاکەکەسی) کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٩/١٤ دا بڕیاردراوە بەدانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاوەدەکرێ هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیایان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.

پاکتاوکار: پارێزەر/ شانۆ دڵشاد حمەڕەش
٠٧٧٠٢٢٩٢٩٧٢

* * *

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/ ٤٧٤/ش/٢٠٢٠

ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٧/٢٨

ڕاگەهاندن

بو/ داوالێکری: بشری ابراهیم محمد

ل دیف داخازیا داواکار (هڤال ابراهیم عبداللە) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا: (نشوز) ژ تە کری و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (تاخی دیاری) ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٧/١٢ ئەڤجا بڕیار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل ڕوژا (٢٠٢٠/٩/٩) یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن.

دادوەر/ زیرڤان احمد حسین

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە/ ١١٣٨/ ب/٥/ ٢٠١٨

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٢

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (محمد عبدالوهاب نصرالدین)

داواکار (بەڕێوەبەری گشتی بانکی عیراقی بۆ بازرگانی) داوای ژمارە ١١٣٨/ ب/٥/ ٢٠١٨ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری (٣٤,٠٠٠,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی ١٥٩ گولان لە ٢٠١٨/١٠/١ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٨/٢٣) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ محمد بهاءالدین عبداللە

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە/ ١١٣٨/ ب/٥/ ٢٠١٨

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٢

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (مدیر المفوض لشرکە ر لاکسنك لاند اضافة لوظیفته)

داواکار (بەڕێوەبەری گشتی بانکی عیراقی بۆ بازرگانی) داوای ژمارە ١١٣٨/ ب/٥/ ٢٠١٨ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری (٣٤,٠٠٠,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی ناز ستی لە ٢٠١٩/٥/١٥ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٨/٢٣) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ محمد بهاءالدین عبداللە

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٦

ژمارە: ٧٩٦/ب/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٩

جاردان

بۆ/ داوالێکراو/ خۆشەوی بایز عباس

داواکار (بەڕێوەبەری گشتی بانکی عێراقی بۆ بازرگانی سەرەرای کارەکەی) داوای ژمارە (٧٩٦/ب/٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان و تیایدا داوا دەکات بەدانی بری پارەی (٨١,٣٥٢,٨٦٩,٨٤) $ هەشتا و یەك ملیۆن و سێ سەدو پەنجا و دوو هەزار و هەشت سەدو شەست و نۆ دۆلاری ئەمریکی و سودی یاسایی بە ڕێژەی ٨٪ و سزای دواکەوتنی بە ڕێژەی ٢٪ وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی ئیشعاری (پارێزگاری هەولێر/ موختاری گەرەکی دریم ستی و وەزیران و امپایر) لە ٢٠٢٠/٦/٩ بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنتان لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لەدادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٢١ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.

دادوەر/ سیروان خضر مصطفی

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ٧٣/ب/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٠

جاردان

بۆ داوالێکرا/ کرم مسیس کریم شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە داواکار (شیروان سعدی حسین) داوای ژمارە (٧٣/ب/٢٠٢٠) لەسەرت تۆمارکردبوو، تێیدا داوای $٩٩٠٠٠ نەوەدو نۆ هەزار دۆلار دەکات ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٦ بڕیاری کۆتایی بەپاشملە دەرکردووە بەپابەندکردنت بە $٩٩٠٠٠ نەوەدو نۆ هەزار دۆلار لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی کاریزان بۆیە دادگا بڕیاریدا پێراگەیاندنت بە بڕیارەکە بۆ دەربچێت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لە ماوەی یاساییدا نارازیبوونی خۆت یان تێهەڵچوونەوە یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای باری کەسێتی پیرەمەگروون

ژمارە: ٢٨/ش/٢٠١٩

بەروار: ٢٠٢٠/٨/٥

ئاگانامە

داواکار /سعداللە احمد عبداللە _پیرەمەگروون _بریکارەکەی پارێزەر (ئاراس محمد رسوڵ)

بۆ داوالەسەرکراو / بەناز غالب حمە علی _شوێنت نادیارە

داواکار (سعداللە احمد عبداللە) لە داوای ژمارە (٢٨/ش/٢٠١٩) تۆمارکردووە لەسەرت لەڕێگەی بریکارەکەیەوە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٢/١٧ لەم دادگایە داوای گوێڕایەڵی (مطاوعة) دەکات بۆ ماڵی هاوسەری لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لە ڕۆژی دادبینی ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢٣) بە پێچەوانەوە بە نائامادەبییت داواکە بەپێی یاسا دەبینرێت .

دادوەر/ شنۆ محمود علی

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سرسنك

ژمارە / ٢٠٢٠/١ انابە

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٩

ڕاگەهاندن

بڕیار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٥٨٠/١) کو دکەڤیتە گەرەکی (میدان) سرسنك وتومار کریە بناڤێ قەردار (سیروان مصطفی حسن) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا خودانێ قەرزی(مصرف جیهان) بکوژمێ (٥٤,٥٠٠,٠٠٠) پێنجی وچار ملیون وپێنج سەد هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت برێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی یێ خانوبەری قەرداری کو دبیتە (١,٢٠٠,٠٠٠) ملیونك دوو سەد هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە (٥٨٠/١) گەرەکی (میدان) سرسنك جور پێك هاتیە ژ پارچەکا عەردی سنور وسالوخەت بارجەکا عەردی چ لسەر نەهاتیە ئاڤاکرن ڕووبەر مولکێ ژمارە(٥٨٠/١)گەرەکی (میدان) سرسنك (٢٥٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (١٢,٠٠٠,٠٠٠)دوازدە ملیون دینار

جێ بەجێ کاری داد/ ژیهات صبحی تیلی

* * *

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/١٧٧/ش/٢٠٢٠

ڕێکەفت/٢٠٢٠/٧/٢٢

ڕاگەهاندن

بو/داوالێکری (سعید مصطفی عبداللە) ل دیف داخازیا داواکار (فاطمە سلمان عبداللە) وکێشا ژمارا وێ لسەری دیار کری تێدا داخازیا (تفریق للضرر) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ دهوك محلە مالطایی ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت ڕوژانە دا ئامادەبی ل ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٨ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادە بکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن

القاضی/ مروان عادل اسماعیل

* * *

دادگای باری کەسایەتی ئاکرێ

ژمارە/ ٧٦/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت/٢٠٢٠/٨/١٦

بۆ داوالێکراو (مروت عبداللە حسن)
جێگای نیشتەجێبوونی نادیارە

ئاگاداری

داواکار (سامان صدیق بیرو) داوای ژمارە (٧٦/ش/٢٠٢٠) تومارکردووە دەرهەق بە تو لە بەردەم دادگاکەمان کە تایبەتە بە سەلماندنی ڕەچەڵەك (اثبات نسب) ولەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگاکەمان بڕیاری دا بە ئاگادار کردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕوژنامەی ناوخۆییەوە تاکو ئامادەبی لە بە بەردەم دادگاکەمان سەر لە بەیانی ڕوژی(٢٠٢٠/٩/٨) کە دیاریکراوە بۆ دادبینی یا ناردنی بریکارێك لە جیاتی خۆت وە بە پێچەوانەوە دادگا هەلدەستێت بە دادبینی یا شملە دەرهەق بەتۆ وبەپێی یاسا بڕیاری پێویست دەردەکات

دادوەر / رمزی عبداللە اسلام

* * *

دادگەها بەرایی ل سێمێلێ

ژمارە/٢٤٦/ب/٢٠١٩

ڕێکەفت/٢٠٢٠/٨/١٦

ئاکەهداری

لدیف فەرمانا دەرچووی ل ڤێ دادگەهێ ب ژمارە ٢٤٦/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٩/٩/١٩ یا پێك هاتی ب نەهێشتنی کوبەشی (ازالە شیوع) زەڤیا ژمارە(٥٩٩١/١ کەرتێ ٤١ کری بانی) ئەوا سالوخەتین وێ ل خواری دیارکری بو سەر زێدەکرنا ئاشکەرا بو ماوێ (١٥/پازدەه) ڕوژا هەر ژ ڕوژا پشتی بەلاڤکرنێ ڤێ ئاگەهداریێ وهەر کەسێ بڤێت بەشداریێ بکەت بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمێر (١٢/دوازدێ) نیڤرو ژ تمام کرنا (١٥/پازدەه) ڕوژا پشتی ڕوژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دگەل ئینانا دابینکرنێن یاسایی ب کوژمێ ١٠٪ ژ نرخێ گشتی یێ زەڤیێ ب کوژمێ (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) سیە ملیون دینار ئەگەر شریك نەبن دوماهی هاتنا ماوێ دیارکری ل سەر زێدەکرن دهێتە ڕەوانەکرن ب ئێکجاری ل دویف ڕێنمایا بو زانین کرێن کاتی ودەلالی دکەڤنە سەر بکری سەرێك زێدەکرنێ ئەگەر بکەڤیتە ڕوژەکا بهێن ڤەدانا فەرمی ڕوژا دویڤ دا دبیتە ڕوژا ژڤانی

سالوخەتێن زەڤیێ : ڕووبەرێ ئەردی (٢٥٠ م٢) جوری زەڤیێ (زەڤیا بەتال) ئاراستا زەڤێی (ڕوژ هەلات)

دادوەر/ قیصر صائب صلاح

* * *

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کو کومپانیا (دل نازك) یا (بازرگانی گشتی وبازرگانی پاککەرەوەکان هاوردە وهەناردە / سنوردار) بریارا گهورینا (ناڤێ کومپانیێ) دایە ژ کومپانیا (دل نازك) یا (بازرگانی گشتی وبازرگانی پاککەرەوەکان هاوردە وهەناردە / سنوردار) بو کومپانیا (MINNOX مینوکس) یا (بازرگانی گشتی وبازرگانی پاککەرەوەکان هاوردە وهەناردە / سنوردار) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا دەمێ یاسایی دا سەرەدانا ڕێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازی) بو ئێکلاکرنا کێشەیان

مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن

ڕێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کو کومپانیا (بیروت تور) یا (گەشت وگوزاری و وەبەرهینانا گوزاری وڤەگوهاستنا هاوولاتیا / سنۆوردار) بریارا گهورینا (ناڤێ کومپانیێ) دایە ژ کومپانیا (بیروت تور) یا (گەشت وگوزاری و وەبەرهینانا گوزاری وڤەگوهاستنا هاوولاتیا / سنۆوردار) بو کومپانیا (تەحلاڤا TAHLAVA) یا (گەشت وگوزاری و وەبەرهینانا گوزاری وڤەگوهاستنا هاوولاتیا / سنۆوردار) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا دەمێ یاسایی دا سەرەدانا ڕێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازی) بو ئێکلاکرنا کێشەیان

مافپەروەر/ شێروان حیتو عبدالرحمن

ڕێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

SWEDO
Swedish Development Aid Organization
THE SWEDISH DEVELOPMENT AID ORGANIZATION - SINCE 1991

TENDER ANNOUNCEMENT:

SWEDO, as part of a joint project with the World Food Program, invites interested professionals to submit their bid/tender for the "provision of 1,100 palm date trees for Thi-Qar governorate and its districts".

Project Code & Name: FLA13-SWEDO-01-2020, Sustainable Livelihoods for Resilient Communities in Thi-Qar Governorate.

Proposals shall be submitted in two sealed, signed and stamped envelopes, where technical and commercial information are submitted separately, each Envelope should contain the hard copy documents and soft copy **(Flash disk)**.

The documents that are attached to this Tender are:

- **For the Commercial (priced envelop)**
  - ✓ Request for Proposal
  - ✓ Annex A Pricing list
- **For the Technical (Non priced envelop)**
  - ✓ Annex A – TOR "Terms of Reference"
  - ✓ Annex B – Bidder response document

Deadline for submission of Bid packages is 24 August 2020, 12:00PM to one of the following addresses:

- **Address #1:** Erbil office Address: 4Towers, Baharka Road, 128 Ankawa, Tower A, 7th Floor, 33A. Attention: Sandy Afram, Mob #: +964 751 726 1350.
- **Address #2:** Thi Qar Office Address: Nassiria, Baghdad Street, Al-Malk Madares Street. Attention: Salam Ebadi, Mob #: +964 780 565 1755.

Tendering Fee: free of charge.

Tender Documents: for those companies who may wish to obtain the tender documents it can be downloaded from the following websites:

- https://swedoaid.org/
- https://www.ncciraq.org

Queries shall be addressed to:

- ✓ Name: Sandy Afram
- ✓ E-mail: sandy.af@swedoaid.se



لەیادی 16 ی ئاب سالڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لاوان بۆ خەبات دەدوێن

پارتی قەڵغان و پارێزەری خاک و دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستانە

ڕاپۆرت: مسلم دۆلەمەری

16 ی ئاب دوو یادی گرنگ لە مێژووی کوردایەتی و ئازادیخوازی گەلی کوردن . دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 16ی ئابدا بووە ناسنامەیەکی هەتاهەتایەی گەلی کورد و بووە قەڵغانێکی هەمیشەی لەبەردەم دەست درێژی دووژمنانی کورد بۆ سەر مافەکانی گەلەکەمان بەرهەم و گەواهی ئەم ڕاستیانەو خەباتەی ئەم پارتەش ئازادی ئەمڕۆی هەرێم وپاراستنی گەڵ وخاکیانە لە چنگی دووژمنانمان . هەرلەم یادە پیرۆزەدا مەرجەعی گەورەی کورد چاوی بە دنیا هەڵێناوە کەلەوکاتەوە تاکو ئێستاش بووتە ناسنامەو سەرکردەو پارێزەری مافەکانی گەلەکەمان . بۆیە ئەمڕۆ بەشانازیەوە لاوانمان پیرۆزبایی ئەم دوو یادە مەزنە لە خۆیان و تەواوی مریدانی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر و گەلی کورد بەگشتی دەکەن و بۆ ئەم مەبەستەش دڵی خۆیان بۆ خەبات دەکەنەوە:

سەرەتا ڕێنجبەر هاشم گوتی : پڕ بە دڵ ئەم یادە لە خۆم و تەواوی مریدانی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر پیرۆزەکەم، بێگومان 16 ی ئاب ڕۆژێکی پڕشنگدارە لە مێژووی گەلی کورد دا چونکە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر لەم ڕۆژە دا مێژویەکی گرنگ وچارەنووس سازی گەلی کورد بوو , هەر لەو ڕۆژەوە بەگیانفیدای وشەو نخونی بارزانی نەمر ئێمەی گەیاندە سەربەخۆیی ئەمڕۆ. بۆیە پێویستە لەسەر هەموومان بەتایبەتی چینی لاوان ئەم ڕۆژانە بکەین بە هێمای سەرکەوتن و ئازادی ئەمڕۆمان چونکە پارتی و سەرکردایەتی پارتی بووە بە درێژای مێژووی خۆی کە هەمیشەخۆی کردۆتە قەڵغان و بەقوربانی دەیان لاو فیداکاری ئەم گەلە مافی میللەتی کوردی پاراستووە و هەوڵی ئازادی گەلی کوردی داوە. هەروەها پیرۆزبای وتەمەن درێژیش بۆ سەرۆکی خۆشەویستمان دەخوازم کە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا وەک خۆر لە ئاسمانی گەلەکەمان هەڵاتووە .

• نارین سادق گوتی : بێ گومان پارتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تاکو ئێستا سەرچاوەی ئەو خەبات و تێکۆشانە بووە بۆ ئامانجە نەتەوەییەکەمان کە ئەویش دیموکراتی ناوی خۆی وئازادی ومافەکانی گەلەکەمان بووە و هەمیشە قەڵغانی بەرگری خاک و نەتەوەکەمان بووە نمونەو و ڕاستیەکانی مێژووی ئەم پارتەش تۆماری سەدان داستان وگیان فیداکاری هەزاران شەهیدانمان لە پێناوی ئەم ئازادیەی وحکومەتی هەرێم وپەرلەمان و ئازادیەدا و هەمیشە پارتی وسەرکردایەتی پارتی بووە لە قۆناغە سەختەکانی سیاسی و ئابووری و بگرە سەربازیشدا کۆڵی نەداوە و قوربانی داوە بۆ سەرخستن ومسۆگەرکردنی سەرکەوتنەکانی گەلەکەمان کە ئێستاش بەردەوامە بە سەرکردایەتی سەرۆکی گەلی کورد هەمان خەباتی جاران وکۆڵنەدان و قوربانیدان بۆ گەیشتن بەلووتکەی ئازادی و سەربەخۆی کوردستان , پیرۆزە ئەم ڕۆژە پڕشنگدارە لە هەموومان بەتایبەتی دەڵێم پیرۆزبێت ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆکی هێژامان خودا تەمەنی درێژ بکات بۆمان بۆ ئەوەی گەل و نیشتمانمان پارێزراو بێت لە دەستی دووژمنان وخاک فرۆشان .

• سدیق حکیم گوتی : لە دڵەوە پیرۆزبایی گەرم لە تەواوی کوردستانیانی نیشتمان پەروەر دەکەم بە بۆنەی دامەزراندنی پارتی دایک و لەدایک بوونی سەرکردە و ڕابەری گەلی کورد سەرۆک بارزانی و لە خودای گەورە داواکارم تەمەنی درێژبکات و هەمیشە زاڵی بکات بەسەر دووژمنانی گەلەکەمان, بەراستی پێم وایە دەبێت ئەم یادە ساڵانە بەرز و پیرۆز ڕابگیرێت چونکە لەو ڕۆژەوەی کە پارتی دامەزراوە کورد بووەتەخاوەن ناسنامەی خۆیی و بگرە دوژمنان و جیهانیش دانیان بە شۆڕەش و خەباتکەرانی گەلی کورد ناوە بەسەرکردایەتی بارزانی باوک بەدەیان شۆڕش کراون بۆ ئازادی میلەتی کورد بەڵام تاکە شۆڕش و سەرکردایەتی کورد شۆڕشی بارزان بەسەرکردایەتی بارزانی نەمربووە، کە چۆکی بە دوژمن داداوە و سەدان داستانی پڕلەسەرکەوتن وقارەمانێتی تۆمارکردووە و نمونەش ئازادی ئەمڕۆی کوردستان کە بووەتە چقڵێک لە چاوی گشت دوژمنانی گەلەکەمان . دوبارە پیرۆزبێت ئەم دوو یادە پڕشنگدارە لە مێژووی پڕلە سەروەری کوردایەتیدا .

• سەرکەوت سادق گوتی : لە سەرەتادا پیرۆزبای لەخۆم و تەواوی دایکی شەهیدانی ئەم ڕێبازە و کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان دەکەم بەبۆنەی دامەزراندنی پارتی و چاو بە دونیا هەڵێنانی ڕابەر و سەرۆکی کورد و کوردستان سەرۆک بارزانی, من پێم وایە لەم ڕۆژەدا پێویستە ڕاگەیاندنەکان بەگشتی وسۆشیال میدیاکان بەتایبەتی ئەم یادە بەرزو پیرۆز ڕابگرن بۆئەوەی نەوەی ئێستامان بەباشی بزانن وتێبگەن کە پارتی بۆ دامەزراوە و بزانن کێ خەباتی کردووە کێ قوربانی وشەونخونی و ئاوارەیی و دەبەدەری وبە دەیان ساڵ دوور لە وڵات بووە بۆ ئەوەی بزانن کێ وڵات وگەلەکەی پاراستووە و کێ موزایەدەی سیاسیی دەکات وکێ گەل وخاکی دەفرۆشێت، چونکە بەراستی پێویستە لەسەر هەرکوردێکی بەشەرەف و نیشتمانپەروەر خۆی بە قەرزاری ئەم ڕۆژە بزانێت و هەمیشە سوز و وەفاداری لەم ڕۆژەدا بۆ ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر دووپات بکاتەوە بۆ ئەوەی شەهیدانمان بە نارامی بخەون و ئێمەش بگەین بە لووتکەی ئازادیمان .



ڕێنجبەر هاشم


نارین سادق


سدیق حکیم


سەرکەوت سادق





پارتی قەڵایەک لە شکۆ

ئەسرین عاسی شوانی

لە مێژووی کورد و کوردستان و بزاڤی ڕزگاری خوزییەکەیدا زۆر جۆڵانەوەو حیزب دروست بونە بە مەبەستی تێکۆشان لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافەڕەواکانی گەلەکەماندا، بەڵام زۆربەی زۆری یان دەکرێت بوترێت سەرەڕای هەموو ئەو قوربانییانەی بەخشیویانە (کە جێگای شانازی هەموونانە) بەڵام تەنها بۆ مێژوو ماونەتەوە و و نە گەیشتوونەتە ئەو ئامانجانەی کە قوربانییان بۆ بەخشیبوو. بەڵام لە 16ئابی 1946 لەوەرچەرخانێکی مێژووییدا ژمارەیەک تێکۆشەری گەلەکەمان بەڕابەرایەتی مەلا مستەفابارزانی پارتێک ڕادەگەیەنن بە ناوی پارتی دیموکراتی کورد.

ئەمڕۆ 74 ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دا تێ دەپەڕێت کە لە ساڵی 1946 بە سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی دامەزرا، تا ئێستا سەرەڕای سەدان کۆسپ و تەگەرەو موئامەرەی نێوخۆی و نێودەوڵەتی و جیهانی پارتی هەر لەسەر پێی خۆیەتی و ڕۆژ بە ڕۆژوو ساڵ دوای ساڵ لە گەشەکردن و گەیشتن بە لوتکەیە بە پێچەوانەوە دەبینین چەندین حیزب دروست بونەو بە تێپەڕینی کات لاپەڕەیەکیان لە مێژووی گەلەکەمان نەنەخشاندوە بەڵام دەبینین پارتی لە گەشەی بەردەوام و گەیشتن بە لوتکەی کوردایەتیە و دوا هەڵبژاردنی پەرلەمای کوردستانیش شاهیدی ئەو سەروەریەیە کە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرکردەیەک ئەو حیزبە بەڕێوە دەبات کە سیمبولی کوردایەتیەو هەر ئاواش دەمێنێتەوە.

پارتی لە نێوان ساڵانی 1946 تا 2011 سیانزە کۆنگرەی خۆی بەستوە لەوانە چوار کۆنگرەی لەبەغداو چوار کۆنگرەی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی باشوروو دوو کۆنگرەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سێ کۆنگرەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەستوەو لە ئامادەکاریشە بۆ بەستنی کۆنگرەی چواردەهەم کە دڵنیام کە کۆنگرەیەکی جۆری دەبێت، وەک چۆن لە کوردستان حیزبی ژمارە یەکە لە ناوچەکەو جیهانیش جێگای ڕامانە , لە یادی دامەزراندنی پارتی سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدە سەربەرزەکان دادەنوێنم وسڵاو دەستی تێکۆشەرەکانیشی بە گەرمی دەگوشم.



پارتی وەرچەرخانێکی مێژوویی لە خەباتی میللەتی کورددا

دیلان شاڵی*

١٦ ی ئابی ١٩٤٦ ڕۆژێکی یەکجار مەزن و دەروشاوەیە لە دیرۆکی نەتەوەی کورددا، ڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێشەنگی بارزانی نەمر، لەم ڕۆژەوەبە دامەزراندنی پارتی مێژووی گەلی کورد وەچەرخانێکی گرنگ بەخۆیەوە گرت، گەر لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی (٧٤) ساڵەی پارتی هەڵدەینەوە ئەم ڕاستییە بە دەر دەکەوێ و بەو حەقیقەتە دەگەین، کە مێژووی گەلی کورد لە ماوەی ٣ چارەگە سەدەدا بریتییە لە مێژووی شۆڕش و تێکۆشانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

پارتی وەک پێویستییەکی مێژوویی لەسەر دەستی ڕابەری مەزنی نەتەوەیی کورد بارزانی نەمر دامەزرا، ئەم پارتییە پێشڕەوە هەر لە بنەڕەتدا بۆ خزمەت و بەرژەوەندی کورد و کوردستان هاتە بوون و وەک پارتێکی نەتەوەیی و سیاسی (٧٤) ساڵە بەرگری لە ناسنامە و ماف و داوا ڕەواکانی گەلی کوردستان دەکات (٧٤) ساڵە سەرکردایەتی بزافی ڕزگاریخوازی لە کوردستاندا دەکات و دوور لە موساوەمە و دابڕان هەمیشە لە هەوڵ و خەباتی بێ وچاندا بووە تا ئازادی و ڕزگاری بۆ کورد و کوردستان فەراهم بکات.

پارتی توانی گەلی کوردستان بە شێوە خەبات و تێکۆشانێکی هاوچەرخ و کاریگەرانە ئاشنا بکات و هەستی نەتەوایەتی و ئیرادە و ئومێدی ڕزگاری لە ناخی مرۆڤی کورددا بچێنێ لە خەباتی پارتی دا زۆر بنەما و خەسڵەتی تایبەتی هەن لە سیاسەت و تێکۆشان و ئامانجەکانیدا بەدەر کەوتوون و کار و کۆششی لەسەر کردوون.

یەک لەوانە چەمکی دیموکراتییەتە کە ناو و هەرەمی خۆی لەسەر دامەزراندووە و پەیڕەوی لە پرەنسیپەکانی ئەم چەمکە کردووە و هەر لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ زۆر بە جدی سەر ڕاستانە دیموکراتییەت دروشم و ئامانجی سەرەکی بووە لە کوردستان و عێراق دا . بە درێژایی خەباتی پارتی دیموکراتییەت بە بەرنامە و پلان و پەیڕەوێکی ڕۆژانە و ستراتیژانە بووە و فیکر و هەڵوێست و تێکۆشانی خۆی لەسەر ناوەڕۆک و پرنسیپەکانی ئەم چەمکە بنیات ناوە و وەکو سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و ئامانج داری پارتی لە ناوخۆی خۆی و لە کۆمەڵگاو لە کارو کۆششە دیپلۆماسیی و شۆڕشگێڕی و پەیوەندییەکانی ڕەچاو کردووە.

بڕوا پتهێنان و هەڵکردنی ئالای (دیموکراتییەت) لە لە سەدەی ڕابردوو بەر لە (٧٤) ساڵ بەر لە ئێستاوە، دەتوانین زۆر واتای گرنگی تیا بخوێنینەوە... هەڵبژاردنی چەمکی دیموکراتییەت لە بارودۆخی ئەوکاتەی کوردستان و ناوچەکە و جیهان دا دوربینی و واقع بینی بارزانی نەمر و پارتی دەبەخشێ و نیشانەی جیهانبینییەکی دەوڵەمەند و هەزری حەکیمانەی بارزانی و پارتییە، واتای ئەوەیە پارتی لە ناو جەرگەی جەماوەر دروست بووە و خەباتی هەر لە پێناو جەماوەردایە، بەرز کردنەوەی دیموکراتییەت وەک دروشم و ئامانج و مومارەسەکردنی بە درێژایی خەبات نیشانەی ڕەسەنایەتی و ڕاستگۆیی پارتییەو لە هەردوو ڕووی تیوری و پراکتیکییەوە هەمیشە گرنگی و بایەخی تەواو بە پرنسیپەکانی دەموکراتییەت و پەیڕەوکردنیان دراوە و بە جۆرێک لە بیری بارزانی و خەباتی پارتی دا جێگر و چەسپاوە کە هەمیشە وەک بنەمایەکی سەرەکی بە باوەڕێکی پتەوەوە کاری پێکراوە چ لە ناو خۆی حزب یان بزافی ڕزگاریخوازی کوردستان بەگشتی و چ کاری پەیوەندی دیپلۆماسی لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و دەرەوەی کوردستان. ئەم ڕاستیانە گەواهی ئەوە دەدەن کە پارتی پارتێکی پێشکەوتنخواز و ئاشتی ویست و دادپەروەرە، دژی هەر جۆرە بیر و ڕەفتارێکی خۆپەرستانە و زۆردارانە و دیاگۆجییەت و دیکتاتۆرییەت و ڕەت دەکاتەوە، بڕوای تەواوی بە ئازادی بیرو ڕا دەربڕین و فرە حزبی و فرە ئایینی و مەزهەبی هەیە. پارتی بڕوای بە دیالۆگ و ژیانی شارستانیانە هەیە و دەخوازێت هەرچی کارو کردەوەی نا شارستانی و نامرۆڤانە و نا مەدەنیانە هەیە هەوڵی لە خۆ دوور خستنەوە و قەڵا چۆکردنی بدرێت.

لە ئەدەبیات و فەرهەنگی خەباتی پارتی دا دیموکراتییەت بنەما و ئامانجێکی شکۆدارە، لە ڕیزەکانی خۆیدا بەر لە هەر کارێکی تر پەیڕەوی لێ کردووە بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرەکان و پەیڕەو کردنی سیستەمی هەڵبژاردن و هەروەها بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەزموون و تێکۆشانی پارتی بەرامبەر پرنسیپەکانی دیموکراتییە باشتر بەدەرکەوتوون.

پارتی لە پێناو خزمەت و بەرژەوەندی کورد و کوردستان دا مەزراوە، بۆیە بە درێژایی (٧٤) ساڵەی خەباتی ئەزموون و دسکەوتی زۆری بۆ گەلەکەی بەدەست هێناوە و هیچ کۆسپ و ناڵەباری و پیلان و نوشستییەک نەیتوانیوە زەفەر بە پارتی بەرێ و لە ڕەوتی خەباتی دابڕین، بەڵکو پارتی دیموکراتی کوردستان هەردەم سوور بووە لە بەردەمی شۆڕش و بەرەو پێش بردنی بزووتنەوەی ئازادی و ڕزگاریخوازی کورد و کوردستان.

پارتی هەمیشە ئامانجەکانی ئامانجی هەموو خەڵکی کوردستان بووە و هەمیشە لەگەڵ میللەتدا سەرڕاست بووە، بۆیە هەمیشە میللەت بڕوای خۆی بە پارتی داوە و هیوا و ئومێدی پێی هەبووە و چارەنوسی خۆی بە بوون و مانەوە و هەڵوێست و خەباتی پارتییەوە گرێداوە، دیارە پارتیش بە شانازییەوە هەردەم هەوڵی داوە جێگای ئەم بڕواو متمانەیەی گەلەکەی بێت و هیچ کاتێ سڵ لە زەحمەت و قوربانی دان نەکاتەوە کە سوود و بەرژەوەندی میللەتی تێدابێ.

بێ گومان خەباتی بەردەوام و پڕ بەرهەم و سەروەری (٧٤) ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ حیکمەتی بیر و ڕەفتار و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی نەمر .کە هەمیشە سەنگی مەحەک بوون بۆ ئەم خەباتە دەوڵەمەند و نەپساوەی پارتی .

*ئەندامی مەکتەب لە د. چاودێری و بەدواداچوون.

گابریل گاریسیا مارکێز لە نێوان ڕۆمان و سینەمادا







حەیدەر عەبدولڕەحمان

ڕەخنەگرە سینەماییەکان دەڵێن: چەند ئەوەندەی گابریل گاریسیا مارکیز داهێنانەکانی خۆی پێشکەش بەجیهانیی ئەدەبی کردووە، ئەوەندەش خزمەتی هونەری سینەمای کردووە، چەند هەوادارو ئاشق بەڕۆمانەکانی هەیە، ئەوەندەش لەوانەی بەکەفو کوڵەوە شەیدای بینینی ئەو فیلمانەن کە لەڕۆمانەکانی ئەو وەرگیراون، یا ئەو سیناریۆیانەی مارکێز نووسیوویەتی. ئەوەتا ژمارەی ئەو فیلمانە ژمارەیەکی ئێجگار زۆرو زەوەندن، کە گەورەترین دەرهێنەرە سینەماکارەکان کاریان لەسەر کردووە، جگە لەوەش ئەو کاتەی کە مارکێز بەرپرسی ئەکادیمییای سینەما بووە لەکۆبا، زۆر سیناریۆی سینەمایی نووسیووە، کە هیچ پەیوەندییەکییان بەڕۆمانەکانییەوە نەبووە، وێڕای ئەو سیناریۆیانەی لەمەکسیك دەیانیی نووسی.

بۆیە ئەمڕۆکە فیلمێکی زۆر هەن ناوی مارکێزییان بەسەرەوەیە چ ئەوانەی لە ڕۆمانەکانییەوە وەرگیراون، چ ئەوانەش ئەو خۆی وەك سیناریۆ نووسیوویەتی .

ڕۆمانی (خۆشەویستی لە زەمەنی کولێرادا) یەکەم فیلم نیە کە لە کارەکانی مارکێز وەرگیرابن، بەڵکو پێش ئەو فیلمی (ئاریندیرای کێوی) هەبوو کە ساڵی 1983 لەلایەن دەرهێنەری بەرازیلی (ڕای جویرا) بەرهەم هاتوە، لەهەمان ساڵیشدا دەرهێنەری ئاسراوی ئیتاڵی (فرانسیسکۆ) ڕۆمانی (ڕوداوی مردنێکی ڕاگەیاندراو) ی دەرهێناوە، کەهەردوو ئەکتەری جیهانیی (ئەفیریتو ئارنیللا) ڕۆڵی پاڵەوانییەتییان تیادا بینییووە، هەروەها ڕۆمانی (کۆلۆنێل شتێکی نییە بۆ نووسین) ساڵی 1999 لەلایەن دەرهێنەری مەکسیکی (ئارتۆرۆ ریمبیستین) کرایە فیلمێکی سینەمایی، لەنواندنی (فرانسۆ لوجان و سەلما حایك) بوو، دواتر فیلمێکی دیکەی بەناوبانگی شاکارەکانی مارکێز کە لەساڵی 2004 بەرهەم هاتووە، فیلمی (لەکاتژمێری پەشێوی) دابوو لەلایەن دەرهێنەری بەرازیلی (ڕای جویرا) دەرهێنەراوە.

ڕەخنەگرە سینەماییەکان دەڵێن چەند ئەوەندەی مارکێز دەست ڕۆیشتوو بووە لەنووسینی ڕۆماندا، ئەوەندەش توانستی نووسینی سیناریۆی هەبووە، لەچەندین ئەزموونیشدا ئەو ڕاستییە ئاشکرا بووە، ئەمەیە وای کردووە مارکێز لەڕۆمانەکانیدا زەمینە خۆش بکات بۆ دروست کردنی وێنەی سینەمایی.

ئەو لێك نزیکییە لەنێوان ڕۆمان و سیناریۆی وێنەیی، وای کردووە ئەو فیلمانەی لە ڕۆمانەکانی مارکێز بەرهەم هێنەراون، ببن بەخاوەنی زۆرترین داهات، وەك ڕۆمانەکانی بوون بەخاوەنی زۆرترین خوێنەر لە جیهاندا.

ئەم دوو باڵیە لەنێوان ئەدەب و هونەردا وای کردووە هەوادارانی مارکێز ببن بەدوو ئەوەندەی خۆیان لەهەموو جیهاندا .

فیلمی(خۆشەویستی لەزەمەنی کولێرادا) ئەگەرچی ڕۆمانەکەی بەزمانی ئیسپانی نووسراوە، بەڵام فیلمەکە پشتی بەدەقە ئینگلیزییە وەرگێڕاوەکە بەستووە، هەروا ڕۆمانی یادی سۆزانییە خەمبارەکان کە لەلایەن دەرهێنەری دانیمارکی(هۆنگ کاسلن) کراوەتە فیلم بەهەمان ئاستی فیلمەکانی تر سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێناوە، فیلمەکە باس لەخۆشەویستی پیرەمێردێکی ڕۆژنامەنووس دەکات لەگەڵ کیژۆڵەیەکی چواردە ساڵی، ئەو فیلمە لەخولی پانزەهەمینی فیستیڤاڵی ئیسپانیا نمایش کرا، کە تێیدا ئەکتەری ناسراوی فەرەنسی(جیرالد شاپلن) ڕۆڵی پاڵەوانییەتی تێدا بینی .

ئەم فیلمە دوای ڕەزامەندی وەرگرتنی ڕەزامەندی خانەوادەکەی مارکێز لەلایەن (کارلسن و جان کلود) سیناریۆکەی بۆ نووسراو بۆ سینەما ئامادە کرا.

سیناریۆکە لەرەسەندا بەزمانی دانیمارکی بوو، دواتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیسپانی، وێنەکانی لەویلایەتی (کامبتشی) خوارووی مەکسیك گیراوە .

دوای ئەو سەرکەوتنەی فیلمی (لەمەڕ خۆشەویستی و ئەهریمەنەکانی تر) و سرنج ڕاکێشانی خەڵکی و ڕەخنەگران، لەفیستیڤاڵی نیو دەوڵەتی(کارتا خیتادی ئەندیاسی) جارێکی دیکە فیلمەکە لەکۆلۆمبیا نمایش کرایەوە، فیلمەکە باس لەروداوێك دەکات لەسەدەی هەژدەهەم، کاتێ منداڵێکی تەمەن 13 ساڵی بەناو(سیدبا ماریا) لەچینی نەجیب زادەکان دووچاری ڤایرۆسی نەخۆشی گازە سەگ دەبێت، لەو کاتەدا مەزەندەی ئەوەی بۆ دەکەن کە بەپێی داب و نەریتە کۆنەکان دەستی جنۆکەی لەسەرە، دواتر ڕاهیبەیەکی ئیسپانی گیانی منداڵەکە لەو خەتەرناکییە ڕزگار دەکات .

کلارا ماریا - بەرهەم هێنەری فیلمەکە دەربارەی ئەم فیلمە دەڵێت: ڕەخنەگرەکان وای بۆ دەچن کە تا ئێستا ئەم فیلمە باشترین فیلمێك بووە لەو فیلمانەی کە لەڕۆمانەکانی گەورە نووسەری کۆلۆمبی گابریل گاریسیا مارکێز ئەنجام درابێت، بۆیە ئاواتەخوازین فیلمەکە سەرکەوتنی گەورەتر بەدەست بێنێت، بێگومان ئەوەی ڕۆمانەکەی خوێندبێتەوە ئەوە دەزانێت کە فیلمەکە هەموو تۆڕەکانی کۆمەڵگا ناگرێتەوە، بەڵکو ئەوانە دەکەونە ژێر کاریگەری فیلمەکە کە دووچاری داوی خۆشەویستی هاتوون .

ئەم فیلمە 2.2 ملیۆن دۆلاری تێ چووە، چواردم بەرهەمی سینەمایی بووە کە لە شاکارەکانی مارکێزەوە کرابن بەفیلم .

بەر لەوەی مارکێز دەرگا بەڕووی بەرهەم هێنەرەکانی سینەما بکاتەوە بۆ بەفیلم کردنی ڕۆمانەکانی، ترسێکی زۆری هەبوو کەسینەما دەستی بەسەر ڕۆمانەکانیدا نەشکێ و ئەو فیلمانە ببن بەمایەی بەها شکاندنی ڕۆمانەکانی، کە ئەو زۆر بە پیرۆزییەوە هەڵسوو کەوتی لەگەڵدا دەکردن، بۆیە بۆ ماوەیەکی ئێجگار زۆر ڕەزامەند نەبوو لەم بارەیەوە، بەڵام دواتر دوای بەڵێن وەرگرتن لەبەرهەم هێنەرەکان کە بتوانن وەك پێویست بەرجەستەی کارەکانی بکەن، ئینجا ئەو دەرگایەی خستە سەرپشت بۆ هەندێ لەو بەرهەم هێنەرانە .

ئەو ڕەواجەی فیلمەکانی مارکێز لەجیهانیی سینەمادا بەدەستی هێنا، وای لە زانکۆی(ماجدالینا)ی کۆلۆمبی کرد، دکتۆرای فەخری لە بواری سینەمادا بە مارکێز ببەخشێت .

مارکێز ئەگەرچی لەدەسپێکدا ڕێگر بووە لە بەفیلم کردنی کارەکانی بەڵام ئەو خۆی ئاوێتە بوونێکی زۆری هەبوو لەگەڵ سینەمادا، ئەو خۆی یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی فیستیڤاڵی هاڤانای سینەمایی و دامەزرێنەری سینەمای نوێ لەئەمریکای لاتینی .

بەگشتی گرنگترین سیناریۆکانی مارکێز بریتی بووون لە:

گەڵاوەریوەکان 1955

شتێ نیە کۆلۆنیل بینووسێت 1961

لە کاتژمێرێکی پر لەپەژارەییدا – 1962

سەد ساڵ لەگۆشەگیریدا – 1967

پایزی بەتریك – 1975

ڕوداوی مردنێکی ڕاگەیاندراو – 1981

خۆشەویستی لەزەمەنی کولێرادا – 1985

دەربارەی خۆشەویستی و ئەهریمەنەکانی تر 1994

یادی سۆزانییە خەمبارەکان – 2004

بەقسەی ڕەخنەگرە سینەماییە جیهانییەکان، فیلمی خۆشەویستی لەزەمەنی کولێرادا دیارترین و بەرچاوترین ئەو فیلمانەن کە لە ڕۆمانەکانی مارکێز وەرگیرابن، فیلمەکە لەلایەن دەرهێنەر (مایك نۆبل) دەرهێندراوە، ئەکتەرانی وەك (خافییر باردم و بننجامین برات جیۆڤانا میزو گیور) ڕۆڵی تێدا دەبینن، ساڵی 2007 بەرهەم هاتووە، 50 ملیۆن دۆلاری تێ چووە ..

ستایندۆف – ی بەرهەم هێنەر بۆ ماوەی سێ ساڵ هەوڵی لەگەڵ مارکێز داوە بۆ ڕازی بوونی تا ڕۆمانەکە بکرێتە فیلم. ڕوداوەکانی ئەم فیلمە لەسەر زێ ی (ماگدالینای) وڵاتی کۆلۆمبیا وێنەی گیراوە، باس لەسەردەمی دوای کولێرا دەکات .

بۆ یەکمجار بووە هۆلیۆد لەم فیلمەدا کار لەسەر ڕۆمانەکانی مارکێز بکات، گۆڤاری کولۆمبی ڕینستاسیان دەڵێت: کاتێ (ستایندۆف) لە مەکسیك فیلمەکەی نمایش کرد، مارکێز خۆی ئامادەی نمایشەکە بوو، دوای کۆتایی هاتنی نمایشەکە بەرووخسارێکی پڕ لەزەردەخەنە سێ جار لەسەر یەك گوتی:

براڤۆ . براڤۆ . براڤۆ

براڤۆ . براڤۆ . براڤۆ



لەیادی 16ی ئابی شکۆداردا، پارتی و ڕێبازی بارزانی ریشەی مێژوویی(74) ساڵەی خەباتی نەپساوەی گەلەکەمان پێک دەهێنن، هەرگیز لە یەکتر جیا نابنەوە



ڕووسیا و ئاڵوگۆڕییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

خۆشەوی مەلا بڕایم

یەمەن


ڕووسیا هەڵوێستێکی نادیاری بێتلایەنی بەناو ئاشتیخوازانەی لە هەمبەر کێشەی ناوخۆیی یەمەن گرتووەتەبەر و بە ڕێگەی ڕێککەراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەوڵ دەدات، کە لایەنەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆبکاتەوە.. ئێران زۆر هەوڵیدا، کە ڕەزامەندیی بە ڕووسیا بهێنێت، کە پشتگیری لە بزوتنەوەی حوسییەکان بکات و لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا بڕیاری پێویست بۆ پشتگیری ئەو بزوتنەوەیە بدات. لەهەمانکاتدا چەندان جار شاندی عەرەبستانی سعودیاش سەردانی ڕووسیایان کرد، ئەو سەردانانە بوونە جێگەی دوودڵی حوسییەکان، کە پێوەندییەکی نهێنی لە نێوان سعودیا و ڕووسیادا هەیە، بۆیە هاتنی شاندی حوسییەکان بە فەرمی ڕاگیرا. جێگری پادشای سعودیا لە سەردانی بۆ فۆرمی سانك پیتربۆرگ ڕایگەیاندووە، کە لەو نێزیکانەدا پادشای سعودیا سەردانی موسکۆ دەکات، کە هەر ئەو سەردانەش بووە مایەی ئەوەی حوسییەکان بۆ جاری دووەم سەردانی ڕووسیا نەکەن. لە سەرەتای ئاڵۆزییەکاندا شاندێکی حوسیی سەردانی ڕووسیای کردبوو، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی باسی لێوە نەکراوە. ڕووسیا دەیەوێت، کە کەڵك لەو بارودۆخە نوێیە وەربگرێت، چونکە نایەوێت بۆ خاتری یەمەن، کە داهاتووکەشی دیار نییە، وڵاتانی میسر، ئوردن و سعودیا لە خۆی بتۆرێنێت.مەترسی عەرەبستانی سعودیا و ئەمریکا لەوەوە سەرچاوە وەردەگرێت، کە حوسییەکانی یەمەن بەناوی (ئەنسارولا) لەگەڵ شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی سعودیا، کە ناوچەی هەرە نەوتین یەکدی بگرن، بۆیە سعودیا سەرەڕای ناکۆکییەکانیان پشتگیری لە ڕژێمی پێشوو دەکات و بالیۆزخانەیشی بۆ عەدەن گواستووەتەوە. ئێران و ڕووسیا هەوڵ دەدەن، کە بە ڕێگەی ئاشتیخوازانە کێشەی یەمەن و بەحرێین چارەسەر بکەن.. (جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ کاروباری وڵاتانی عارەبی و ئەفریقا (حوسێن ئەمیر عەبدولاهیان) سەردانی موسکۆی کرد و چەندان دیداری لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە و ئەنجومەنی فیدراڵی ئەنجامدا، دیارە دەیەوێت، کە پشتگیری ڕووسیا لەبارەی یەمەن بەدەست بهێنێت، وەزیری دەرەوەی سعودیاش تەلەفۆنی بۆ لاڤرۆڤ کرد و داوای هەڵوێستی هاوبەشی یاخۆ دژایەتی نەکردنی ڕووسیای کردووە، لەکاتێکدا ئەوە دووەمین جارە، کە وەزیری دەرەوەی سعودیا سەردانی ڕووسیا دەکات،

نوێنەری (خامنەئی)یش عەلی سەعید وتی: کە سنووەرکانی کۆماری ئیسلامی تا کەنارەکانی دەریایی ناوەڕاست دریژەیان هەیە، واتە هەتا کۆتایی سنووەرکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کەنداوی باب ئەلمەندێب لە یەمەن گواستراونەتەوە، عەلی ئەکبەری ناتقی نوریش وتی: کە شۆڕشی ئیسلامی ئێران گەیشتووەتە ئامانجەکانی لە سوریا، عێراق، لوبنان و یەمەن و ئینقلاب هەنارد کراوە.

عێراق

هەتا بەر لە ساڵی 1990 ساڵانە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و عێراق لە ئاستی 8 ملیارد دۆلاردا بووە. عێراق لە ڕووی نەوت و یەدەکییەوە یەکێکە لە وڵاتانی پێشەوە و لە ڕووی جوگرافیاشەوە یەکجار گرینگ و سەرنجڕاکێشە. وڵاتانی ڕووسیا، چین، فەرەنسا، ئیتاڵیا و ئەڵمانیا لە بەرئەنجامی ڕاگرتنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا زیاتر لە 220 ملیارد دۆلار زیانیان بەرکەوتووە، بۆیە لە کاتی شەڕی ئەمریکا و عێراق ئەو وڵاتانە دژی دەستێوەردانی دەرەکی ئەمریکایی بوون و نەهاتنە پاڵ هاوپەیمانان. ڕووسیا، چین و فەرەنسا هەوڵیان دەدا، کە لە عێراق دا ڕۆڵی UN بخەنە گەڕ و عێراق لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بێتە دەرەوە. هەروەکو دەزانن ئێستەش عێراق دووبارە بە ڕێژەیەکی زۆرەوە چەك لە ڕووسیا دەکڕێت.

بە درێژایی چەندان دەیەی سەدەی ڕابردوو عێراق یەکێك لە هاوپەیمانانی بازرگانی نێزیکی یەکێتیی سۆڤیەت بووە، لە دوای ساڵانی نەوەدەکانەوە ئابلۆقەی قەدەخەی هاوردەکردنی چەك لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەسەر عێراق دا پێڕەو کرا. لە ساڵی 2003 دا حکومەتی عێراقی ڕووخاێندرا، ڕووسیاش ئەو گۆڕانکارییانە بە زیانی خۆی دەبینێت و زۆر جار ڕەخنەی توند بە تۆمەتی لەناوبردنی حکومەتەکانی نێزیك لە ڕووسیا وەکو لیبیا، عێراق ئاراستەی ڕژێژاوا دەکات، ئێستەش بە هەموو توانایەوە بەرگری لە حکومەتی سووریا دەکات. هەوڵەکانی دووبارە نۆکردنەوەی پێوەندیی بازرگانی بە شێوەیەکی جدی لە پاش ڕووخانی ڕژێمی عێراق لەلایەن وەزیری دەرەوەی عێراق هوشیار زێباری دەدران و چەندان جار سەردانی ڕووسیای بۆ ئەو مەبەستە کرد و توانی، کە ڕەزامەندی لەسەر لێخۆشبوونی قەرزەکانی عێراق لە ڕووسیا لە ڕێکەوتی 11ی فێبریوەری 2008 بە ڕێژەی لە 93% ئەو قەرزانە، کە بڕی گشتیی 12,9 ملیارد $ بووە وەربگرێت. کێشەی قەرزەکانی عێراق وەکو بەربەستێکی گەورە لە پێناو لەناوبردنی بەندی 7ی UN بوون. لە بەرئەنجامی چەندان تەندەری وزە و کارەبادا کۆمپانیاکانی ڕووسیایی وەکو لوك ئۆیل، گازپڕۆم نەوت باش نێفتی ڕووسیا توانیویانە، کە کۆنتراکتی گەورە لەو ڕووەوە لەگەڵ عێراق مۆر بکەن و بگەڕێتەوە ئەو شوێنانەی، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا واژۆیان لەسەر کرابوو. ئەو ڕێکەوتنامانەی، کە بە هاوبەشی لەبارەی کرینی چەك واژۆ کراون لایەنی فەرمی ڕووسیایی میخائیل بەگدانۆف جێگری وەزیری دەرەوە و نوێنەری پوتین بۆ کاروباری ناوەڕاست دەڵێت: ك



هاوکارییەکانمان لەگەڵ عێراق لەسەر بنەمایەکی هەمیشەیی دەبن و لە ساڵی 2012 دا ڕێکەوتنامەیەکی سوپایی - تەکنیکی لە نێوان ئێمە و عێراق بە بڕیی 4,3 ملیارد دۆلار مۆرکراوە تا ئێستە 43 هەلیکۆپتەر، کە بە شکاری شەوانە دەناسێندرێن ڕەوانەی عێراق کراون، کە توانیویانە باش بەکار بهێندرێن، ناوبراو دەڵێت: پێویستە کە ڕووسیا یارمەتی عێراق بدات و فڕۆکەوانانی عێراقیش لە ڕووسیا ڕاهێنانیان پێکراوە.

بەغدا و موسکۆ دووبارە پەرە بە هێزی چەکی خۆیان دەدەن:

بەپێی سەرچاوەی بەرپرسی یەکێتیی بەرهەمهێنەرانی چەك (پوخۆڤ) و پسپۆری ناوەندی تەکنیکی و ستراتیجی (دێنیسێنسۆڤ: (لە مانگی 6ی ساڵی 2015دا (3) جۆر چەکی دیکەی قورسی «sun TOS-1A» گەیشتنە عێراق، کە ئەو هەنارەیە بەشێکە لە ڕێکەوتنامەی ساڵی 2013 بە بڕی 1,6 ملیارد $، کە لەبارەی ئەو چەکانەوە لەگەڵ عێراق واژۆ کراوە. ماوەی 20 ساڵە، کە ڕووسیا چەکی بە عێراق نەفڕۆشتووە. لە ساڵی 1958 بۆ 1990 ڕووسیا (یەکێتیی سۆڤیەتی جاران) بایی 30,5 ملیارد $ چەکی فڕۆشتووە و licenses) 60) جۆر بەرهەمهێنانی چەکی فڕۆشتووە. لە ساڵی 2012 گرێبەستێك بە بڕێی 4,2 ملیارد $ واژۆ کراوە، کە (48) ڕۆکێتی زێنیتی دژی هەوایی Car-apace-C1» و (40) هەلیکۆپتەری Mi-28NE لەخۆدەگرێت. لە ساڵی 2013 دا دووبارە ڕێکەوتنامەیەکی دیکەیش بۆ فڕۆشتنی شەش هەلیکۆپتەری Mi-35M مۆرکراوە لە ساڵی 2014 هەلیکۆپتەرێکی نەوەی نوێی چەکی ڕووسیایی بە ناوی Mi-28NE هەنارەد کراوە لایەنەکانی بەرپرس دەڵێن: ئەمریکا چەندان جار ویستویەتی، کە بەربەست چێ بکات، بەڵام ئێمە دۆستانمان بەجێناهێڵین و یارمەتیان دەدەین، دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت، کە بە هەنارەدکردنی ئەو چەکانە پێگەی سوپایی ڕووسیا بەهێز دەکەن.

•عێراق لە بواری کرینی چەکدا بە پێش چین کەوتووە، تەنیا لە پاش هیندستاندا بووە، بەپێی داتاکانی سەرۆکی خزمەتگوزارییەکانی فیدراڵی چەك و تەکنۆلۆژیایی ڕووسیا (ئەلیکساندر فۆمین) لە ساڵی 2014 دا ڕووسیا (9) فڕۆکەی Su-25 و 12 دانە heavy flamethrower system TOS-1A و 6 هەلیکۆپتەری Mi-28NE و 10 هەلیکۆپتەری دیکەی Mi-35M، هەروەها سیستەمی بەرگری ئاسمانی Carapace-C1 داوەتە عێراق، کۆی ئەو هەناردانە بایی 1,7 ملیارد $ بووە.

•پسپۆرانی ڕووسیایی دەڵێن هۆکاری کرینی چەکی ڕووسیایی بەو ڕێژەیە بۆ جۆراوجۆریی و لابردنی بیرۆکراتیەتی هەناردنی چەکی ئەمریکایی بۆ عێراق دەگەڕێتەوە.

سیستەمی بەرگری Carapace-C1 heavy flamethrower system TOS-1A

عێراق خۆی بەدەستپێشخەر لەگەڵ کۆمپانیای لوك ئۆیڵ دەزانێت عادل عەبدولمەهدی لە سمیناڕێکدا لە کۆبوونەوەی ئۆپێك وتی، کە پێوەندییەکانمان لەگەڵ ڕووسیا زۆر جدییە و دەمانەوێت، کە کۆمپانیایەکی هاوبەش بەکار بخەین. زۆر لە کارەکانی لوك ئۆیڵ ڕازین. سەرمایەگوزاری ئەو کۆمپانیایە لە (قورنە 2) بریتییە لە 5,3 ملیارد $ لوك ئۆیڵ دەیەوێت، کە بەشداری لە تەندەری ناسرییەدا بکات، هەروەها پاڵاوگەیەکی نەوت تا 300 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرهەم بهێنێت. هەر لە بارەیەوە عێراق بایی 2,6 ملیارد $ قەرەبووی کۆمپانیای «LUKOIL» کردووە و بڕیارە، کە 1,7 ملیارد $ دیکەیش بدات و تا کۆتایی پایزی 2015 تەواوی 5 ملیارد $ قەرەبووەکان بدەنەوە. هەر لە ساڵی 2015 دا حکومەتی عێراق بایی 612 ملیۆن دۆلاری وەکو قەرەبووی (قورنە 2) داوەتە کۆمپانیای «LU-KOIL» و 30 ملیۆنیش وەکو پاداشت remuneration داوەتە ئەو کۆمپانیایە. لە سەرەتای مانگی مارسی 2015 دا جێگری سەرۆکی ئەو کۆمپانیایە (لیۆنید فیدۆن) وتی: کە عێراق بە شێوەیەکی گشتیی بایی 2,6 ملیارد $ وەکو قەرەبوو ڕادەستی ئەو کۆمپانیایە کردووە، کە کۆی خەرجییەکانی لە (قورنە 2) بریتییە لە 5 ملیارد $، کە بڕیارە تا کۆتایی پایزی 2015 ئەو بڕە بە تەواوی وەربگرنەوە.هەندێ کەسایەتی ڕووسیایش فڕۆشتنی چەك بە عێراق بەبێ هیچ مەرجێك بە مەترسییەك بۆ خودی عێراق دەبینن لەو ڕووەوە پسپۆری ڕۆژهەڵاتناس د. ستانیسلاف ئیڤانۆڤ بۆ kurdistan. ru دەڵێت: کە عێراق وەکو وڵاتێکی یەکگرتوو نەماوە و بە هاوردەکردنی ئەو بڕە چەکە پێشکەوتووانە بەرەو ڕووخانی زیاتر دەچێت، لەکاتێکدا عەبادیش کەسایەتییەکی زۆر لاوازە و سوپایەکی دامەزراوەشی نییە، دیارە لەبەرئەوەیە، کە ئەمریکاییەکان پەلە لە هەناردنی چەك ناکەن، نابێ ڕووسیاش تەنیا چاوی لە سوودێکی خێرا بێت، بە ڕێگەی هەناردنی ئەو چەکانەش دەتواندرێت، کە ئاکامی نەرێنی و خراپیان بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێبکەوێتەوە. ئەوەی لە میدیاکانەوە دەبینرێت و دەخوێندرێتەوە ئەوەیە شاندی فەرمی عێراق زوو زووسەردانی ڕووسیا دەکەن، کە وا لە خوارەوە بەشێك لە پرێس کۆنفرانسی هاوبەشی نێوان لاڤرۆڤ و جەعفەری دەهێنینەوە:لاڤرۆڤ: (ئێمە بە باشترین شێوە پشتگیری عێراق لە ڕووی دابینکردنی تەکنیکی چەك دەکەین و بە تەواوەتی لەسەر پرسە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هاوڕاین و لەگەڵ سەربەخۆیی عێراق و دژی دەستێوەردانی دەرەکین و لەگەڵ عێراقێکی یەکگرتوو دایین، ئێستە کێشەی سەرەکیی دژایەتیکردنی تیرۆریزمە، ئێمە لەگەڵ دایەلۆگی نەتەوەیی و تەبایین و پێویستە، کە لەگفتوگۆکاندا حیسابی بەرابەر بۆ ئێران لەبارەی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا بکرێت، ئێمە ئامادەین، کە بەڕێگەی یوئێن و ئەنجومەنی تەناهیی هەڵوێستێکی هاوبەش لەبارەی پەربەرەکانیکردنی تیرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقادا دابڕێژین، باسی شەڕی سوریا، کێشەی ئەتۆمی ئێران، کێشەی یەمەن و باکوری ئەفریقاش کراوە.

جەعفەری: حکومەتی عێراق لە هەموو پێکهاتەکانەوە دامەزراوە، ئێمە بە هاوبەشی لەگەڵ سوپا، حەشدی شەعبی، پێشمەرگە و هۆزەکانی دیکەی عێراق شەڕی داعش دەکەین و هیچ هێزێکی دەرەکی بەشداری لە شەڕی دژی داعشدا ناکات و نامانەوێت، کە بەشداری بکەن، من زۆرم لەبارەی ڕووسیا خوێندووەتەوە و زۆر سوپاستان دەکەم، کە شارە جوانەکەتانم بینی و زۆر سوپاسی ڕووسیا و وەزیری دەرەوە دەکەم .

مانشێت


ئۆبزێرڤەر:

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕێککەوتنێکی بەرگریی لەگەڵ حکومەتی پۆلەندا مۆر کرد و بڕیاریش وایە ئەمەریکا ژمارەی سەربازانی لەو وڵاتە زیاد بکات.



سکای نیوز:

حکومەتی کەنەدا ڕایگەیاند ژمارەیەك هاکەرز توانیویانە خۆیان بگەیەننە چەندین هەزار ئەکاونتی بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاریە حکومییەکان.



سکای نیوز:

ژمارەی توشبووانی کورۆنا لەسەر ئاستی جیهان لە 21.5 ملیۆن نزیك دەبێتەوە و چارەگێکیان بە تەنیا لە ئەمەریکان.



یۆرۆ نیوز:

لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئەمەریکا ڕۆبرت ترامپی بۆ سەرۆکی ئەمەریکا لە تەمەنی 72 ساڵی بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.



ڕۆیتەرز:

وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا داوای لە حکومەتی ئەفغانستان کرد ئەوانە ئازاد نەکات کە بەهۆی کوشتنی هاوڵاتیانی فەرەنسا دەستگیر کراون.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

سەرۆکوەزیرانی هیند ڕایگەیاند هەرکاتێك زانایان ڕێگە بدەن ، وڵاتەکەی دەست بە بەرهەمهێنانی بڕێکی زۆری ڤاکسینی کورۆنا دەکات.



وشکبوونی بەرهەمی هەنجیر پێش پێگەیشتن

وشکبوونی بەری هەنجیر پێش پێگەیشتن کێشەی بۆ بەرهەمهێنەران دروستکردووە، هۆکارەکان ئەمانەنن:

یەکەم: گرنگترین هۆکاری وشکبوونی بەری هەنجیر و وەرینی بۆ کەش و هەوا دەگەڕێتەوە (بە تایبەتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی)، تەنها چارەسەر بۆ کەمکردنەوەی ئاسەواری کەشوهەوای ئەم وەرزە، ئاودانی زیادە بەوەش کاریگەری گەرمی کەم دەبێتەوە لەسەر دارەکانەدا.

دووەم: یەکێ لە هۆکارەکانی وشکبوونی بەری هەنجیر بۆ کەمی ماددە خۆراکییەکان و پەین دەگەڕێتەوە، توخمی پۆتاس K بە گرنگترین ماددەی خۆراکی بۆ هەنجیر دادەندرێت، ئەو توخمە بەرپرسە لە گواستنەوە لە نێو داری هەنجیردا، ئەو خۆراکەی لە ڕێگای ڕۆشنەپێکهاتن لە گەڵاکاندا دروست دەبێت بۆ بەرەکان دەگوازرێنەوە، هەروەها لە ڕەگەوە بۆ گەڵا و بۆ بەر و بە پێچەوانەوە.

پێویستە پێش هاتنی مانگی حوزەیران ڕشاندنێك بۆ دارەکان بە پەینی NPK پۆتاس بەرز + توخمی زەنگ Zn و ئاسن Fe و مەنگەنیز Mn و مس Cu و مۆلیبدنۆم Mo ئەنجام بدرێت.

بە هیچ شێوەیەك دارەکان لەم قۆناغەدا بە پەینی نایترۆجین N ناڕشێندرێن.

بەیانیان زوو یان کاتی ڕۆژئاوابوون کرداری ڕشاندن ئەنجان دەدرێت بە مەرجێك بە تەواوی دارەکە (لە سەروە تاکو خوارەوە) بڕشێندرێت.

سێیەم: لە هۆکارەکانی دیکەی کەوتنی (وەرینی) بەری هەنجیر توشبوونە بە مێرروو و چاڵچاڵۆکە و هەبوونی گژوگیا وەك رکابەری دارەکان لە باخدا و هەبوونی نیاتۆدا لە خاکدا، یان بڵاوبوونەوەی قەدسمە و کرمی بەر.



چەند زانیارییەک لەبارەی میوەی نارنجیلا

میوەی نارنجیلا Solanum Quitoense لە ناوچە کەمەرییەکان سەریهەڵداوە، پیرۆ و ئیکوادۆر و کۆلۆمبیا و کۆستەریکا بە شوێنی بەرهەمهێنانی ئەم میوەیە دادەندرێن. نارنجیلا لەسەر شێوەی دەوەنێکی گیایی دایە و بەرزییەکەی دەگاتە نزیکەی 2 مەتر و گەڵاکانی دڕکاوییە و گوڵەکانی ڕەنگیان یان سپی یان سوورە.

بەرەکەی شێوەی گزیەکی لوسە ڕەنگی پرتەقاڵییە، تامەکەی لە نێوان ئەناناس و لیمۆی ترش دایە. بە کاڵی دەخورێت یان تێکەڵ بە ئایسکرێم و شیرنەمەنی دەکرێت.

ڕووەکی نارنجیلا بە چاندنی ڕاستەوخۆی تۆو یان چەقاندنی قەڵەم (قاشوو) یان موتربەکرد یان کۆشەکردن زیاد دەکرێت. دوای تەنها یەك ساڵ ڕووەکەکە بەرهەمی دەبێت.



جۆرەکانی خاکی کشتوکاڵی



یەکەم. خاکی لماوی

ڕەنگی ئەم خاکە قاوەییەکی کاڵە و قەبارەی دنکۆڵەکانی گەورە و فشۆڵن، بۆیە توانای ڕاگرتنی ئاوی نیە و زۆر هەژارە لە ڕووی هەبوونی توخمە خۆراکییە پێویستەکانی ڕووەك. بە ئاسانی دووچاری داشوران و داماڵین بە هۆی بای بەهێز دبێتەوە.

دووەم. خاکی قوڕی

ڕەنگی خاکەکەی قاوەییەکی تۆخە و قەبارەی دەنکۆڵەکانی بچووکن بۆیە توانای لەخۆگرتنی ئاو و توخمە خۆراکییەکانی بەرزە، بەو هۆیەوە بە بەپیترین جۆری خاك دادەندرێت.

سێیەم. خاکی تێکەڵ

ڕەنگی ئەو خاکە زەردە و قەبارەی دەنکۆڵەکانی مامناوەندیە و هەردوو خەسڵەتی خاکی لماوی و قوڕی لەخۆ گرتووە. بڕە ئاوێك لەخۆ دەگرێت بە شێوەیەکی مامناوەندی ئاوی لێ دەچورێت. بە خاکێکی بەپیت هەژمار دەکرێت، بەڵام بەپیتییەکەی کەمترە لە خاکی قوڕی.

لە کاتی سەرهەڵدانی نەخۆشی لە گێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەردا

یەکەم – هۆڵەکانی پەروەردە دادەخرێن و ڕێگا نادرێت بە سەردان و چوونە ژوورەوەی میوان.

دووەم – فەرشی ژێرەوە و پاشماوەی باڵندە توشبووەکان بە ماددەیەکی پاکژکەرەوەی (موعەقیم) بەهێز دەڕشێندرێن وەك پاکژکەرەوەی (فینۆل)، پاشان لەنێو چاڵێکدا کە قوڵاییەکەی لە 3 مەتر کەمتر نەبێت دەسوتێنرێن و ژێر خاك دەکرێن بۆ ڕێگاگرتن لە بڵاوبوونەوەی نە خۆ شییە کە .

سێیەم – سەرجەم کەلوپەلی نێو هۆڵ تەعقیم دەکرێن پاشان دەبردرێنە دەرەوەی هۆڵەکە و دووبارە تەعقیم دەکرێنەوە.

چوارەم – هۆڵەکە بە ئاو و پاککەرەوە و ماددەی موعەقم (پاکژکەرەوە) دەشۆردرێت.

پێنجەم – باشترە لەو مانگانەی پلەی گەرمی بەرزە وەك مانگی تەموز و ئاب پەروەردەکردنی پەلەوەر لەم هۆڵانە بوەستێنرێت بۆ ڕێگاگرتن لە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە.



سوودەکانی خواردنی ڕۆژانەی فستق



ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نوێ دەریدەخات، ئەو کەسانەی کێشیان زیادە پێویستە فستق (بستە) بخەنە سیستەمی خۆراکییان، چونکە کرداری دابەزاندنی کێش ئاسان دەکات، لە هەمانکاتدا ڕێگری لە بەرزبوونەوەی فشاری خوێن دەگرێت.

ماڵپەڕی «The Health Site» ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی بڵاوکراوە لە گۆڤاری «Nutrients» دەکات کە تێدا هاتووە: توێژەران لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە کەسانی قەڵەو بەشداریان تێدا کردبوو، داوایان لە بەشداربوانکرد ڕۆژانە 42 گرام فستق بخۆن بۆ ماوەی 4 مانگ.

توێژەران ئەوە ئاشکرا دەکەن کە لە کۆتایی ماوەکەدا کێشی سەرجەم بەشداربووان دابەزی و ناوقەدیان باریك بووەوە و زۆربەیان ئارەزووی خواردنی شیرینیان لە لادا کەم بووەوە، بە شێوەیەکی بەرچاویش ئاستی فشاری خوێنیان دابەزی.

توێژەرێك دەڵێ: فستق دەوڵەمەندە بە پڕۆتین و ریشاڵی خۆراکی سوود بەخش و ماددە خۆراکییە دەگمەنەکان و بە باشترین سەرچاوەی ڤیتامین K و پۆتاس و فایتۆستیرۆڵ (ستیرۆڵی ڕووەکی) و گا ما تۆکۆفیرۆڵ و ڤیتامین E و بیتاکارۆلین دادەندرێت.

توێژران جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەموو جۆرە چەرزێك بە باشترین سەرچاوەی ریشاڵی خۆراکی دادەندرێن کە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە کرداری هەرسی خۆراکدا، هەروەها فستق هەردوو ئاوێتەی لۆتین و زیکسانتین لە پێکهاتەکەیدا هەیە کە بە گرنگترین دژە ئۆکسین دادەندرێن و خانەکانی جەستە لە فەوتان دەپارێزن.



بیۆگرافیای ناوبژیوانانی سنووری پارێزگای هەولێر ئامادە دەکرێت



رۆژنامەنووس ئومێد ئیبراهیم حەمزە لە نوێترین پرۆژەیدا، بیۆگرافیای ناوبژیوانانی پارێزگای هەولێر ئامادە دەکات، وەك هەنگاوی یەکەم داوا دەکا سەرجەم ناوبژیوانانی سنووری پارێزگای هەولێر دەکەین ژیاننامە و سیڤی تایبەتی خۆیان بنێرن بەمەبەستی کۆکردنەوەو چاپکردنی لە کتێبێکدا، بیۆگرافیای ناوبژیوانانی سنووری پارێزگای هەولێر پرۆژەیەکی مێژوویی بۆ کۆکردنەوەی ئەرشیڤی سەرجەم ناوبژیوانانی پارێزگای هەولێر، مەبەست لە پارێزگای هەولێر ـیش ناوبژیوانانی سنووری «هەولێر، سۆران، کۆیە« دەگرێتەوە.

لە راگەیەنراوێکدا، کە وێنەی بۆ سەرجەم دەزگا راگەیاندنەکان ناردووە، ئومێد ئیبراهیم رایگەیاندووە: وەك هەولێك بۆ کۆکردنەوەی مێژووی وەرزشی شاری هەولێر، دەستمان کردووە بە ئامادەکاری بۆ چاپکردنی کتێبی بیۆگرافیای ناوبژیوانانی پارێزگای هەولێر و داواکارم سەرجەم ناوبژیوانانی سنووری پارێزگاکە سیڤی خۆیان بنێرن، پرۆژەکە لە 2020/8/15 دەست پێدەکاو وەرگرتن تا 2020/11/1 ـەو پێویستە تا ئەو کاتە سەرجەم ناوبژیوانان سیڤییەکانیان بنێرن.

ئومێد ئیبراهیم گوتیشی: پرۆژەکەم ناوبژیوانانی سەرجەم یارییە جیاوازەکان دەگرێتەوە، لە مێژووی کۆنی هەولێر لە سەدەی رابردووەوە، چ ئەوانەی لەژیان ماون، یان ئەوانەی کۆچی دواییان کردووە، لەگەڵ ئەو ناوبژیوانانەی کە خەڵکی هەولێریش نین، بەڵام دانیشتووی شاری هەولێرن، دەتوانن بەگوێرەی ئەم خشتەیەی خوارەوە زانیارییەکانم بۆ بنێرن.

بۆ زانیاری زیاتر و ناردنی سیڤییەکان دەتوانن لەرێگای ئەم ئیمێڵ و ژمارە تەلەفۆنانەوە بینێرن.

Vib: 07503340424

umedibrahim@yahoo.com

یانەی ئایندەوە هۆڵەندی داوای کرد بوو

لاوێکی کەرکووک گرێبەستێک لەگەڵ گەورەترین کۆمپانیای وەرزشی ئیسپانی واژوو دەکات

یار سەعید ناسراو بەمێسی-یەکەی کەرکووك، دوای چوارساڵ مانەوە لە ئیتاڵیا و یاریکردنی لە ئەکادیمیای مۆلۆسانە لەئێستادا، مێسی-یەکەی کەرکووك گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای کاف سپۆرت کۆنسۆڵ کە گەورەترین کۆمپانیای وەرزش لە ئیسپانیا واژوو کردووە.

سەعید کاکەیی باوکی یار گوتی: یاری کوڕم بەرلە هاتنیان بۆ ئیتاڵیا گرێبەستی یانەی ئایندەوە هۆڵەندی پێ گەیشت، بەڵام بەهۆی وەرنەگرتنی ڤیزاوە نەمانتوانی گرێبەستەکە واژوو بکەین. یار سەعیدی 17ساڵان گەنجێکی کەرکووکی-یە و دوای بڵاوبوونەوەی گرتەکانی نیو یاریگا و شێوازی یاریکردنی و جوانی جوڵە و گۆڵەکانی هەمووانی تووشی شۆك کرد هەر بۆیە نازناوی مێسی-یەکەی کەرکووك-یان پێ بەخشی. هەرچەندە یار سەعید بەپێی چەپ شووت دەکات، بەڵام لە باڵی راست و چەپی یاریگادا یاری دەکات، هەروەها لەتوانایدا هەیە بەهەردوو قاچی یاری بکات. یار سەعید باڵای 174سانتیمەترە و کێشیشی 61 کیلۆگرامە، ساڵی 2014 لیژنەیەکی وەرزشی ئیتاڵیا هات بۆ تاقیکردنەوەی یار و لەو کاتەدا بڕیاریان دا فیلمێك لەسەر ژیانی مێسی-یەکەی کەرکووك دروست بکەن کە وێنەگرتنی فیلمەکە بەشێکی لە کەرکووك و بەشەکەی تریشی لە ئیتاڵیا وێنەگیرا و فیلمی خەونی یار لە کەرکووك و ئیتاڵیا نمایشکرا کە باس لە ژیان و بەهرەکانی یار سەعید دەکات



پۆچیتینیۆ نزیکترین راهێنەرە بۆ جێگرتنەوەی سێتین

سایتی وەرزشی ئاشکرای کردووە کە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ناوی ماوریسیۆ پۆچیتینیۆی ئەرژەنتینی و راهێنەری پێشووی یانەی تۆتینهامی خستۆتە سەرووی ئەو لیستەوە کە بەنیازن بۆ شوێنگرتنەوەی کیکی سێتین بیکەنە راهێنەری کەتالۆنیا، کە ئەو نەیتوانی هیچ دەسکەوتێك بۆ یانەکە بەدەست بهێنێت، بەتایبەتیش دوای ئاپرووچوونەکەیان بەرامبەر یانەی بایرن میونشن.

بەگوێرەی زانیاری ئەو سایتەش، بارتۆمیۆی سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە ئەو بڕیاری داوە کە ئەو راهێنەرە بباتە کامپ نو، بۆ ئەمەش پێنج شەممەی رابردوو بەیەکەوە خوانێکیان ڕێکخستووە و ئەو پرسەیان گفتوگۆکردووە و پیدەچی هەر ئەو شەوە یەگلاییان کردبێت.

سەیرترین پاڵەوانێتی لەمێژووی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا

خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بۆ تۆپی پێ، پێ دەنێتە نیوەی کۆتایی پێشبڕکێیەکە، ئەوەی جێی سەرنجە لە چوارگۆشەی زێڕینداا، 3 راهێنەری هەڵگری یەك ڕەگەزنامە دەبینرێت.

ئەو راهێنەرە ئەڵمانیانەی گەیشتوونەتە ئەو قۆناغە بریتین لە هانز فلیك لە یانەی بایرن میونشن، جۆلیان ناجلسمان لە یانەی لایپزیك، تۆماس تۆخێل لە یانەی پاریس سان جێرمان، ئەمانە ئامادەن بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی مێژوویی بۆ یانەکانیان.

بەبردنەوەی یانەی لیۆنیش بەسەر یانەی مانچستەر سیتی، چوارگۆشەی زێڕینی خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەورووپا بریتی دەبێت لە یانەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا، واتە هیچ یانەیەکی ئیسپانی و ئینگلیزی و ئیتاڵی لەم قۆناغەدا نابینرێت.

مۆڵەر: کاتێک تۆپ دەکەوێتە دەست ئێمە چاوەڕێی مەترسیمان لێدەکرێت

تۆماس مۆڵەری ئەستێرەی یانەی بارن میونشینی ئەڵمانی دانی بەوەدانا کە زەحمەتە بتوانرێت وەسفی یارییەکەمان بکرێت بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا.

مۆڵەر سەبارەت بەو یارییە کە 8-2 گۆڵ لەیانەی بەرشلۆنەیان بردەوە گوتی: زۆر زەحمەتە باس لەویارییە بکەین وەکوخۆی، پێم وایە جێی بڕوانییە ئەو ساتانە، بەڵام ئەوە بایرن میونشنە زۆر بە بەهێزی یاری دەکەین و زەحمەتە لێیان ببەنەوە، هەروەها گوتی: تام و چێژێکی زۆرمان لەو یارییە وەرگرت، بێگومان بەرشلۆنە تیپێك بەهێزە، بەڵام کاتێك تۆپ دەکەوێتە دەست ئێمە چاوەڕوانی داهێنان و مەترسی و ئامانج دەکرێت لە هێلی هێرشبردنمان.

خەبات

ماسك بەستن

XEBAT

Mon. 17 Aug. 2020 No.:(5988)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



لە یادی (74)ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتیماندا

هەرگیز سازش لەسەر مافەڕەواکانی گەلی کوردستان ناکەین، ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان بە ستوونی سیاسەت و ستراتیژی خۆمان دەزانین

تا لەژیان بوو خۆزگەکەی نەهاتەدی سابیر کوردستانی:

داوا لەکچان و کوڕانی وڵاتەکەم دەکەم ئەگەر لەژیان نەمام و نەمینی، بێنە سەر گۆڕم موژدەی بە دەوڵەتبوونی کوردستانم پێ ڕابگەیەنن





.. وەسیەتی ئەوە دەکات دوای ئەوەی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بوو بەیەک دەوڵەتێکی کوردیان بۆ ڕاگەیەنرا، ئەگەر منیش ئەوکات نەمام لەژیان و نەبینی ، ئەوە داوا لەکچان و کوڕانی وڵاتەکەم دەکەم بەکەیف و دڵخۆشی و گۆرانی گوتن ،بێنە سەر گۆڕەکەم و موژدەی بەدەوڵەت بوونی کوردستانم پێڕابگەیەنن، بەڵام بەو مەرجەی مەی خواردنەوەی تێدانەبێت.. هونەرمەند سابیر کوردستانی،ناوی تەواوی سابیر مەحەمەد ئەحمەدە، لەساڵی 1955 لەشاری کەرکوک چاوی بەژیان هەڵهێناوە ،خاوەنی سێ کچ و کوڕێکە، لەساڵی 1970 بۆ یەکەمجار لەقوتابخانەی ئیمام قاسم لەشاری کەرکوک لەیادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان گۆرانی گوتووە و لەو کاتەوە بەهۆی دەنگخۆشییەکەیەوە توانیویەتی خۆی وەک گۆرانیبێژ بناسێنێت. بۆ ساڵی دواتر واتە لەساڵی 1971 یەکەم گۆرانی بۆ تەلەڤزیۆنی کەرکوک تۆمارکرد. ساڵی دواتریش لەساڵی 1972 گۆرانییەکی بۆ ئێزگەی کوردی لەبەغدا تۆمارکرد. دوای ئەوە چەندین گۆرانی و کاسیەتی بڵاوکردەوە کە جێگەی ڕەزامەندی هەوادارانی بوون. وەک خۆی دەڵێت زۆربەی بەرهەمەکانیش گوزارشتیان لەژیان و گوزەرانی خۆی دەکەن و بەشێکن لەموعاناتی ژیانی ئاسایی خۆی.

گۆرانی(نەجیبە و خۆزگە لەم دونیایەدا یەک چاوێکم هەبوایە، لە دوورەوە ناوت بیستووم، بەڵێن بێت ئیتر ناوت نەهێنم ، من غەریبم ، .... هتد) لەدیاترین گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندەبوون لەگەڵ چەندین گۆرانی دیکە.

هەروەها جگە لەو بەرهەمانەی خۆی بەتەنیا گوتوونیەتی، بەرهەم و دانیشتنی لەگەڵ چەندین هونەرمەندی دیاری تری کوردستان بڵاوکردۆتەوە لەوانەش هونەرمەندان (سەلاح داوە ، فایەق داوە ، کەریم بنگردی ، جەلال سەعید ، کەریم خەمزەیی ، شوکر خەیات) . زۆربەی ئەو ئاهەنگ و دانیشتنانەی تۆماریشکراوان لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوون.

دواین بەرهەمیش کە لەمانگی نیسانی ڕابردوو بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ لەکەنالەکانی ڕاگەیاندن و تیڤییەکان بڵاویکردەوە گۆرانی (لە دوورەوە ناوت بیستووم) بوو بەشێوەیەکی تازە نوێکردەوە و بە هاوکاری کۆمپانیای بابلیۆن لەمانگی نیسانی ئەمساڵدا بڵاوکرایەوە. بەداخەوە دوای ئەم هەموو سەختی و زەحمەتییەی لەژیان بینی ، دوای چەند ڕۆژێک مانەوەی لە نەخۆشخانە بەهۆی تووشبوون بەڤایرۆسی کۆرۆنا لە (10) ئەم مانگە چووە بەر دلۆقانی خودا و بۆ یەکجارەکی مالئاوایی لەژیان و هونەر و تەواوی هەوادارانی کرد .





سلێمانی .. لەژێر ناوی (باشیر بکەینە سەنگەری بەرگری) کەرنەڤاڵی شیعر خوێندنەوە بەڕێوە چوو

بەرهەم شێخ عزەدین

لەپارکی ئازادی سلیمانی لەسەر گلکۆی (شێرکۆ بێکەس).باشیر بکەینە سەنگەری بەرگری) سازکرا. کەرنەڤاڵی شیعری نیشتیمانی ، لەلایەن ڕێکخراوی نوێگەر بۆ گەشەپێدانی هونەرەکان،دەربڕای ئەم فیستیڤاڵی شیعرە خاتوو سروە عوسمانی شاعیر کەئەیە کێك بوولەبەشداربوونی فیستیڤاڵەکە بەخەباتی گوت: ئەم جۆرە کۆڕ و کۆبونەوانە زۆر بەسوودە لەدوای زیاتر لە هەشت مانگ ،بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا وخۆپارێزی ، هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکان هەڵپەسێران ، (باشیر بکەینە سەنگەری بەرگری) ئەم ناونیشانی کەرنەڤاڵە پێمان دەڵێت نیشتیمان خۆشەویستی یەکەمەو سەرەڕای قەیران و هێرشی دڕندەیی دوژمنان بۆ سەر خاکی کوردستان ،ئێمە هەر نیشتیمانمان خۆش دەوێ ،لێرەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەم کەرنەڤاڵە سێ ئامانجی گرنگی هەبوو:

١-لە دوای هەشت مانگ لە کەرەنتینە وەك یەکەم کۆڕی شیعر ئەژماردەکرێ و دەسپێکە بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی کۆڕی شیعرو سەرجەم چالاکیەڕۆشنبیرییەکان ، لەشاری ڕۆشنبیریی.

٢-پارکی ئازادی لەسەر گلکۆی شێرکۆ بێکەس شوێنێکی زۆر باش و دڵگیرە ،لەلایەنی تەندروستی و لەلایەنی شوێنەوە زۆر گونجاوە پارێزراو بێدەنگە بۆ کۆڕو سیمیناری ئەدەبی، ڕێکخراوەکان و گروپە ڕۆشنبیرییەکان دەتوانن لەو شوێنەدا چالاکیەکانیان بەئەنجام بگەیەنن.

٣-پەیامی کەرنەڤاڵ بۆ بەرپرسان ئەوەبوو ،لەزاری شاعیرانەوە ،گوتیان هەمیشە لەخەمی نیشتمانداین دوژمن بە بونی سەدان بیانوو خەریکە دووبارە کارە هونەریەکانی بەجێ بگەیەنێت و لەئاست ویست و تموحی خۆیدابێت وەک هونەرمەندێک. چەندجارێک دیدار و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیم لەگەڵ ئەنجامداوە ، زۆربەی جاران باسی لەوە کردووە بەرهەمی تازەی هەن، بەڵام بەهۆی پشتگیری نەکردن و هاوکاریکردنی لایەنێکی پەیوەندار ناتوانێت بەرهەمەکانی پێشکەش بە هەوادارانی بکات.

سابیر کوردستانی ،لەتەمەنی هونەری خۆیدا کۆمەڵێک بەرهەمی پڕشەنگداری پێشکەشکرد و هەمیشە کارەکانی بۆن و بەرامەی ڕەسەنایەتی و نەتەوەییان لێدەهات..

ئەو چەند لەخەمی هونەرەکەیدابوو بەشێوەیەکی جوان کوردانە و پڕ لەرەسەنایەتی کارەکانی ئەنجامبدات، هێندەش لەخەمی گەیشتن بە سەربەخۆی کوردستاندابوو. لەدیمانەیەکدا سابیر کوردستانی ئاماژە بەوەدەکات خۆزگە ئەوەندەی لەژیان ماوە خودا چاوەکانی پێببینێت خۆزگەی بۆ دەخوازێت پیلان بۆ قڕکردنی کوردو داگیر کردنی کوردستان دادەنێ .

لەم فیستیڤاڵەدا هەریەکە لەشاعیران:(سروە عوسمان،بەندی عەلی،ڕۆژ هەڵبجەیی،سەردار قادر،هەڵاڵە شەوکەت لهۆنی،هاوشان عەزیز،ڕەوەند سالح،مەریوان قەداغی) بەشداربوون،هەردوو موزیك ژەن (هەردی سەلاح و ئالان سیروان) بەدەنگی ئامێری (تەمور و زەرب) فیستیڤاڵی شیعرخوێندنەوەکەیان قەشەنگتر کرد.



خاتونە هونەرمەندی کورد ڕۆژنین کزەل بناسە



ڕێبوار هەورامی – خەبات

خاتوو ڕۆژبین ساڵی 1999 لە دایك و باوکێکی ماردینی لە وڵاتی ئەڵمانیا لەدایك بووە ، لە تەمەنی (8) ساڵیدا دەستی بە فێربوونی ئامێری موزیك و گۆرانی کوردی کردووە و لە تەمەنی (9) ساڵیدا لە ئاهەنگێکی تایبەتدا بە ئامادەبوونی زیاتر لە (3) هەزار کەس بۆ یەکەم بەرهەمی گۆرانی پێشکشە کردووە ، ساڵی 2009 دور بەرهەمی تری تۆمار کردن بە ناوەکانی (Ax Kobanê و Qamışlo) ، ئەم خاتونە ژمارێکی بەتوانای هەردوو ئامێری گیتارو سازە زمانەکانی (تورکی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی) زۆر بەچاکی دەزانێت و بەرهەمە هونەریەکانی لەسەرجەم کوردستان و تورکیا دا دەنگدانەوەی باشیان هەیەو خاوەنی جەماوەرێکی فراوانە .